# راگەیاندنی ئازاد و بەرپرس

نەورەس رەشید

کوردستان – هەولێر
مایسی ٢٠١٠

**ناوی کتێب : راگەیاندنی ئازاد و بەرپرس**

**ناوی نووسەر : نەورەس رەشید**

**تیراژ : ١٢٥٠ دانە**

**چاپی یەکەم : ٢٠١٠**

# پێشەکی

لــەم ســەردەمەدا راگەیانــدن و رۆژنامەگــەری لەپەرەســەندنێکی بەردەوامدایــە، بــەهۆی تەکنــەلۆژیاو شۆڕشــی زانیارییــەوە، کــەرۆژ لــەدوای رۆژ داهێنــاون و بەرهــەمی نــوێ لــەرووی پیــشەیی و ئەکادیمیەوە بەرهــەم دێــنێ وبۆتــە بەشــێك لەناوپرۆســەی ئابووریــدا. کــەئاکامی پرۆســەیەکی مێــژوویی شارســتانیە لــەجیهانی ئــازاد دا، تاگەشتۆتە ئەم ئاستەی ئەمڕۆ.

راگەیاندن و رۆژنامەگــەری لەکوردســتاندا، لەکەشــێکی نائاســایی و نائارامدا نەشونمایکردووە زادەی ئەو واقیعە سیاســی و کۆمەڵایەتیەیــە کە دەسەڵاتی بێگانەو ستەمکاری و سانسۆر باڵی بەسەر داکێــشابوو، لەتاراوگە یان لەژێر زەمین و پاڵ ســەنگەرەکانی پێــشمەرگەدا لــەناو خەباتی سیاسی و چــەکداریدا خــەملیوە، مەگــەر لــەکاتی گفتوگــۆو رێکەوتنەکاندا هەناسەیەکی دابێــت، بۆیــە لــەزۆر کــات و شــوێندا ، رۆژنامەگــەری کــاری حیــزب و لایەنــە سیاســیەکان بــووە، بــەمانا لەهەرســەردەمێکدا بەشــێك بــووە لــەژیانی سیاســی و حیزبایــەتی، ئەوانەشــی لەهەنــدێ قۆناغــدا لەلایــەن کەســانی رۆشــنبیر وسیاســی دڵســۆزەوە ســەربەخۆ دەرکــران، لەخزمــەتی پرســی نیــشتمانی و نەتەوەییدا بوون، بەشێك بوون لەئامرازی رۆشنبیری گشتی و سیاســی

و هوشیاری نەتەوەیی، دوای راپەڕین و بەرجەستەبوونی دەسەلاتی سیاسی و یاسایی و کارگێری کورد لەبەشێکی ئازادکراوی کوردستاندا، کەش و ژینگەیەکی دیموکراسیانەی دروستکرد کەلەسایەیدا راگەیاندن و رۆژنامەگەری وەرچەرخانێکی گەورەی لەرووی چەندایەتی و چەشنیەوە بەخۆیەوە بینی، کەوتە ناو واقیعێکی نوێ لەئازادی رادەبڕین، کرانەوە نوێبوونەوە، سوود وەرگرتن لەو تەکنەلۆژیایەی بۆی فەراهەم دەبوو بەپێی کاریگەری شۆڕشی زانیاری و بەرەو پێشەوە چوونی بارودۆخی کوردستان، ڕاگەیاندن و رۆژنامەگەری فراوانتر دەبو لەناو ئەو تەوژمەدا لەگینگڵ و تەکان خواردندایە دەیەوێت ڕێگەی خۆی لەئاستێکی باشدا بدۆزێتەوەو رۆڵی هەبێت.

ئەم بابەتە هەوڵێکە بەئاراستەیەکی بابەتیانە دەربارەی بنەماکانی رۆژنامەگەری کە پێویستە پەیرەو بکرێن بۆ بەجێگەیاندنی ئەو ئەرکەی لەسەریەتی لەگەڵ ئەوەدا، بۆ ئەو مەبەستە پەنامان بردۆتە بەر خوێندنەوەی راوبۆچوون و ئەزموونی وڵاتێکی پێشکەوتووی وەك وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا، کە خاوەنی ئەزموونێکی دەوڵەمەندە، لەرووی پەرەسەندنی پەیوەندی نێوان راگەیاندن و رۆژنامەگەری لەگەڵ دەستورو یاسا و پرنسیپەکانی ئازادی رادەبڕین، دیموکراسیەت، ئەخلاق، کاری پیشەیی و ئەکادیمی، کەروبەرێکی فراوانی لەسەرئاستی جیهان گرتۆتەوە، بۆ ئەوەی خۆمان لەو بۆچون و لێکدانەوە هەڵانەی هەن و دەیکەین بەدوربگرین و لێی دەربازبین،

که بۆته هۆی پەرتـەوازەیی و جیـاوازی لـەچـۆنیەتی کـارو ئاراسـتەو ڕۆڵی ڕۆژنامەگەری کوردیدا، بـۆ ئـەوەی ڕێگـەی واقیعـی و بابـەتی خۆی بگرێت.

گەر ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری کـوردی سـوود لـەو تاقیکردنـەوەو ئاراسـتەو پرەنـسیپانە وەرنـەگرێت وبـەکاری نـەهێنێ دووچـاری پەرتەوازەیی زیـاتر دەبـێ، بـاوەڕو متمانـەی پـێ ناکـەن، مەبەسـتمان لاسایکردنەوەو کۆپی کردن نییە بـەڵکو تێکـەڵاوبوون و تێگەشـتن و سـوود وەرگرتنـە، چـونکە کـورد و ڕۆژنامەگـەری پێویـستی بەبیرکردنەوەیـەکی نـوێ هەیـە، بـۆ بەرهـەمهێنانی لێـك گەشـتن و پاراسـتنی پەرژەوەنـدی گـشتی، کـە دەزگاکـانی ڕاگەیانـدن و ڕۆژنامەگەری یەکێکە لەو ئامرازە سەرەکیانەی لەو پرۆسەیەدا ڕۆڵی سەرەکی دەبینێ. ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری کوردی بەرەچـاوکردنی پابەنـد بـوونی بەبنـەماکانی ڕاسـتگۆیی، بەرپرسـێتی، هاوسـەنگی، ئەخلاق، بەرژەوەنـدی گـشتی، دورکەوتنـەوە لـەناو و نـاتۆرەو نـاو زراندن، وکارکردن بۆ بەرەو پێش بردنی پیشەکە لەرێگەی ڕاهێنان و فێرکردنی ئەوانەی لەوبوارەدا کاردەکـەن، پێگەیانـدنی نـەوەی نـوێ لـەڕووی پیـشەیی و ئەکادیمیـەوە. کـاتێ دەزگاکـانی ڕاگەیانـدن و ڕۆژنامەگـەری بەدەسـەڵاتی چـوارەم ناودەبرێـت کـە بتـوانێ ڕۆڵـی کاریگەری خـۆی بـەپێی ئەوبنەمایانـە بگێـری و ئـامرازی بەشـداری هاوڵاتیـان بێـت لـەپرۆسـەی سیاسـی و ئـابوری و بابەتیانـە لـەکاروبەرنامەکانی حکومەت بپرسـێتەوە، لێـرەدا مەبەسـتەکە تـەنها

دەسەڵاتی سیاسی نییە، بەڵکو دەسەڵاتی خێزان، قوتابخانە، مزگەوت،نەریتە کۆمەڵایەتییەکانە، کەهەریەك لەوانە دەسەڵاتی پەروەردەو فێرکردنیان هەیەو هەریەکەیان، جۆری بیرکردنەوەو رەفتارو هەڵوێستی هاووڵاتی دیاری دەکەن. لەبەر ئەوە رۆڵی دەسەڵاتی رۆژنامەگەری دەبێ هاوسەنگ و دادپەروەرانەبێت، رێنمایی هاولاتی و کۆمەڵگە بەرەو لێك گەشتن و بەشداری وریزگرتن وخزمەتکردنی پەرژەوەندی گشتی بکات، بەتایبەتی نەوەی نوێی و لاوان. ئەو دەزگایانە بەرپرسن و دەبێ هەولی گۆرینی نەریتە زیان بەخش و بێ سوودەکان بدەن، لەرووی کۆمەڵایەتی و ئەوسیستەمەی کە هۆکاری زۆر لەو دیاردە دزێوانەیەکەکۆمەڵگە بەدەستیەوە دەناڵێنێ.

لەهەمان کاتدا دەتوانن یاریدەدەرێکی چالاك و هەمیشەیی هاولاتی و کۆمەڵگە بن، بۆ کەمکردنەوەی دەسەڵاتی ئەو کولتوورەی کە ئینتیمای نیشتمانی و بەرپرسێتی کەسەکان لاوازو بێ سوود دەکات. ئەوە ئەرکی مێژوویی و شارستانی و نوێکردنەوەیە، پێویستی بەتەکنیك و تەکنەلۆژیاو دارایی زۆر نییە، بەڵکو پێویستی بە بیرکردنەوەو بەخۆداچوونەوەو بەواقیعی بینینی ئەوەی هەیە، سوود وەرگرتن لەو ئەزموونەی لەبەردەستدایە.

# رۆژنامەوانی چیە ؟

خزمەتکردنی راستی و گەران بەدوای راستیدا، لە پێناو ئایندەیەکی باش بۆ کۆمەڵگە، ئەو راستیەش لە رێگەی پاکی و ووردبینی و بێلایەنیەوە بەدی دێت. بێلایەنی بە مانا دەبێ رۆژنامەنووس هەمیشە لە دەرەوەی ئەو بابەتەدا بێت کە مەبەستیەتی بەدوایا دەچێت زانیاری لەسەر کۆدەکاتەوە و بلاوی دەکاتەوە. لە زۆربەی ولاتاندا یاسا و رێساکانی رۆژنامەوانی جەخت لەسەر بێلایەنی و سەربەخۆیی دەکەنەوە، کە پەیوەندی نەبێت بەو بابەتەی بەدوایدا دەچی و بلاوی دەکاتەوە.

وردبینی بەمانا هەڵسەنگاندنێکی هاوسەنگ بۆ لایەنی ئەخلاقی و پیشەیی و یاسایش دەگرێتەوە.

رۆژنامەوانی پیشەیەکە کە بەها و رەفتاری تایبەت بەخۆی هەیە دەبێ خەسڵەتەکانی راستگۆیی، وردبینی، بێلایەنی تیابی بەپاکی.

جیاوازی لە ئاستەکان و چۆنیەتی جێبەجێکردنیان هەیە لەو کارەدا بەپێی ئاستی رۆشنبیری، کولتور، بەلام دەبێ ئەو بیرۆکەیە رێزی لێ بگیرێ و بپارێزرێت بۆ گەشتن بەکارێکی نموونەیی. ئەوەش پێی دەوترێت ئەخلاقی رۆژنامەگەری کە تەوەری سەرەکی پیشەکەیە و ئاستی کاری رۆژنامەوانی لەهەر ولات و ناوچە و شوێنێك وەك پێوەر دەردەخات.

# هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی ڕاگەیاندنی ئازاد و بەرپرس

مافی بەدەستهێنانی زانیاری و زانستی لەلایەن هاووڵاتیانەوە لە بەڵگە سەرەتایی و دیارەکانی دیموکراسیەتە. پێویستە هاووڵاتیان ئاگادار بن و زانیاریان لەو لایەنانەدا هەبی، کە لەژیانی ڕۆژانەیاندا ڕۆڵ دەبینی. کەناڵەکانی راگەیاندنی ئازاد وەك سەرچاوەی سەرەکی بەرپرسن لەگەیاندنی ئەو زانیاریانەی کە هاووڵاتیان پێویستیانە لەکاتی دەست نیشانکردنی ئەو سەرکردانەی کە ووڵات بەڕێوە دەبەن، هەروەها بریاردان لەو بابەتانەی سود مەندو بەجێن بۆ چارەسەرکردنی کێشەو پرسەکانی کۆمەڵگەکەیان. ئەو زانیاریانەی کەناڵەکانی راگەیاندن بەدەستی دەهێنن گرنگن و بایەخی خۆیان هەیە لەکاتی وەرگرتنی ئەو بڕیارانەی دەدرێن وپەیوەندیان بەبوارەکانی سیاسی ، ئابوریەوە هەیە، چونکە هاولاتیان پشت بەو زانین و ئاگادار بوونە دەبەستن. پەیوەندێکی بەهێز لەنێوان دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ئابوری ئازاد دا هەیە، بەپێی ئەو لێکۆڵینەوانەی بانکی نێو دەوڵەتی کردونی دەرکەوتووە کە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ئازاد لە ووڵاتانی گەشە سەندو دا بۆ سەرکەوتنی ئابووری پێشکەوتوو پێویستن. دەبی هەوڵی بێو چان بدرێت بۆ گەشتن بەو ئامانجانە وڕاهاتن و گونجاندن لەگەڵ بارودۆخی نوێدا. ڕەچاو کردنی ئامانجە سەرەکیەکان. بۆ ئەوەی هاووڵاتیان لە ڕێگەی ئاگاداربوون و زانیارییەوە بتوانن بەشداری لە بریارداندا بکەن و شێوەو جۆری ژیانیان دیاری بکەن.

ئەو زانیاریانەی کە سەرچاوەکانیان راست و دروست و جێی بڕاو

و متمانەن، دەبنە هێزێك کە حکومەت ناچار دەکەن بـۆ لێپرسـینەوە و لێ پێچینەوە، لەهەمان کاتدا دەبێتە هۆی سەقامگیری سیاسی و گەشەی ئابووری بەدی دێنێ. بەبێ ئەو چەشنە زانیاریانـە دیموکراسـیەت گەشـە ناکات، لـە کوردستاندا دەسەڵاتی سیاسـی، حکومـەت، هـیچ کـۆت و بەنـد و سانـسۆرێکی لەسـەر کـاری ڕۆژنامەگـەری و کەناڵـەکانی ڕاگەیاندن نیە و دانەناوە.

پێویستە ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری ئازاد و بەرپرس بـەپێی بنـەما و پێوەرەکان ئەرکی خۆیان بەجێ بگەیەنن، چونکە پێویستن لـە پرۆسـەی لێپرسینەوەی گەل لە حکومەت. بێ شك هەمیشە ئـەو کەناڵانـە بـەپێی ئەو بنەمایانەی هەن کاری پیشەیی خۆیان ناکەن، کـە ئاکـامی باشـی لێ ناکەوێتەوە، کە دەبێتە لـە دەستدانی ڕاستگۆیی و متمانەیان، بەڵام چەند هەوڵبدەن هەواڵ و زانیاری و ڕاپۆرتی ڕاسـت و هاوسـەنگ پێـشکەش بکەن، ڕێز و پێزانینی هاوڵاتیان زیاتر بەدەسـت دێـنن، کـە لـە خۆیـدا پاڵنەرێکە بۆ پەرەسەندنی دیموکراسیەت و بڵاوبوونەوەی ڕۆشنبیری کـە هاوڵاتیان هەست بە بەرپرسێتی بکەن بەرامبـەر گـەل و نیـشتمان. ئـەو دەزگا و کەناڵانەی لە کوردسـتاندا هـەن، گەرییانـەوێ ڕاگەیانـدنێکی ئازاد و بەرپرس بەدی بێنن و ببنە ئەو دەسـەڵاتەی کـە باسـی دەکـەن، دەبێ بەرپرسانە تیشك بخەنە سەر کێشە و گرفتەکان، هـانی بەرپرسـانی حکومەت و هاوڵاتیان بدەن بـۆ چارەسـەرکردنیان، زانیـاری ڕاسـت و پێویست بگەیەننە هەمووان.

ئەوانەی لـەو دەزگا و کەناڵانەدا کاردەکـەن دەبـێ تـەنها بـەدوای ڕاستییەکاندا بگەڕێن، تـا ئـەو سـنوورەی بۆیـان دەکـرێ و دەڵـوێ و نەکەونە ژێر کاریگەری ڕای گشتی و هەواڵ و پڕوپاگاندەی بێ بنەما.

# بەهێز کردنی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی ئازادو بەرپرس

فیلێکس فرانك فۆرتەر – دادوەری پێشووی دادگای باڵای ئەمریکا– لەبارەی ئازادی رۆژنامەگەرییەوە وتوویە: "ئازادی رۆژنامەگەری ئامانج نیە بەڵکو ڕێگەیەکە بۆ گەشتن بە دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی ئازاد".

ئازادی ڕۆژنامەگەری پەیوەست نیە بە تێکستێکی یاساییەوە، بەڵکو لەناخی مرۆڤدا بوونی هەیەو لەو ڕێگەیەوە گەشە دەکات. لەو وولاٌتانەی تازە پێیان ناوەتە ناو دیموکراسیەوە یان لەسەر ئەو ڕێگایە دەڕۆن وەك کوردستان، راگەیاندنی ئازادو بەرپرس دەتوانیٚ کاریگەری باشی هەبێت، چونکە وەك ئامرازێك بۆ دامەزراندنی دەسەلاٌتێکی دیموکراسی سەقامگیر پێویستە. بەهێزبوونی ڕۆژنامەگەری ئازاد پێوەندە بە ئازادی مرۆڤەوە.

دەبیٚ بزانریٚ کە چۆن ئەو ئازادییە بەکاردەهێنریٚ و چۆن سوودی لێوەردەگیریٚ، بەتایبەتی ئازادی ڕادەربڕین، کە لە پرسە سیاسی و کۆمەلاٌیەتی و ئابووریەکاندا شادەماری ژیانی دیموکراسیە . لە کوردستاندا دەسەلاٌتی سیاسی و حکومەت کۆنترۆڵی قسە و نوسینی هاولاٌتیان ناکات، بەڵکو ئەو مافە لەرێی دەستوور و یاساکانەوە پارێزراوون. بەلاٌم ئازادی قسەکردن و ڕادەربڕین رەها نیە، نابیٚ بەکاربهێنریٚ بۆ پاساو هێنانەوە بۆ هاندانی توند و تیژی یان بوختانکردن و سوکایەتیکردن و رووشاندنی ناوبانگی کەسانی دیکە

بەنارەوایی و تێکدانی سیستەم و تانوپۆی سیاسی و کۆمەلأیەتی، بۆ ئەوەی هاوولأتیان بتوانن لە سیاسەتی وولأتەکەیاندا رۆلی کارایان هەبی دەبی ئاگادار بن لەوەی کەچی ڕوو ئەدات و ئەگوزەرێ، لە کارێکی ساکاری وەك دەنگداندا، کەبەبی زانیاری دەبێتە کارێکی قورس و گران. ڕۆژنامەگەری ئازاد زانیاری دەگەیەنێتە هاوولأتیان دەربارەی سەرکردەو بەر پرسەکان، سیاسەتی وولأتەکەیان، تادەگا بەهەلس و کەوتکردن لە کارە نیشتمانی و نەتەوەییەکاندا. هاوولأتیانی وولأتێك کە زانیاری تەواویان دەربارەی کاروباری حکومەت و سیاسەتی وولأتەکەیان لەسەر ئاستی ناوخۆو دەرەوە هەبوو، دەتوانن سیاسەت و هەلسوکەوتی باش پەیرەو بکەن و پارێزگاری لەمافە مەدەنی و مرۆییە بنەرەتیەکانیان بکەن.. پێویستە حکومەت پشتگیری ڕۆژنامەگەری ئازادو بەرپرس بکات. لە ڕێگەی باربۆکردنیان وراهێنان و فێرکردنیان. ئەنجامدانی ئەو جۆرە بەرنامانە لەو وولأتانەی تازە پی دەنێنە ناو دیموکراسیەتەوە پێویستن سوودبەخشن. ڕۆژنامەگەری ئازاد چەندین دەسکەوت بەدەست دێنی ئەگەر حکومەت پشتگیری بکات. چونکە مافی ئازادی ڕادەربرین و ڕۆژنامەگەری ئازاد لەمافە بنەرەتیەکانی مرۆڤە. هەموو گەلأن مافیانەسود لەو بنەمامرۆیانە وەرگرن و لەدەستورو یاساکانیاندا دیاری بکەن.

- بوونی ڕۆژنامەگەری ئازاد بۆنەشونماکردنی دیموکراسیەت و کامل بوونی پێویستە، چونکە لە توانایدا هەیە زانیاری ڕاست و دروست بگەیەنێتە هاوولأتیان بەتایبەتی ئەوانەی مافی دەنگدانیان

هەیــە، تاباشــترین و بــەتواناترین ســەرکردەو نوێنــەر بــۆ خۆیــان هەڵبــژێرن. لەهەنــدێ بارودۆخــدا حکومەتــەکان دەزگاکــانی ڕاگەیاندن بۆ شێواندنی ڕووداوەکــان بــەکار دێــنن. بــەبێ بــوونی (حصانە)ی دەســتوری و یاســایی حکومەتــەکان دەتــوانن گوشــار بخەنە سەر دەزگــاو کەناڵــەکانی ڕاگەیانــدن، کەهەنــدێك بابــەت بڵاوبکەنەوە یان نەیکەنەوە. بــەڵام دەزگاکــانی ڕاگەیانــدن ئــەوە ئاشــکرا دەکــەن، ئایــا حکومــەت بەتــەنگ پەرژەوەنــدی هاووڵاتیانەوەیە یان نا. هاووڵاتیان لەوێوە دەتوانن لێپرسینەوە لــە حکومەتەکانیان بکەن بە دەربــڕینی بــیرو بۆچــوونیان و لێــدوان و مشتومڕی ئازادانە لە ڕێگەی ئەو دەزگاو کەناڵانەوە. جگە لــەوە بڵاوکردنەوەی بانگەوازو ریکلامی بازرگــانی کــە پێــی دەوترێــت (بازاڕی بــیرورا) لــەو ڕێگەیــەوە هاووڵاتیــان ئــەوەی دەیانــەوێت دەست نیشانی دەکەن

- لە بوارە جیاوازەکانی ژیانی کۆمەڵگەدا پەیوەندیەکی باش و بەهێز لــەنێوان گواســتنەوەی هەواڵەکانــدا هەیــە بــەکراوەیی، وەك: گەشــەکردنی ئــابوری، ئاســتی بــژێوی، پــەروەردە فێرکــردن، تەندروســتی، بــەکورتی ژیــانێکی باشــترو ئــازاد لــە وڵاتێکــی سەقامگیرو ئارامدا. بانکی نێو دەوڵەتی لــەدوا بڵاوکراوەیــدا، لــە ژێر ناو نیشانی (مافی قسەکردن) ڕۆڵــی دەزگاکــانی ڕاگەیانــدنی ئازادی لە پشتگیریکردنی گەشەسەندنی ئابوریدا نیشانداوە.

جێمس. د. وو لفنسۆن: سەرۆکی کۆمەڵەی بانکی نێــو دەوڵــەتی نوسیویە: (لە پێنــاو کەمکردنــەوەی ڕێــژەی هەژاریــدا، لــە ســەرمانە

دەرفەتی گەشتن بە زانیاریەکان بە ئازادی زیاتر بکەین، لەگەڵ باشکردنی جۆری ئەو زانیاریانە). ئەو کەسانەی زانیاری باش و زیاتریان لەبەر دەستدایە توانای دەست نیشانکردنیان باشترە بەهێزکردنی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ئازاد، ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری دەربارەی هەڵسوکەوت و کارە سەرکەوتووەکان یارمەتیدەرە بۆ دۆزینەوەی هاوبەشی بازرگانی کە لە توانایدایە کاریگەری ئابوری زیاتر بکات لە ڕێگەی بلاوکردنەوەی تەکنەلۆژیای بەسوود، بلاوکردنەوەی هەواڵەکان بەکراوەیی متمانەی وە بەرهێنەرەکان لەسەر ئاستی ناوخۆو دەرەوە بەدەست دێنی و دەبێتە پشتگیری بۆیان.

- هێنانی چاپخانەی نوێ و پەرەپێدانی لەگەڵ ڕاهێنان و فێرکردنی ئەوانەی لە و بوارەدا کاردەکەن، لەسەر چۆنیەتی بەکارهێنانی و پاراستنی و بەڕێوەبردنی، هەروەها فێری ئەتەکیەتی پیشەکەیان دەکات لە رووی هونەری، ئامادەکردنی نوسین و ریپۆرتاژو چۆنیەتی پاراستنی سەربەخۆیی کاری ڕۆژنامەگەری. بۆ ئەو مەبەستانە پێویستە وەرشەی کار کردن هەبێت، بۆ باشکردن و زیاترکردنی تواناو لێهاتوویی ڕۆژنامە نوسەکان، تا زیاتر بایەخ بە کێشە و پرسە هەنوکەییەمرۆییەکان بدەن وەك ئافرەت ومناڵ. ڕاگەیاندنی ئازاد دەبی ڕۆڵی سانسۆر لەسەر حکومەت ببینی، لەگەڵ پاراستنی هێلە سورەکان لەرووی مێژوویی، سیاسی، ئابوری، کۆمەلایەتیەوە.
- ئایا لە کوردستاندا کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و رۆژنامە نوسەکان بەشێوەیەکی گشتی بەو پێیە بیر دەکەنەوە و کاردەکەن؟ ئایا

حکومــەت پــشتگیری رۆژنامــەی ئــازاد و بــەرپرس دەکــات و باربۆیکردوون، چــاپخانە و کەرەســتەی نــوێی بــۆ دابینکــردوون؟ بیروراکان لـەو بارەیەوە جیاوازن، هەر دەزگا و کەناڵێك ستایشی خۆی دەکـات و داکـۆکی لــە بیروبۆچـوون و کارەکـانی خـۆی دەکات، ئـەوەش مانـای وایـە کـە هاوکۆکیـەك نیـە و بـەو پێیـە بیرناکەنــەوە و کارناکــەن، لەبەرئــەوە دەبــێ هــەمووان بــیر لــە چارەسەرکردن بکەنەوە، چونکە کوردستان پێویستی بە ڕاگەیاندن و رۆژنامەگەرییەك هەیە کە ئـەرك و رۆڵەکـەی تـەنها گەیانـدنی هــەواڵ و زانیــاری نــەبێت. بــەڵکو ئــەرك و رۆڵــی هانــدان و یارمەتیدانی هاوڵاتیان بێ کە هەستن بە ئەرکەکانیان وەك هـاوڵاتی لـە بەشداریکردن و لـە ئەستۆگرتنی بەرپرسێتی لـە چارەسەرکردنی گرفت و کێشەکاندا، بەمانا هانی هاوڵاتیان بدەن کە بەشـداریکی کارابن لـە ژیانی سیاسی و ئابووری و مەدەنیدا.

پرسیاریکی گرنگ هەیە، ئایا ڕاگەیاندن و رۆژنامەگەری بەشـێکە لـەو کێشە و گرفتانەی کە لـە وڵاتـدا هـەن؟ ئەگـەر ئـەو دەزگـا و کەناڵانە بەو ئاراستەیە برۆن، بـەمانا هـانی هـاوڵاتی ئـەدەن بەهــەمان ئاراستە، کە هەست بـەبێ توانـایی و وەرس بـوون و گـوێ نـەدان و دابڕان دەکـەن. بـەڵام ئـەرك و بەرپرسـێتی ئـەو دەزگـا و کەناڵانـە هاندانی هاوڵاتیانە بۆ بیرکردنە و تا دەگا بە کارکردن.

# رۆڵی حکومەت لە پشتگیریکردنی
# رۆژنامەگەری ئازاد

ئــەوەی پەیوەنــدە لــەو گۆڕانــەدا، دەبینرێــت کــە لەوبوارانــەدا روویانداوە، چ لە رووی چەندایەتی دەزگا و کەناڵەکانەوە، یـان لــە رووی فۆرم و چەشنی چاپکردن و کەرەستەکان، هەروەها ئاسانکاری بۆ هەر لایەك کە بیەوێت و بتوانێ کـەناڵێکی ڕاگەیانـدن دابمـەزرێنێ بەبێ سانسۆر، جگە لەوانە، حکومەت لە رووی فێرکردنـی پیـشەی رۆژنامەگەری هەنگاوی ناوە، دەبینن لە زانکۆ و پەیمانگاکاندا کۆلێژ و بەشی ڕاگەیاندن هەیە، لەگەڵ ئەوانەدا پێویستە حکومەت بـەمجۆرە پـشتگیری رۆژنامەگـەری ئـازاد بکـات. پێویـستە ڕۆژنامەنوسـەکان بنێردرێنە دەرەوەی کوردستان بۆ بەشداریکردن لە خولەکانی ڕاهێنان و فێربوون لە بوارەکانی: هونـەری نوسـینی ڕۆژنامـەوانی، وردبـینی، هاوسەنگی، راستخوازی، کۆکردنەوەی زانیـاری، بـەرروونی نوسـین، جیاکردنەوەی لێدوان لە هـەواڵ پاراسـتنی سەرچـاوەکانی زانیـاری، چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێـشەو ناکۆکیـە هەسـتیارەکان لــە رووی ئـایینی، ئـەتنی، مافـەکانی ئـافرەت، نەخۆشـیە درمیـەکان، دیـاردە کۆمەڵایەتیـە زیـان بەخـشەکان، ڕێکخـستنی سـەردان بـۆ دەزگـاو کەناڵەکانی راگەیاندن لە وولاّتانی دیکەی دراوسیدا.

- پـشگیریکردنی دەزگاکـانی راگەیانـدنی ئـازاد لەسـەر چـۆنیەتی پـەرەدان بـەکاروباری بازرگـانی ڕۆژنامەگـەری، دامەزرانـدنی

نوسـینگە بۆوردبوونـەوەو ژمێریـاری، بـۆ زانـینی دابەشـکردن و دیاریکردنی ریکلامەکان، تابتوانی بە توانای خۆی ڕێگە بۆ خـۆی بکاتـەوە، بەپێـدانی مووچـەی بـاش، بـار بـۆ کردنـی تێـچووی بەرهـەمهێنان لـە کاغـەزەوە تـا دەگـا بـە چـاپخانەو ئامێرەکـانی گەیاندن.

- پشگیری یاسایی بۆ دەزگاو کەناڵـەکانی راگەیانـدن، لـە ڕێگـەی دانانی یاساوە کەتوانای ڕۆژنامـەوانی لـە کـارو چـالاکیەکانیاندا بپارێزی، بەبێ ترس و گوشارو هەرەشە، ڕاهێنان و فێرکردنی ئـەو پارێزەرانــەی داکــۆکی لــە ڕۆژنامــە چــیەکان و دەزگاکــانی راگەیاندنی ئازاد دەکەن. لەو بوارەدا حکومەتی ڕۆڵـی بەرچـاوی بینیووە.
- دروستکردنی کۆمەڵە و ڕێکخراوی تایبەت بـە ڕۆژنامەنووسـان، نووسەران، خاوەن دەزگاو کەناڵەکانی راگەیاندن، ئەوانـە دەبنـە هێزی پاراستنی هـەر یـەکێك لـە ڕۆژنامەنوسـان لـەو کاتانـەی ئـەرکی ئاسـایی خـۆی بـەجی دەهـێنی، وەك پیۆەرێـك. هانـدانی ئەندامانی ئەو کۆمەڵە و ڕێکخراوانە لەسـەر باشـکردنی چەشـنی ڕاستگۆییان، بەباشی کارکردن بۆ گەشتن بە زانیاری و بەڵگـەکان و دیمانــەی ڕۆژنامــەوانی لەگــەڵ بەرپرســانی حکومەتــدا. لــە کوردستاندا ئەو دارەتە لە بەرەو پێش چوندایە. بەڵام چۆنیەتی بـە جێگەیاندنی ئەرکەکانی و بەدەستهێنانی بەڵگـەو زانیاریـەکان لـە ئاستی پێویستدانین چونکە بەو پێوەرانە نین. دەبی ڕۆژنامە نووسـان

چارەسەری ئەو لایەنـە بکـەن و وەك خـۆی مامەڵـەی لەگەڵـدا بکەن.

- هەوڵدان بۆ گواستنەوەی دەزگاکانی راگەیاندن بۆ کەرتی تایبەت لە رێگەی پشتگیری دارایی، بەکرینی چاپخانە، ئامێرەکانی گەیاندن پـەخش کەرەسـتەکانی رادیـۆ، کۆمپیوتـەر (ژووری) سـتۆدیۆی دەنگوباس بۆ ئەوەی زیاتر پیشەیی و سەربەخۆ بن.
- لەسەرەتادا راگەیاندنی ئازاد تواناو شارەزایی ئەوتۆیان نیە. لەبـەر ئـەوە هـەواڵی ناتـەواو و هەڵبەسـتراو بڵاودەکەنـەوە، هەڵـەو چەواشـەکاری و زیـادەرۆیی دەکـەن، ئەوانـە لەگـەڵ پێـوەرە پیشەییەکانی رۆژنامەگـەری ئـازاد نـاکۆکن. لەبـەر ئـەوە دەبـی وریابکرێنـەوە توانـاو شـارەزاییان بـاش بکرێـت بگـۆردرێن. مشتومرێکی زۆر سەبارەت راگەیاندنی ئازاد لە ئارادایە رەخنـەیان لێدەگێری کە بە گـوێرەی پێـوەرو پرەنـسیپەکان کارناکـەن. لـە بەرامبەر ئەو راستیەدا رۆژنامـە چـیەکان (ئەوانـەی لـەو بـوارەدا کاردەکەن) بەتوندی و هەڵچونەوەو سەرکێشانە وەڵام ئەدەنـەوە، چونکە لەسەر نـەریتی لێبـوردەیی و قبـوڵکردنی رای بەرامبـەرو دژرانە هاتوون و رکابەری قبوڵ ناکەن. لەو کاتانـەی دەزگاکـانی راگەیانـدنی دەوڵـەت پـەیرەوی ئـەو پێوەرانـە دەکـەن، توانـاو کاریگەرییان بۆ خزمەتکردنی پەرژەوندی گـشتی زیـاتر دەبـی لـە جیاتی پشتگیری و داکوکیکردن لە حکومەت.

# بەرنامە نوێکان

ئەمڕۆ لــە جیهانــدا لــە وولاّتانــەی بــەرەو دیموکراســیەت دەڕۆن، بەرنامەیەکی نوی بۆ گەشەپێدانی ڕۆژنامەگەری ئــازاد لــە ئارادایــە کــە داوا دەکات:

- لــە جیــاتی دروســتکردن و دامەزرانــدنی دەزگــاو کــەناڵی نــوێی ڕاگەیاندن باشتر وایە کە یارمەتی و هاوکاری ئەو دەزگاو کەناڵانەی کە هەن بدرێت، لە ڕێگەی کرینی ئامێرو کەرەستەی نوێیەوە.
- پشتگیری کردنی ئەو نوســین و ریپۆرتاژانــەی کــە هێــرش بــەرنین و رەخنە ئامێزن دەربارەی ڕێگەوبان، تەندروستی، ژینگە....تد.
- دروستکردنی پەیوەندی باش و دروست لە نێوان ڕۆژنامە چیەکان و بەرپرسانی حکومەتدا، بۆ ئەوەی نوسین و ریپۆرتــاژو هەواڵــەکانیان ڕاست و بەڵگەدار بێت. لەم سەردەمەدا ڕاگەیاندن بایــەخێکی زۆر و هێــزی کاریگــەری هەیــە لــە ڕێگــەی مانگــە دەســتکردەکانەوە تۆرەکانی ئەنتــەرنێت، کەهــەتا لایەنــە تونــدرەوەکان و تیرۆریــستان سوودی لێوەر دەگرن بۆ بلاّوکردنەوەی رق و کینەو بیرو بۆچوونی دەمارگیریانە، لە بەرامبەر ئەوەدا دەبی هەوڵی چروپر بۆ پەرە پێــدان و بلاّوکردنەوەی رۆشنبیری و لێبوردەیی و ئاشتی بدرێت.

# بنەما یاساییەکانی ئازادی ڕۆژنامەگەری

بەندی ١٩ ی بەڵێننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان پایـەکی سـەرەکیە بۆ پێوەرە تایبەتیـەکانی پەیوەنـد بـەدەزگا و کەناڵـەکانی ڕاگەیاندنـەوە لـەسەر ئاستی نێودەوڵـەتی، لـەو بەندە داهاتووە:

هەموو کەسێك مافی بەئازادی ڕادەربرینی هەیە، ئەو مافـە ئـازادی بیروباوەڕ لـەخۆ دەگرێت بەبێ دەستێوەردانی دەرەکی، هەروەها ئـازادی بەدواداچوون و وەرگرتن و دابەشکردنی زانیـاری و بیرۆکـە بەهـەموو ڕێگەیەکی ڕاگەیاندن و بلاوکردنەوە، بەبێ ڕەچاوکردنی سنوور.

دەوڵـەتانی ئەندام لــە نەتــەوە یــەکگرتووەکان پابەنـدن بـەو بـەڵێن نامەوە لــە گەڵیانــدا بەنـدی (١٩) ، بـەلاّم ئـەوە ڕێگـری لـە هەنـدێ دەوڵـەت ناکا کە سەرکوتی دەزگـا و کەناڵــەکانی ڕاگەیانـدن بکـەن و بەدەستهێنانی هەواڵیان لێ قەدەغەبکەن، لە هەندێ باردا ڕۆژنامەنوسیان کوشتووە یان دوورخراونەتەوە...

(دانیلۆ ئاربیا) کە لــە کۆمەڵــەی ڕۆژنامەنووسـی نێـوان هـەردوو ئەمریکادایە و لە ڕۆژنامەی (بۆسـکۆبدا) لــە ئۆرۆگـوای کـار دەکـات ووتویە: باشترین یاسا بۆ کـاری ڕۆژنامەنووسـی ئەوەیـە هـیچ یاسـایەك دانەنرێت، چونکە ئەو یاسایانەی کاری ڕۆژنامەوانی ڕێـك دەخـەن لــە جیهانێکی نموونەییدایـە. جیهـانیش نموونـەیی نیـە، لــە هەنـدێ وولاّتـی دیموکراسیدا یاسا هەیە بۆ مـسۆگەرکردنی توانـای ڕۆژنامەنووسـان بـۆ بەدەستهێنانی ئەو زانیاریانەی حکومەت کە نهێنی نین.

ئەگەر هەر چالاکیەك کراو بەنایاسای و تـاوان دانـرا، ئـەوە بـەپێی یاساکانی دیکە چارەسەر دەکرێـت. لەبەرئـەوە دەبـێ ڕۆژنامەنووسـان

زانیاریان دەربارەی دەستوور و یاساکانی ولاَتەکەیان هـەبیَ و هـەتا هـی ئەو ولاَتانەشی کە بۆی دەچن و دەیانەویَ کاری رۆژنامەوانی تیابکەن.

لەوکێـشە یاسـاییانە کـە رووبـەرووی رۆژنامەنووسـان دەبێتـەوە، کێشەی ناوزراندن، سوکایەتیکردن، بلاَوکردنەوەی ناراست و بیَ بنەما. پێـشکەوتنی تەکنـەلۆژیا بۆتـە هـۆی چاوخـشاندنەوە بـەو یاسـایانەی دەربـارەی کـاری رۆژنامەگـەری دانـراوون، دەربـارەی ئـەو سـایت و کەسانەی لەو بوارەدا کاردەکەن، ئایا هەمان ماف و پاراستنی هەیە، کە لە دەزگا و کەناڵەکانی دیکەدا هەیە؟ .

لەکوردستاندا باسی رۆڵی یاسای کاری رۆژنامەگـەری دەکرێـت لەپاراســتنی رۆژنامەچــییەکان و رێکخــستنی کاروباریانــدا. بــەلاَم لەکوردستاندا بنەمایەك هەیە، کەماف‌و ئەرك‌و ئازادی هەمووکەسێك و لایـەنێکی مـسۆگەر کـردووە، بەتایبـەتی مـافی رادەربـڕین بـەئازادی، ئەوبنەمایەش دەستورە. لێرەدا پێویستە جیـاوازی بکرێـت لـەنێوان دوو چەمکدا، رۆژنامەگـەری ئـازاد، ئـازادی رۆژنامەگـەری رۆژنامەگـەری ئازاد بەمانا نەبوونی دەزگاو بنکەی تایبەت بەسانسۆرو چاودێری کردنی کاری رۆژنامەگەری وملکەچ نەکردنی بۆکـارکردن بـەپێی خواسـت و داوای حکومەت و کـۆنترۆڵ نـەکردنی نـاوەرۆکی رۆژنامـەکان و ئـەو بابەتانەی بلاَودەکرێنەوە.

ئازادی رۆژنامەگەری بەمانا ئازادی لە ڕادەربریندا لەپرس و بابەتـە گشتییەکانداو بوونی فـرە دەنگـی و فـرە رەنگـی وکـۆنترۆڵ نـەکردنی بیروراو قسەو نوسینی هاولاَتیان ئەو ئازادییە لەو مافانەیـە کەحکومـەت بۆی نییە کۆت و بەندی لەسەر دابنێـت بـەلاَم ئـازادی رۆژنامەگـەری کەئازادی رادەربرینە و ئازادی بلاَوکردنەوەی هەواڵ و زانیاریە، رەهـاو

بێ سنور نییە، چونکە نابێ بەکار بهێنرێ بۆ پاساو و بیانوهێنانەوە بۆ دروستکردنی توندو تیژی، بوختانکردن، سوکایەتیکردن، یان تێکدانی سیستەم و ئارامی گشتی. لە سیستەمی دیموکراسیدا لەنێوان دوو (حەق)دا ململانێیەکی بەردەوام هەیە. حەقی حکومەت لەپاراستنی ئاسایشی نیشتمانی و تانۆپۆی کۆمەلایەتی، لە بەرامبەردا حەقی هاولاتیان لەزانین و بەئاگالێبونیان لە راستیەکان لەرێگەی رۆژنامەکانەوە، کە چۆنیەتی ئەو ئاگادارکردنەوەیە، دەکەوێتە ئەستۆی رۆژنامەکان.

لێرەدا پرسیار دێتەئاراوە، ئایا لەکوردستاندا دەسەلاتی سیاسی هیچ کۆت و بەندو ساسنۆرێکی داناوەو خستۆتە سەر ئازادی رادەربرین وکاری رۆژنامەگەری؟ هیچ دەزگاو بنکەیەکی داناوە بۆ کۆنترۆلکردنی ناوەرۆکی رۆژنامەکان و ئەوەی بلاوی دەکەنەوە؟ هیچ رۆژنامەیەك و دەزگای راگەیاندن ناچارکراوە کە حکومەت چی ویست دەبێ هەر ئەوەبلاوبکاتەوە؟ وەلامی ئەو پرسیارانە لەسەر ئەرزی واقیع لەماوەی چەندین سالی ئەزموونی دەسەلاتی سیاسی کورددا، بەروونی وئاشکرا دیارە، دۆست و دوژمن ئەو راستیە دەزانن کەپێگەی ئازادی رۆژنامەگەری و رۆژنامەگەری ئازاد چەند فراوان و بەهێزە، بەلام هەندێ رۆژنامەو رۆژنامەچی ئەوکەش و ژینگەیە چۆن و بۆچی بەکار دێنن و چەند خزمەتی پەرژەوەندی گشتی و گەیاندنی راستیەکانی تیایە، ئەوە ئەوانە خۆیان لێی بەرپرسن.

# گەڕان بە دوای سەربەخۆیی داراییدا

سەربەخۆیی دارایی ئاسان نیە، گوشارە داراییەکان پاڵ بە دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە دەنێ، کە بگەڕێن بە دوای ڕزگارکەردا بۆ ئەوەی دەرامەتی داراییان بۆ دابین بکەن، کەنرخەکەی لەسەر حیسابی سەربەخۆییانە، لە سیستەمە دیموکراسیە نەگیرساوەکاندا دەزگای ڕاگەیاندنی لاواز لە رووی داراییەوە رووبەرووی هەڵ لوشینی پەرژەوەندیە سیاسی و ئابوریەکان دەبنەوە ئەوانەی دەیانەوێت ئەو دەزگایانە وەك یەکەی پرۆپاگاندە بەکاربێنن ئەو گۆرانەی لە دەزگاکانی راگەیاندندا رویانداوە، دەرناکەوێت تا ئەو کاتەی گۆرانێکی ئابوری گەورە روو ئەدات. ساڵی (٢٠٠١) سەنتەری نێو دەوڵەتی ڕۆژنامەنوسان ڕاپۆرتێکی لەسەر تۆرەکانی ئینتەرنێت بلاۆ کردەوە دەڵی: دەزگاکانی چاپەمەنی لەسربیا رووبەرووی کێشەی دارایی و ئابوری گەورە بونەتەوە کە هەمیشە بە دوای پشتیوانیەکی داراییدا دەگەرین، لەبەر ئەوە ئەو دەزگایانە بونەتە نیچیری بەردەستی سیاسیەکان. سەر نوسەرێکی سربی لەو بارەیەوە قسەیکردوە: گۆشارە ئابوریەکان دامەزراوە رۆژنامەییەکان بەرەو خراپتر دەبات و دەگەرین بە دوای ڕزگارکەرێکدا، ئەوەش بەمانای پەنا بردنە بەرسیاسیەکان یان پەرژەوەندیە تایبەتیەکان بۆ بەدەست هێنانی یارمەتی دارایی، هەر دەزگاو ڕۆژنامەیەك ئەوەیکرد زیان

بەســـەربەخۆی خــۆی دەگەیــەنی. لەکوردســـتاندا ئەوپەڕەســـەندنە لەرووی توانای دارایی و باربۆکردنیـان لەلایـەن کـەرتی تایبـەت و کۆمپانیاو خودی دەزگاکانی راگەیاندن نەخەملێوە نەبۆتـە، نـەریت و وشتێکی باو، سەبارەت ئەوانەی سامان و سـەرمایەی داراییـان هەیـە، ئەوکارە جێگەی مەترسییە چونکە ئەوان قازانجی خێرایان دەوێت و بێ کێشە، رۆشنبیری بەگەرخستنی پارەو پول لەو بابوارەدا، لەبازنەیـەکی زۆر تەسـکدا قـسەی لەسـەر دەکرێـت، لەبـەر ئـەوە دەزگاکـانی راگەیاندن و کاری رۆژنامەگەری لەکوردسـتاندا نەبوونەتـە بەشـێك لەپرۆسەی پەرەسەندنی ئابووری، وەك ئامـاژەی پێکـرا ئـەوەکارێکی ئاسـان نییـە، لەبـەر ئـەوە لـەم قۆناغـەو تاداهاتوویـەکی دوریـش، دەزگاکانی راگەیاندن پێویستیان بەباربۆکردنـە لەلایـەن حکومـەت و حیزبەکانـەوە، بـەلام دەتوانرێـت ئـەو دەزگایانـە بکرێنـە کۆمپانیـاو دامەزراوەی هاوبەش لەنێوان حکومەت، حیـزب، هاوولاتیانـدا، کـە دەبێتە بناغەیەکی باش بۆ سەربەخۆیی دارایی و کەمکردنەوەی ئەرکی باربۆکردن لەلایەن حکومەت و حیزبەکانەوە، کەروبەری کرانـەوەی ئەو دەزگاو کەنالانە فراوانترو زیاتر دەکات، هەروەها ئەو دەزگایانـە پەرەدەسێنن.

لەدوای رووخاندنی یـەکێتی سـوڤیەت، لـەدوو سـالی یەکەمـدا وولات تاقیکردنەوەی ئازادی رۆژنامەگەری بەخۆیەوە دی، بەلام ئەو بارە رووبـەرووی واقیعـی نالـەباری ئـابوری بویـەوە، کـاتی داهـاتی

کەسێك بە ڕێژەی لـە (٥٠٪) دابـەزی ئـەو سـست بوونـە هـەموو لایەنەکانی خزمەتگوزاری گرتووە، کە بووە هۆی ئەوەی دەزگاکـانی ڕاگەیانـدن بکەونـە ژێـر دەسـتی سیاسـیەکان لـە کـەرتی گـشتی و تایبەتیدا، کە ئەو دەزگایانەیان بـۆ مەبەسـت و پەرژەوەنـدی تەسـکی خۆیان بـەکارهێنا، سـەربەخۆیی ئـەو دەزگایانـە شکـستی هێنـا، ئـەو هاوکاریە داراییەی حکومەت بۆ ئەو دەزگایانەی دابین دەکرد ئەوەندە نەبوو کە بتوانن کۆمپانیاو دەزگای نوێی پی دروسـت بکـەن. بـەڵکو پشت بەستنی بەردەوام بەلایەنە حیزبیەکان نەبووە هۆی دروسـتبوونی ڕۆژنامەگەریـەکی بـاش و بەدەسـت هێنـانی متمانـەی هاووڵاتیـان و بەرزنرخاندنی ئەو دەزگایانە.

پەیمانگـەی (تێـری سـتانفۆرد بۆسیاسـەت لـە زانکـۆی دیـوك) شرۆڤەیەکی لەسـەرکاری ڕۆژنامەگـەری لـە رووسـیا ئەنجامـدا تیایـا هاتووە: هاووڵاتیـان لەگـەڵ ئـەو شـێواندنە راهـاتوون، خوێنـەران و بینەران و بیسەرانی رووسی چاوەڕوانی وردی راستگۆی تەواو ناکەن لەو دەزگایانە، باوەڕیان بەو قسە باوەیە کە دەڵێ: زانیاری لە خۆیـدا کالایـەکی جێگیرنیـە. ئـەو ژمـارە زۆرەی زانیـاری و ڕاپۆرتانـەی دەزگاکان بەرهەمی دێنن، بی لایەن نین، بـەڵکو لایـەن گـیرن، دەبـی هاووڵاتیان هەڵی بژێرن بزانن کامـەی راسـت و دروسـتە. حکومەتـە خوجیەییـەکان بەشـێکی باشـیان لــە بودجـەیان دیـاریکردووە بـۆ دەزگاکانی راگەیاندن، هـەر چـەند ئـەو یارمەتیـە زۆر نیـە لـەرووی

داراییەوە، بەڵام بۆتە هۆی سەر ئیشە بۆ دەزگا سەربەخۆ رکابەرەکان، چونکە ئەوانەی دەیانەوی بەبی یارمەتی دارای سیاسیەکان و حکومەتە خۆجیەییەکان کاربکەن، چونکە ناتوانن ئەو رکابەریە بکەن، بەڵام ئەو کۆمپانیانەی کە سەربەدەسەڵاتی سیاسی نین، کەوتونەتە ژێر چنگی ئیمپراتوریەتە داراییەکان و بزنس مانەکان. کەناوبانگیان باش نیە و بۆنەتە ئامرازی پروپاگاندەو ریکلام بۆ پەرژەوەندی دیکە، نەك وەك دامەزراوە یەك هەواڵ و زانیاری بەسودی باش بگەیەنێت. ڕۆژنامەگەری بۆتە شوێنی شەری نێوان حکومەت و ئەو سەرمایە دارانە، لەبەر ئەوە سەربەخۆییان لەدەستداوە.

ئەو وێنانەی لەسەرەوە باسکران، بەشێوەیەك لە شێوەکان هەمان وێنەن کەلەکوردستاندا لەگەڵیا دەژین و مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەین، زانیاری و راپۆرتی ئەو رۆژنامانەی کەبەناوی ئازادی و سەربەخۆییەوە بڵاوی دەکەنەوە، چەندی راستەو بەسوودە کەخزمەتی پەرژەوەندی گشتی بکات؟ چەندی بێ لایەن و بەرهەم هێنە؟ کامەیان بەبێ یارمەتی و باربۆکردنی حکومەت، حیزب، سیاسیە دەسەڵاتدارەکان لەسەر پێی خۆی وەستاوەو بەڕاستی و دروستی زانیاری و هەواڵی سوود بەخش بەکۆمەڵگە و پرۆسەی بونیاد نانەوە پێشکەش دەکەن؟ یان بەناوی ئازادییەوە گەمە بەهەست و سۆزو بۆچونی هاووڵاتیان دەکەن، بونەتەشوێنی دژایەتیکردنی دەسەڵات و

حکومەت وشەڕی ئەوانەی بەناوی ئازادییەوە دەنوسن.
کەچی گلەی لەنەبوونی ئازادی و دیموکراسیەت دەکەن و بەرێگەی توانج و هێرشکردن زیانی هەرە گەورەی ئەو رەوتە نادروستە هێشتنەوەو پەرەپێدانی ناکۆییە لەسایکۆلۆژیەتی هاولاتی کوردستاندا، بەلام ئەرکی ئەو دەزگاو کەناڵ و کەسانە سرینەوەی ناکۆکی و دروستکردنی تەبایی و لێکگەشتن و رێزگرتنە لەناو سایکۆلۆژیەتی هاولاتیاندا. هەنگاونان بەرەو دروستبوونی دەزگای راگەیاندنی ئازاد کە لە رووی داراییەوە توانای ژیانی هەبێ دروستبوون و پەرەسەندنی ڕۆژنامەگەری ئازاد و چالاك پەیوەندە بەو دیموکراسیەتانەی لەسەردەمانێکی کۆنەوە هەن و سەرکەوتوون، ئەو رەوشە بەهەمان شێوە پەیوەندی توندی بە ئابوری بازاڕەوە هەیە، کە توانای گەشەسەندنی هەیە، لەگەڵ دروستبوونی دەرفەتی کارو کەمبونەوەی ئاست و ڕێژەی هەژاری. پێشکەوتنی ئابوری و پێوەندی بە دەزگاکانی راگەیاندنەوە، ئەو پرسانەی جیاکردۆتەوە کە پەیوەندن بە ئازادی ئەو دەزگایانەوە، لەبواری مشتومڕی سیاسی و توانای بەردەوامبوونیان، ئەگەر هاتوو ڕۆژنامەگەری وادەرکەوت کە دەتوانێ شان بەشانی ئەو ئاکامە ئابوریەی بەدی دێت بڕوات، لەم بارەدا دامەزراوەکانی بانکی نێو دەوڵەتی و بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گەشەسەندن لەسەر یانەکە پشتگیری و هاوکاری دروستبوونی دەزگای ڕاگەیاندنی ئازاد بکەن، وەك توخمێك کە بەشداری لە پەرەسەندنی ئابوری و کۆمەلایەتیدا دەکات. بەلام ئاوێتە بوونی یان

کارلێکی نێوان دەزگاکانی راگەیاندن و هاوشانی لەگەڵ باری ئابوریدا کارێکی ئاسان نیە. دەزگاکانی راگەیاندن لەچالاکی ئابوریدا بەشداری دەکەن، بەهەمان شێوە ئابوری کاریگەری لەسەر دروستبوونی ئەو دەزگایانە دەبی، کەبە شێوەیەکی زیاترو ڕاستەخۆ کاریگەری لەسەر خوێنەران، بیسەران، بینەران و ئەوانەی ریکلامیان هەیە دەبی، چونکە دامەزراوە و کەناڵەکانی راگەیاندن بۆ سەربەخۆیی داراییان پێویستیان پێیان هەیە. ئەزموونی وولاّتان شێوەو ڕێگەی تێکەڵکێش بوونی ڕۆژنامەگەری و ئابوری دەرخستووە، چونکە لە پەرەسەندنی ئابوری بەشداری دەکەن و لێی سوودمەند دەبن، بەو رادەیەی کەیاساکان و سیاسەتەکان ڕێگەیان پی ئەدات. لەو بارەیەوە کەسێکی پسپۆر بەناوی (تیم کارینغتۆن مارك) لە پەیمانگای نێودەوڵەتی دوو وێنەمان لەدوو ولاّتی جیاوازدا نیشان دەدات وێنەی پۆڵەندا ڕۆژنامەی (گازیتا فیورگا) دەینالاّند بە دەست ئەحکامی عورفی دەسەلاّتی کۆمونیستی. چاپخانەی ئەو ڕۆژنامەیە بەدەست ئیشی دەکرد، زۆربەی کارمەندەکانی لە بەندیخانە دابوون، لەگەڵ نەمانی ئەو دەسەلاّتەو بەرجەستەبوونی سیستەمی دیموکراتی و ڕێکخستنەوەی باری ئابوری، گۆرانێکی ریشەیی لە کاری ڕۆژنامەگەریدا لە وولاّتەدا روویدا لە سالاّنی نەوەدەکانی سەدەی بیستدا ئەو ڕۆژنامەیە بووە دەزگایەکی گەروەو فراوان پەلوپۆی لی بویەوە، لە رادیۆ، تەلەفزیۆن، تۆری ئەنتەرنێت، ورویکردە کەرتی تایبەت، بۆ بەدەستهێنانی سەرچاوەی دارایی لە ڕێگەی

بلاوكردنـەوەی بانگـەواز، ریکـلام، تـا بـووە کۆمپانیایـەکی گـەورە کـەنرخی کـرینی پـشکەکانی زۆر بەرزبویـەوە. بـەلام دەزگاکـانی راگەیاندن هەمیشە بەو ئاراستەو ڕێگەیەدا نـارۆن و سـەرناکەون. بـۆ وێنە لـە وولاتـی (مـەلاوی) گۆڤـاری (بـزنس ووتـش) کـەوەرزی و سەربەخۆیە. ئەو گۆران و پەرەسـەندنە ئابوریانـەی ئـەفریقای باشـور بـلاو دەکاتـەوە. دوای بلاوبوونـەوەی چـوار ژمـارەی نـەیتوانی سەرکەوتن بەدەست بێنی تا ناچار راوەستا و لـە کارکەوت، ئـەو دوو وێنەیە دەری دەخات کە کاری رۆژنامەگـەری وەك هـەر پیـشەیەکی دیکە دەکەوێتـە ژێـر کاریگـەری ئـابوری. سـەرکەوتنی دەزگاکـانی راگەیانـدن بەشـێکی پەیوەنـدە بـە وسـتراتیژیەی کـە کـاری لەسـەر دەکەن، لـە دروستکردنی بناغەیەکی فراوان لـە خوێنەر، بیسەر، بینەر، لەگەڵ ناوبانگی باشی و توانای بەرهەمهێنانی قازانج لـە دۆخە ئابورییە جیاوازکاندا. زۆرلە شرۆڤەکاران دەزگا چـالاکەکانی راگەیانـدن بـە پەرەسەندنێکی باش دائەنێت، کە دەتوانی بەشـداری لـە لێپرسـینەوە لەبەر پرسانی حکومەت و پشتگیرکردن لەدروستبوونی بازاڕی گەرم بکـات. هـەروەها لـە کۆمەڵگەیـەکی دەوڵەمەنـد بەزانیاری،هـەموو ئەوانـە پـشت بەسـەربەخۆیی دارایـی دەبەسـتن، کـە دەکەوێتـە ژێـر کاریگەری فاکتەری ئابوری و توانای تایبەتی ئەو دەزگایانە کە بتوانن دۆخ و ژینگەیەکی تایبەت بە خۆیان هەبی.

# جیاوازی ژمارەیی

وولاّتـانی دەولـّەمەنـد بـە زانیـاری وەك سـوید- ئەمـەریکا – ئوسترالیا- تەنها لە بواری ئینتەرنێتـدا لـە پێـشەوە نـین، بـەڵکو لـە بوارەکـانی دابەشـکردنی دەزگاکـانی راگەیانـدن لـەرووی خوێنـەر، ئامێری رادیـۆو تلفزیـۆن، کۆمپیوتـەری تایبـەتی، تلفـۆنی نۆرمـاڵ و موبایـل، جیاوازیـەکی گـرنگ لـە نێـوان بـەکارهێنانی دەزگاکـانی راگەیاندنی نوێی و کۆندا نیە، ڕێژەی ئەو کەسانەی لەهەر وولاّتێکدا ئینتـەرنێت بـەکار دێـنن پەیوەنـدە بـەرادەو هێـزی دابەشـکردنی خزمەتگوزاری ئینتەرنێت، ئامێری رادیۆ، تلفۆن، کۆمپیەتەری تایبەتی، هەروەها پەیوەندە بە هێزو مـەودای دابەشـکردنی رادیـۆ، تلفزیـۆن، ژمارەی خوێنـەران. بـەو مانایـەی ئـەو گەلاّنـەی لـە وولاّتـانی زۆر هەژاردا دەژین هاوولاّتیانی دابـراوون لـە هـەموو جـۆرو شـێوەکانی تەکنەلۆژیای زانیاری، وەك دەزگـا سـەرەتاییەکانی راگەیانـدن، وەك رادیۆ، ڕۆژنامە، تلفۆن، موبایل، کۆمپیوتەری تایبەتی. سەرباری ئـەوە دەرفەتی بەکارهێنانی ئینتەرنێت لەلایەن هەندی ڕۆژنامە چـیەوە، بـوە یارمەتیدەریان کە خۆیان لەو سانسۆرەی حکومەت دانـاوە بپـارێزن، بۆ وێنە لـە مالیزیا حکومـەتی (مـەهاتیر محەمـەد) یاسـایەکی دەرکـرد بەناوی قەدەغەکردنی (هەواڵی ئازار دەر بەئەنقەست) کە ڕێگەی بـە حکومـەت داوە هـەر ڕۆژنامـەو چـاپەمەنی و دەزگـای راگەیانـدن

دابخات، دەبی ئەو دەزگاو چاپەمەنیانە سالأنە مۆلـەتی کارکردن نـوی بکەنەوە. یاسا ئازادی رەخنە گرتنی سنوردار کرد بە هانـدان لەسـەر دووزمانی. بەلأم دەزگـا نوێکـانی راگەیانـدن کـە ئەنتـەرنێت بـەکار دەهێنن لـە بارێکی دیکەدا لـە مالیزیـا کاردەکـەن. سـتیڤن خـان کـە ڕۆژنامەچیەکە هەمیشە لـە ملـملانێدایە لـەگەڵ حکومەت، ناوبراو لــە کۆتایی ساڵی (١٩٩٩) دا تـوانی ڕۆژنامەیـەکی ئـەلیکترۆنی لەسـەر تۆڕەکانی ئینتەرنێت دامەزرینێت بەناوی (مالیزیاکینی) کە سەرکەوتنی بەدەسـتهێنا، لەسـەرەتا ئـەو ڕۆژنامەیـە (١٠٠,٠٠٠) سـەد هـەزار خوێنەری هەبوو، دواتر بوونە (١٢٠) بـۆ (١٥٠) هـەزار خوێنـەر و بەشدار بوو لـە ڕێگـەی ریکلامـی تایبەتیـەوە لـە (٥٠٪) تێـچووی کارکردنی دەردەهێنی.

# رۆڵی رۆژنامەگەری لەبینای کۆمەڵگەدا

لە کوردستاندا رۆژنامەیەکمان دەویّت کە هانی هاولاّتیان بدات بۆ بەشداریکردن و زیاتر پەیوەند بیّت بەکۆمەڵگاوەو بەرپرسیّتی کیّشە و گرفتەکان و چارەسەرکردنیان هەڵگریّ.

لەماوەی چەند ساڵی رابردوودا لەکوردستان رۆژنامەگەری بەهەر سیّ بەشەکەیەوە پەرەسەندنیّکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینووە بەلاّم لەبەرامبەردا چەند رۆڵی خۆی بینیوە، ئایا بەشیّوەی جیاواز و دورستکردنی ناکۆکی رۆڵی بینیوە یان لەبوارەکانی نووسین، ریپۆرتاژ، بەدەستهیّنانی زانیاریدا داهیّنانی کردووە؟

تەنها ئەوە بەس نییە کە رۆژنامەچییەکان بلّیّن کاریّکی گەورەو باشیان لەو بوارانەدا کردووە، بەڵکو خویّنەرو بیسەرو بینەران گرنگن، کە گەشتبنە ئەو قەناعەتەی کە رۆژنامەگەری ئیّمە کارو رۆڵی باشیان کردووەو بینیوە، بەلاّم کەسەرنج لەو اقیعەکە ئەدەین و دەیخویّنینەوە، بەو شیّوەیە نییە، بەڵکو گلەیی و نارەزایی زۆر بەرامبەر دەزگاکانی راگەیاندن هەیە بەهەردووبەشەکەیەوە، فەرمی و ئەهلی، چونکە هاولاّتیان تەنها لایەنگیری و هاندان یان بیّدەنگی ئەو دەزگایانە دەبینن. ئایا ئەو دەزگایانە بەهەردوو بەشەکەیەوەو رۆژنامەچیەکان دەتوانن ئەو باوەرە راست بکەنەوەو بیخەنە سەر ریّگەی خۆی.

وەك ئەوەی لەسەرەتادا ئاماژەی پێکرا، هاولاتیان دەزانن هەر دەزگاو رۆژنامەچیەك لاف بەتیراژو فرۆشتنی زۆری ژمارە یان بینەرو بیسەری زۆرەوە لیّ ئەدەن، بەلام باسی جۆرو کاریگەری هەوالْ و زانیاریەکان ناکەن لەسەر بەشداری و چارەسەکردنی کێشەو ئاستەنگەکان، کە بە رادەی پێویست نین لە ئازادی رۆژنامەگەریدا ئەو رۆڵە باسکراوە.

**دەزگاکانی راگەیاندن لەکوردستاندا بەتایبەتی ئەهلیەکان ئەم پرسیارانەیان لەخۆیان کردووە:**

***– ئایا رۆژنامەگەری زیاد لەپێویست و رادەی خۆی ئازادی بەخۆی نەداوە؟***

***– ئایا ئەوان بوونەتە پارێزەری دەستکەوتەکان و پەرەسەندنی؟ دەتوانیت چی بکەیت؟***

ئەگەر رۆژنامە چیت ئەو د ووپرسیارەی سەرەوە دوو چاری دوو دلّیت دەکات، چونکە ئەوەی کردووتەو دەیکەیت هەمووی بەراست نازانی، گوێت بەدەستکەوتەکانی گەل نەداوە جگە لە بەرژوەندی دەزگاو کەناڵەکەت نەبێت.

کە وابوو رۆڵی تۆ چیە لەبیناکردنی کۆمەڵگەدا؟ ئەو شێوازە توندە هێرش بەرەی کەلە رۆژنامەکاندا بەدی دەکرێن دەربارەی هەندیّ کێشە و گرفت، زیاد لە پێویستەو دەبێتە هۆی دروستکردنی

جیاوازی و ناکۆکی و لێك نەگەیشتن، ئایا تۆ وەك رۆژنامە نووسێك لەو دەزگایانە هەستتکردووە کە ئەو رۆڵەی رۆژنامەگەری بە هەردوو بەشەکەیەوە دەیبینین لە بلاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاریەکان سوودێکی ئەو تۆیان لە بیناکردنی کۆمەڵگەدا نیەو یارمەتی هاولاتیان نادات کە بەئەرکی خۆیان هەستن، بەڵکو هانی ناکۆکیانداوە، تەنها لایەنی هەستیاروو رۆژینەری ر ووداوەکانی رۆژانەیان نیشانداوە، هانی هاولاتیان نەداوە بۆ لێك گەیشتن و تێکەڵبوون و بەشداری و هەڵگرتنی بەرپرسێتی چارەسەرکردنی کێشەو گرفتەکان، بەڵکو هاولاتیان وەك تەماشاکەرو گوێگر لێکردووە نەك وەك بەشدارێکی کارا.

ئایا ئەو جۆرە رۆژنامەگەرییە خزمەتی بەرژوەندی گشتی دەکات و لەبینای کۆمەڵگەی دیموکراسی و ئابووریەکی پێشکەوتوودا بەشداری دەکات؟ تا چەند رۆژنامەکان هەوڵیانداوە، هاولاتیان فێری کاری خۆبەخش بکەن لەژیانی مەدەنیداو هەوڵدان بۆ پێکەوە کارکردن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان؟

ئەو پرسیارانە ئەوەمان بۆ روونەدەکاتەوە، ئەگەر دەزگاکانی راگەیاندن هەریەکەی بەشێوەو ئاراستەی جیاوازمامەڵە و رەفتاریکرد ئەوە هاولاتیانیش بەهەمان شێوە رەفتارو مامەڵە دەکەن.

ئایا دەزگاکانی راگەیاندن بەتایبەتی ئەهلیەکان بەشێکن لەو کێشەو گرفتانەی لە ولاتدا هەن، یان ئامرازێکن بۆ چارەسەر

کردنیان؟ هەوڵی هۆشیار کردنـەوەو رۆشـنبیر کردنـی هاولاتیانـداوە دەربارەی ئەو پرس و روداوانەی کە لـەژیانی کۆمەڵگەی کوردستاندا لـەسەر ئاستی ناوخۆو دەرەوە رووئەدەن و کاریگەریان هەیـە،یان ئـەو پرس و رۆوداوانەیان کردۆتە بابەت بۆ روخاندنی ورەی هاولاتیـان و دژایەتی کردنی دەسەلاتی سیاسی کورد و دورخـستنەوەی هاولاتیـان لـە بەرپرسێتی، بەداخەوە رۆژنامەگەریێتی لـەکوردسـتاندا بەئاراسـتەیەك کاردەکات کە هاولاتیان تەنها سەیر بکەن و چاوەڕوان بن چی دیکـە دەبینن وە دەبیـستن و دەخوێنـەوە، نـەك هانـدانیان بـۆ بیرکردنـەوەو کارکردن، ئەو رۆژنامانە دەڵێن ئەوە ئەرك و کاری ئێمـە نیـە، بـەلام ئەوە راست نیە و لـەگەڵ بنەماکانی کـاری رۆژنامەگەریـدا نـاگونجێ، بەڵکو شێوازی هاندانە بۆ سەرپێچی کردن و تورەبوون و هەڵچوون، ئەوەش لـەپەرژەوەندی گشتی کۆمەڵگەی کوردوستاندا نیە.

# هەواڵ چیــــە ؟

وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە لـە رواڵـەتدا ئاشکرایە، هەواڵ بەمانای رووداوی نوێ، ئەوەی کە تازە روودەدەن، بەپێی فەرهەنگەکان هەواڵ بەمانای:

((راپۆرت دەربارەی رووداوی نـوێ، یـان ئـەو زانیاریانـەی کـە پێـشتر نـەزانراوون)) بـەڵام ئـەو رووداوانـەی رۆژانـە لــە شــوێنە جیاوازەکانی جیهاندا روودەدەن هەموویان ناگەنە دەست رۆژنامـەکان یان لـەسەر تۆڕەکانی دیکە بڵاو بکرێتەوە.

چی وا دەکات کە هەواڵێك گرنگ بێ کە شایانی بڵاوکردنـەوە بێ؟ ئەوە دەگەرێتەوە بۆ چەند هۆکارێك، بەشێوەی گشتی دەتـوانرێ بڵێین هەواڵ زانیاری گرنگە سەبارەت ئەوانەی مەبەستیانە، لەبەرئـەوە هەواڵـەکان لــە شــوێنێکەوە بـۆ شــوێنێکی تـر لــە رووی گرنگیــەوە دەگۆڕێ، بۆ وێنە هەواڵێك لـە وڵاتێکی ئەورووپایی گرنگە مـەرج نیـە لـە کوردستان گرنگ بێ و بەپێچەوانەوە.

ئایا لـەم دواییەدا شتێك روویـداوە و ئێـستا زانیاریەکـە بـە ئێمـە گەشتووە؟ ئەگەر شتەکە وابێت دەهێنێ کە بڵاو بکرێتەوە، لێرەدا لــە رووی کاتەوە مانای لــەم دواییــەدا بــەپێی ئـامرازی بڵاوکردنەوەکـە دەگۆڕێ، بۆ وێنە گۆڤـارێکی هەفتانـە ئـەوەی بـڵاوی دەکاتــەوە لــە ژمارەی داهاتوویدا نوێیــە، بــەڵام ســەبارەت کــەناڵێکی ئاسمـانی کــە پەخشی شەو و رۆژیە، بەباشترین و لــەبارترین هــەواڵی بــەپێی کـات

هەواڵی کتوپرە لەناکاودا، ئەو ڕووداوانەی لەو کاتەدا ڕوودەدەن، کە پەیامنێری دەتوانێ وێنەیەکی باشی بەزیندوویی بگەیەنێ.

لە ڕووی کاریگەرییەوە، ئایا ژمارەیەکی زۆر یان کەم ئەو ڕووداوە کاریگەریان لێدەکات، بۆ وێنە بڵاوبوونەوەی پەتایەك و مردنی دەیان کەس، یان پیس بوونی ئاوی خواردنەوەی شارێك، لێرەدا هاوڵاتیان لەگەڵ ئەو هەواڵەدا سۆز و نیگەرانیان نیشان ئەدەن، بەڵام پچرانی هێڵی کارەبای گەرەکێك کە نەبێتە هۆی کوژاندنەوەی کارەبا لەسەر، هەواڵێکی گرنگ نیە.

هەواڵ بەپێی نزیکی، ئایا ئەو ڕووداوە نزیك بە شارەکەمان بووە یان پەیوەندە بەکەسانێك دەیان ناسین؟ وەك کەوتنە خوارەوەی موشەکێك، ئەو هەواڵە بۆ ئەو شارە گرنگە کە ڕووداوەکەی تیاڕوداوە ، چەند کەس پێوەبووە، ئەوانە کێن؟ خەڵکی بەپێی بیر و خولیای بایەخ بە هەواڵەکان ئەدات کە هەندێ مشتومڕی لەبارەوە دەکەن، یەکێك دەبێتە لایەنگر یەکێکی دیکە دژی دەبێ، ئەوەش بەمانای دابەشبوون نیە، بەڵکو ململانێیە لە دیدوبۆچوندا.

کاریگەری هەواڵ لەسەر ناوبانگ، کاتێ هەواڵی کەوتنە خوارەوەی ئەو موشەکە بڵاودەبێتەوە و باس لە قوربانیەکانی دەکرێت، کە کێی ناسراو و ناوداری تیایە، وەك دکتۆرێك، ڕۆشنبیرێك، هونەرمەندێك، کە بەهەموو لایەکدا هەواڵی ئەو کەسە بڵاودەبێتەوە و زیاتر دەناسرێ.

ئایا ئەو هەواڵە دەبێتە جێگەی قسە و باسی هاوڵاتیان لەم لاو

ئەولاٚ باسی بکەن و بلاٚوبیێتەوە، بۆ وێنە کۆبوونەوەی کابینەی حکومەت، نابیێتە جێگەی باسی گشتی، بەلاٚم بردنەوەی تیمی وەرزشوانی تۆپی پیٚ لە خولی ئاسیا، یان ئەوروپا، یان دادگای تاوانبارانی ئەنفال دەبیێتە جێگەی قسە و باس و لیٚدوانی جەماوەر.

هەواڵی سەرسورهیٚنەر، ئایا ئەوەی روویداوە نائاساییە وەك ئەو هەواڵەی کە پیاوێك دووپشك ئەخوات، ئەوە سەرنج راکیٚشە.

هەر کۆمەڵگەیەك شیٚوەی ژیان و داب و بایەخدانی خۆی هەیە بەوپیٚیە هەواڵەکان کاریگەریان دەبیٚ و دەبنە جیٚگەی بایەخی ئەوانەی بەپیٚی پیٚکهاتەی کۆمەڵگە هەواڵ بلاٚودەکەنەوە تایبەتمەندی خۆیان هەیە ، بۆ وێنە گۆڤاریٚك یان کەناڵیٚکی TV بەرنامەی منالاٚن بلاٚودەکاتەوە، گۆڤاریٚکی دیکە تایبەتە بەبواری ئابووری، ئەوی دیکە بەزانستی... کاری دەزگا و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بریتیە لە خزمەتکردنی گشتی لەبەرئەوە هەواڵەکان لەو زانیاریانە پیٚك دیٚن کە هاولاٚتیان بەگەورە و بچووکەوە پیٚویستیانە، کە بیزانن تا دریٚژە بە ژیانی رۆژانەی خۆیان بدەن و ببنە هاولاٚتیەکی بونیادنەر، لە کۆمەڵگەیەکی دیموکراسیدا، ئەوەی کە باوە دەزگا و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن هەواڵەکانیان جیابکەنەوە، ئەوەی هەواڵی سەرەکی و راستەوخۆیە، لەگەڵ هەواڵی ئاسایی وتار و بابەتی تایبەتی.

# جۆرەکانی هەواڵ

هەواڵی سەرەکی، هەواڵەکانی رۆژن کە یەکەم لاپەرەی رۆژنامە و گۆڤار و TV و سایتەکاندایە کە دەیانخوێنینەوە دەیان بیستن یان دەیان بینین. وەك جەنگ، سیاسەت، تاوان کارەساتی سروشتی، کاروباری دیکە ئەوانە بابەتی هەواڵە سەرەکیەکانن، بۆ وێنە تۆپ بارانکردنی ناوچە سنووریەکانی کوردستان پشدەر، سیدەکان لەلایەن هێزە سەربازیەکانی ئێران و تورکیاوە، ڕاگەیاندنی لیستی کوردستانی، خۆپێشاندانی لایەنگرانی ڕەوتی چاکسازی لە ئێران دژی سەرکەوتنی ئەحمەدی نەژاد بەسەرۆك کۆمار... بردنەوەی تیمی بەرشلۆنە لە پاڵەواتیەکانی ئەوروپادا، کەوتنە خوارەوەی فرۆکەیەکی فەرەنسی لەسەر زەریای ئەتلەسی... بڵاوبوونەوەی ئەنفلونزای بەراز.

ئەو تایبەتمەندیە هەواڵە سەرەکیەکان جیاناکاتەوە لە وتاری رۆژنامەوانی چونکە هەواڵە سەرەکیەکان بەشێوەیەکی جیاواز تر لە وتارەکان دەنوسرێن بەمانا شێوەی نوسینەکانیان جیاوازە، هەواڵی سەرەکی بەجۆرێك دەنوسرێت کە هاولاتی گرنگترین هەواڵی دەستکەوێت بەخێرایی لەزووترین کاتدا، بەڵام وتارەکان بە سەرەتا و وێنە هێنانەوە کە جێگەی بایەخی جەماوەر بێ و سەرنجی راکێشی ئەوسا دەچێتە ناو ناوەرۆکی بابەتەکە، کە کاتێکی زیاتری دەوێ تا دەگەیتە خاڵی سەرەکی.

هەندێ هەواڵ ئەو دوو شێوەیەی تیا کۆدەبێتەوە بەتایبەتی ئەو

هەوالانەی لەژێر کاریگەری کاتدا نین، بەلام بایەخ بە پرسی گشتی و گرنگ دەدەن کە پێی دەوترێت (وتاری رۆژنامەوانی هەواڵ ئاویز)

بۆ وێنە وتارێك دەربارەی ئایدز یان ئەنفلونزای بەراز هـەواڵێکی سەرەکیە کە بەشـێوەی وتـار دەنوسـرێت، کاریگـەرترە بـۆ زانـین و دۆزینەوەی روکرد و کێشە کۆمەلایەتیەکان و چۆنیەتی مامەڵەکردنی خەڵك لەگەڵیدا.

## خەسڵەتەکانی هەواڵ

بەپێی پێوەرە گشتیەکان دەبێ پێکهاتـەکانی هـەواڵ واقیعـی بـن رووپاندابێ. وردەکاری تیابێت، هیچ جۆرە بۆچوونی تایبەتی شەخسی و ئایـدۆلۆژی تیانـەبێ، پەیوەنـدی بەبارۆدۆخـەوە هـەبێت و تـازە بیستراوبێ. رۆژنامەگـەری سـەردەم لـە ئامـادەکردنی هەواڵەکانـدا، دەیەوێت تەرزێکی نوێ پەیرەو بکات کە لەگەڵ گیانی سەردەمەکە و جۆری حوکمرانیدا بگونجێ، چونکە سیناریۆی دەسەلات لە ولاتێکدا بریتی نیە لە قازانج و زیان، بەڵکو بە ئاراسـتەی چـۆنیەتی رێکەوتنـە وەك شێوەیەك بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان کە هەموولایەك پێی قایل بن، ئەو حاڵەتە لە پرۆسەی سیاسی لە عیراقدا دیار و زاڵـە هـەروەها لە کوردستاندا کە دەسەلاتی سیاسـی کـورد مامەڵـە لەگـەڵ کێـشە هەسـتیارەکانی وەك مـاددەی ١٤٠ و پەیوەنـدی نێـوان حکومـەتی کوردستان و عیراق لەگەڵ دراوسێکانیدا، هـەروەها چارەسـەرکردنی کێشە و گرفتەکانی ناوخۆ، بـەلام رۆژنامەگـەری بەتایبـەتی ئـەهلی،

بەئاراستەی براوە و دۆراو بابەتەکان دەخەنەروو، کێ سەردەکەوێت و کێ دەدۆڕێت.

ئێمە پێویستمان بە ڕۆژنامەگەرییەکە کە نهێنی و ناوەڕۆکی بابەتە جیاوازەکانمان بۆ دەربخات، نەك باسکردنی و لایەنگیری کردن.

## سەرچاوەکانی هەواڵ

ڕۆژنامەچیەکان لە شوێنە جیاوازەکانەوە هەواڵ بەدەستدێنن، بەڵام هەواڵەکان سێ سەرچاوەی سەرەکیان هەیە، یان بە سێ ڕێگەی سەرەکی دروستدەبن:

- ئەو ڕووداوانەی بەشێوەی سروشتی ڕوودەدەن وەك کارەساتە سروشتیەکان و ڕووداوەکانی دیکە.
- ئەو چالاکیانەی کە نەخشەی بۆکێشراوە، وەك کۆبوونەوە و کۆنگرەکان کە ڕۆژنامەچیەکان ئامادەی دەبن.
- دەستپێشخەری و هەوڵ و کۆششی ڕۆژنامەنووسان.

زۆرجار هەندێ هەواڵ هیچ نەخشە و پێشینەیەکی نیە کە ڕوودەدات وەك نوقم بوونی کەشتیەکی دەریایی، یان کەوتنەوەی ئاگرێك یان لافاوێکی گەورە، کەوتنە خوارەوەی فڕۆکەیەك، ئەوانە بۆ ماوەی چەند ڕۆژ وەك هەواڵی گرنگ دەمێننەوە. چۆنیەتی گەیاندنی ئەو هەواڵە دەکەوێتە سەر نزیکی و دووری ڕۆژنامەنووس لێیەوە. یان ئەوانەی لەو ڕووداوانەدا زیانیان لێ کەوتووە و بوونەتە

قوربانی.

جگە لەوە دام و دەزگا حکومیەکان، ناوەندە سیاسی و ئـابووری و مەدەنیـەکان رۆژانـە چـەندین زانیـاری لەرێگـەی کـەناڵ و تـۆری جیاوازەوە بلاّودەکەنەوە دەربارەی چالاکی بەرنامە و ئاکامەکانی، کە لەسەر رۆژنامەنووسە هەوڵبدات بەوردی و راسـتی ئـەو زانیاریانـەی دەستکەویّت و بەراوردیان بکات.

باشترین سەرچاوە سەبارەت رۆژنامەنووسان کـە بەدەسـتی دیّـنن ئەو هەوالاّنەیە کە بە هـەوڵ و کۆشـشی دەستپێـشخەریانەی خۆیـان بەدەستی دیّنن، لەرێگەی کەسانی دیکـەوە. کـە سـەردانی بارەگـا و نوسینگەی رۆژنامـەیان رادیـۆ و TV دەکـەن، یـان بەرێگـەی دیکـە پەیوەندی دەکەن، سکالاّیەکیان هەیە، یان پێشنیارێك یان پرۆژەیـەك، یان زانیاریەکی وردیان پێیە.

سەرچـاوەیەکی دیکـە سـۆراخکردنی هـەواڵی پێـشوترە، کـە بلاّوکراوەتەوە و بایەخی هەیە، دەبیّ بەدواداچوونی بۆ بکرێـت و لـە راسـتی و ووردی بکۆڵـنـەوە و ئاکامـە بـاش و خراپـەکانی بـزانن و بیخەنەروو.

لەو سەرچاوانەی ئاماژەیان پێکرا سـیّ رەگـەزی سـەرەکی هـەن گرنگن کـە سەرچـاوە پلـە یەکـەکانیان پـیّ دەڵـێن کـە بریتیـە لـە دیاریکردنی ناوی سەرچاوەکە.

لەوانەی: بەشداری رووداوەکەبوون، یان لە رووداوەکەدابوون.

قوربانیانی رووداوەکە.

ئاگاداربوانی یان شاهیدەکانی رووداوەکە.

پێویستە رۆژنامەنووس (پەیامنێر) قسە لەگەڵ هەموو جۆرە کەسێکدا بکات، نەك تەنها قسە لەگەڵ شارەزایاندا بکات، چونکە لەوانەیە ئەوان هەڵیانخەڵەتێنن و بەئاراستەیەکی دیکە قسە بکەن و باسی رووداوەکە بکەن، لایەنی تیا بشارنەوە، یان لایەنی، تیا تاوانبار بکەن.

دەبێ رەچاوی ئەوە بکرێت کە رۆژنامەنووس بزانێ باش مامەڵەی لەگەڵ ئەو رووداو و هەواڵانەدا کردووە؟ ئایا تەنها زمانحاڵی ئەو هەواڵەیە پەیوەندی بەکێوە دەکەیت، توانیت هاوسەنگی دروست بکەیت لەنێوان ئەم سەرچاوەیەوە سەرچاوەیەکی دیکەدا، ئایا ئەوانەی قسەیان لەگەڵدا دەکەیت بەراستی زانیاریت لەبارەی رووداو و هەواڵەکەوە ئەدەنێ؟ هەندێ جار رۆژنامەنووس رووبەرووی سەرچاوەی ناکۆك لە گەیاندنی هەواڵ دەبێتەوە لەبەرئەوە ئاماژە بە هەردووکیان یان سەرچاوەکان بکە نەبوونی روونی بۆ هاوڵاتیان ئاشکرابکەن، دەتوانرێ ناکۆکی هەواڵێك وەك بابەتێك بۆ نموونە باس بکرێ. ئەوانەی لەبواری رۆژنامەگەریدا کاردەکەن، هەوڵئەدەن پێناسەی هەواڵ بکەن، زۆربەیان دەڵێن:هەواڵ بریتیە لە: ناکۆکی لەنێوان ئەوانەی لەدەسەلاتدان، لەگەڵ ئەوانەی دەیانەوێت بچنە جێگایان، لەنێوان سەرکەوتوو ژێر کەوتوودا،

لەنێوان لایەنگرو دژدا، رۆژنامەگەری هەوڵئەدات ئەو تێگەیە فراوان بکات و دەیەوێت لەوە دورتر بروات. بەڵکو دەڵێ: هەواڵ گواستنەوەی زانیاری و مەعریفەیە، نەك تەنها پەرەسەندنی یان چۆنیەتی رووداوەکان، بەڵکو بایەخ بەگواستنەوەی دۆخی جیاوازییەکان و رێکەوتنەکان ئەدات، باسکردنی سەرکەوتن وەك باسکردنی ژێرکەوتن وایە، چونکە یارمەتی کۆمەڵگا ئەدات کە چارەسەری کێشەو پرسە قورسەکانیان بکەن.

رۆژنامەگەری سەردەم دەیەوێت لەئامادەکردنی راپۆرتەکاندا تەرزێکی نوێ پەیرەو بکات کە لەگەڵ گیانی سەردەمەکە و جۆری حوکمرانیدا بگونجێ، چونکە سیناریۆی دەسەلات لەولاتێکدا بریتی نییە لەقازانج و زیان، بەڵکو بە ئاراستەی چۆنیەتی رێکەوتننە وەك شێوەیەك بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، کە هەموولایەك پێی قایل بن.

***ئەرکی رۆژنامەگەری ئازاد بەرامبەر کۆمەڵگەی بریتیە لە:***

١-رۆژنامەگەرییەك کە بتوانێ توانای مامەڵەکردنی کۆمەڵگە لەگەڵ کێشەکاندا کاراوئاسایی بکات.

٢-بەرزکردنەوەی پلەو ئاستی زانین و پەی بردنی هاولاتیان بەپرسە دیاریکراوەکان.

٣-دروستکردنی بۆچونێکی پۆزەتیف لەلایەن هاولاتیانەوە دەربارەی راگەیاندن.

٤-هاندانی چین و توێژەکانی کۆمەڵگە بۆ بەشداریکردن لەچالاکی

مەدەنیدا.

## ئەرکی رۆژنامەگەری سەبارەت خودی خۆی

١- رۆژنامەگەرییەك بێت كە بتوانێ راپۆرت و هەواڵی راست و قوڵ پێشكەش بكات كە رەنگدانەوەی پەرژەندیەكانی كۆمەڵگا بێت و خزمەتی ئەو بەرژوەندییە بكات

٢- دەبێ بە باشی لەواقیعی كۆمەڵ و كۆمەڵگە كەیان ئاگادار بن و لێ ی تێبگەن.

٣- بتوانن هەندێ داب و نەریتی زیان بەخشیی باو بگۆڕن و لەناوی بەرن.

٤- بتوانن گۆڕانێكی چەشنی و داهێنان لەكاری رۆژنامەگەریدا لەرووی نووسین، لاپەڕەی نوێ، رێپۆرتاژ، كاری نوێ، پێوەری نوێ، زمانێكی پاراو، بەداتاكردنی ئەركەكان بكەن. ئەوانە بابەت گەلێ گرنگن كە ئەزموونی ولاتانی پێشكەوتوون.

پێویستە هەوڵی تاقیكردنەوەیان بدرێت، چونكە ئەو بابەتانە لای ئێمە نوێن و دەبێ ئەوە لەیادنەكرێت ئەوا نە چارەسەری ئەو كەم و كوڕی و گلەییانەن كە رووبەڕوی رۆژنامەگەری بۆتەوە.بەلام دەشێ بزانرێ كەئەوانە هەموو بەجارێك ناكرێت و بەدی نایەت، بەلام هەوڵدان بۆ بەدیهێنانی بەشێكی زۆری ئەوانە خزمەتێكی گەورەیە بەژیان و رەوتی رۆژنامەگەی و كۆمەڵگە.

ئایا لەناو دەزگاکانی راگەیاندنی ئێمە دا لیژنەی هەواڵ هەیە؟ بۆ هەربابەتێکی دیکە کە قسەی لەسەر دەکەن، وەك: مێژوو، کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابوری، یاسایی، زانستی، رۆشنبیری..تد لیژانی تایبەت و توێژەرو پسپۆری تایبەت هەن، کاتێ باس لەیەکێك لەو بوارانە دەکرێت هەڵی سەنگێنن، یان دواتر رای لەسەر بدەن و راکان بڵاوبکرێتەوە و قسەی لەسەر بکەن و بۆ ئەوەی کە موکوڕی و هەڵە کان راست بکەنەوە، یان هەر کەس چی نوسی و بڵاو کرایەوە بۆ خۆی بەرپرسە و ئیتر ئەو بابەتە راست بێ یان نا، زیان بەخش بێ یان نا، چەواشەکاری بێ یان نا...

تۆمارکردنی سکاڵانامە لەدادگاکان دژی رۆژنامەکان و رۆژنامەچیەکان هێنان و بردنی ئەو کە سانەو باسکردنیان، کارێکە رەنگدانەوەی خراپی لەسەر رۆژنامەگەری داناوە، چونکە متمانە کەم دەکاتەوە، کێشە دروست دەکات، لەبەر ئەوە پێویستە رۆژنامەگەری ئێمە بە تایبەتی ئەهلی خۆی بە دوربگرێت لەو بابەتانەی کەپەیوەندە بە کەسێکەوە و خزمەتی بەرژوەندی گشتی ناکات، ئەزموونی رۆژنامەگەری لە وڵاتانی دیموکراسیدا دەریانخستووە ئەو جۆرە بابەتانە جگە لەوەی ئاماژەی پێکرا تواناو کات و دەرامەتی رۆژنامەگەری دەبات و ئەو رۆژنامانەی بەدوی ئەو بابەتانەدا دەڕوات کارێکی سوود بەخش ناکەن، چونکە دەبێتە هۆی دروست بوونی گوشار لەسەر ئەو دەزگاو کەناڵ و کەسانە، بەڵکو ئەو بابەت و زانیاری

راپۆرتــە دروســتانەی پەیوەنــدی بــە: گەنــدەڵی، ســتەم و خــراپ بەکارهێنانی دەسەڵات، پشتگوێ خستنی چاودێری و سۆراخکردنی پرۆژەکــان و چــۆنیەتی ئەنجامــدانیان، بــاری ئاســایش و ئــارامی، خزمەتگوزارییــەکان، قــسەکردن لەســەر دیــاردە زیــان بەخــشەکان، بەرنامەی کاری حکومــەت هەمووئەوانــەی بابــەتی گــرنگن جێگــەی بایــەخی هاوڵاتیــانن، هــەروەها راپۆرتــە هەواڵیــەکان کــە تایبــەتن بەبڵاوکردنەوەی رەفتــارو مامەڵــەی نادروســت وهەڵــە کــەزیان بــە پەرژەوەندی گشتی دەگەیەنن جێگەی بایەخن ئەویش بەپــشت بەســتن بە بەڵگەی سەلمێنەر.

# رۆژنامە و دیموکراسیەت

ئــەو رۆژنامانـــەی کوشـــش دەکـــەن بـــۆ گـــەڕان بـــەدوای کاروبارەکانداو زانیاری دروست بەدەست دێـنن تادەگەنـە ئـەنجامی دروســـت، بایـــەخ و گرنگـــی زۆریـــان لـــەجێگرکردنی حـــوکمی دیموکراسیدا هەیە.

لەو رێگەیەوە ئەو وێنەیە دەردەکەوێت کەراگەیانـدن دەسـەلاتی چوار هەمە، بـەپێی ئـەو وێنەیـە رۆژنامەگـەری لەسـایەی دەسـەلاتی دیموکراسـیدا لەسـەریەتی کـە لێپرسـینەوە لـە حکومـەت بکـات، لەرێگەی بلاو کردنەوەی ئەو زایناریانـەی پەیوەنـدی بـەکارو بـاری گشتیەوە ئەگەر ئەو زانیاریانەش پەردە لەسەر تاوانی ئەوانـە لابـدات کە لـە دەسـەلاتدان، لـەو رووانگەیـەوە ئـەو راپۆرتانـەی رۆژنامـەی کوشکەر کەپەیوەندی بەکۆتایی کاروبارەکانـەوە و پێـشکەشکردنی بەشـــدارییەکی گرنگـــە بـــۆ ســـەقامگیری دیموکراســـیەت، چـــونکە بەســـتراوەتەوە بـــە لـــۆژیکی هاوســـەنگی لەسیـــستەمی دیموکراسـیداو میکانیزمێکی گرنگە بۆ چاودێری کردنـی نوانـدنی دام و دەزگاکـانی حکومـــەت. لـــەولاتانی دیموکراســـیدا ئـــەو هـــەواڵ و راپۆرتانـــەی رۆژنامەکان بـلاوی دەکەنـەوە دەربـارەی کەسـێیەتیە سیاسـیەکان و جێگەی بێزاریانەو پێی قەلس دەبن، بەتایبەتی ئـەو هەوالانـەی دەبنـە جێگەی نارەزایی و تورەبـوونی هاولاتیـان، کـە حکومـەت و لایەنـە پەیوەندیدارەکانی ناچار دەکات لێکۆڵینـەوە لـەگـەڵ ئـەو کەسـانەدا

بکرێت. ئەو کێشەیەی ئێستا کەرووبەڕوی سەرۆ کی ئیسرائیل بۆتەوە...رۆژنامەکانی ئەو ولاتە هەواڵێکیان بلاو کردەوە گوایە سەرۆکی حکومەت بەرتیلی وەرگرتووە، ئەو هەواڵە سەرۆکی حکومەتی ناچار کردووە پۆلیس لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا بکەن، و دور نیە پۆستەکەی لەدەست بدات.

لەبارێکدا حکومەت گوێی بەو کاروبارانە نەداو لێپرسینەوەی لەو بارەیەوە لەگەڵ کەسەکاندا نەکرد، یان لێکۆڵینەوەکانی بوونە جێگەی گومان و کێشەی دیکە، لەوبارەدا رۆژنامە گەر بەشداری لێپرسینەوە لە حکومەت دەکەن، لەرێگەی چاودێریکردنی نواندنی دام و دەزگاکان، کە چۆن دەستور و یاساکان و رێنمایەکان جێبەجێ دەکەن و ئایا بە شێوەی بەرپرسانە رەفتار دەکەن و ئاگادار کردنی هاولاتیان و کەسێیەتیە سیاسیەکان بەبوونی ئەو پرس و کێشانەی کە لەسەریانەوە دەبێ چارەسەرییان بکەن.

مەرج نیە ئەوەی جێگەی بایەخی رۆژنامەیە هەمیشە بگاتە ئاستی لێکۆڵینەوەو لێپرسینەوە لە بەرپرسان، بەلام زانیاری سەرچاویەکی پێویستە تا گەل هۆشیارو ئاگادار بێت و دەسەلاتی لێپرسینەوەی لە حکومەت هەبێت لەرێگەی هەڵبژاردنەکانەوە.

# توانای گەشتن بە دۆسیەکانی حکومەت

دوو هۆکاری سەرەکی هەن بۆ کاری رۆژنامەگەری لەبواری گەشتن بە زانیاریەکان و چۆنیەتی کۆتایی کارو بارەکان لەلایەن دام و دەزگاکانی حکومەتەوە،

یەکەم: بوونی یاسای تایبەت بەو بوارە کە دەستەبەری روونی (شەفافیەت) دەکات لەکاروباری گشتیدا و گەیشتن بەو زانیاریانەی مەبەستن.

دووەم: کۆبوونەوەکانی حکومەت بەشێوەی ئاشکراوکراوە بن.

ئەگەر هاتوو مەترسی چاودێریکردنی رۆژنامەگەری لەئارادابوو پێویستە دەزگاکانی راگەیاندن خۆیان لەو بابەت و هەواڵانەی کە جێگەی مشتومڕو گرفتن ببوێرن، تا دووچاری دادگاو سزادان نەبن.

سیستەمە دیموکراسیەکان ئەو بوارانە دەرەخسێنن بۆ رۆژنامەگەری تا زانیاری بەدەست بێنن و کاری خۆیان بەباشی ببینن.

# ئەخلاقی رۆژنامەگەری

ئەگەر زانیمان هێز بەمانای توانای کاریگەریبوون لەسەر کەسانی دیکە. رۆژنامەگەری ئازاد هێزێکی گەورەی هەیە لە ولاَتانی دیموکراسیدا. کە دەتوانن بێ رەزامەندی و سانسۆری حکومەت هەواڵ و زانیاری کاریگەر لەسەر ڕای گشتی و حکومەت بلاَوبکەنەوە، بەلاَم ئەو مافە کە بەرۆژنامەچیەکان دراوە رەها نیە، بەڵکو دەیانخاتە بەردەم بەرپرسێتی، کە دەبێ ئەو هەواڵ و زانیاریانە بەراستگۆیی و وردی ویژدانەوە بلاَوبکەنەوە، دەزانین دەستوور و یاساکان چیان دیاریکردووە لەوەی دەشێ و لەوەشی کە ناشێ، بەلاَم بنەما و باوەرە ئەخلاقیەکان کە سیستەمێکە بۆ رێنمایکردن و ئاراستەکردن ئەوە دیاری دەکات کە دەبێ لەسەر بنەمای بەهاونرخی کەسێتی و پیشەیی و کۆمەلاَیەتی و ئەخلاقی بکرێت، ئەوەش هەڵقولاَوی بیرکردنەوی باش و بڕیاردانی ئەخلاقیە کە پیادەکردنی ئەو بەهایانەیە لە کاری رۆژانەی رۆژنامەگەریدا.

لە ساڵی ١٩٩٤ دا ولاَتانی کیشوەری ئەمەریکا راگەیاندنێکیان بەناوی (تشابولیتیك) بلاَوکردەوە، کە دەڵێ: ئەو دەزگا و کەنالاَنەی رۆژنامەگەری کە لەسەر بنەمای ئەخلاقی دامەزراوون و کاردەکەن، توخمێکی سەرەکین بۆ سەرکەوتنی دەزگاکانی ڕاگەیاندن لەمەودای دووردا، لەو ڕاگەیاندنەدا هاتووە:

راستگۆی رۆژنامەگەری گرێدراوە بەپابەندبوونی بەراستی و

حەقیقەتەوە و پابەندبوونی بەهەوڵـدان بـۆ بـەدیهێنانی وردی، پـاکی، بابەتی بەروونی جیاکردنەوی هەواڵ لە پروپاگاندە...

کـاتێ ڕۆژنامەچـیەکان ڕەفتـارێکی نائـەخلاقی دەگرنەبـەر، وەك گۆرینی هەندێ پروپاگاندە و کردنی بەهـەواڵ، ئـەو ڕەفتـارە گومـان لەسـەر ڕاسـتگۆیی ڕۆژنامەچـیەکان و پیـشەکە دروسـت دەکـات، لەومیانەدا هاولاّتیان حەقیانە کە گومان لەو هەواڵ و زانیاریانە بکەن، کـە لـە دەزگـا و کەناڵـەکانی ڕاگەیاندنـەوە بلاّودەبێتـەوە، ئـەوەش سەرجەم ڕۆژنامەچیەکان و دامەزراوەکان لێی زەرەرمەند دەبن.

ڕۆژنامەنوسەکان بەرپرسن و لەسـەریانە کـە بـەها ئەخلاقیـەکان نەکەنـە قوربـانی بـەدیهێنانی ئامـانجی دیکـە وەك، پێـشدەستی لـە بلاّوکردنەوەی هەواڵ و زانیاریدا.

هەندێ جار ئەوە دووچاری گرفت و تەنگژەیان دەکـات. کـاتێ تەنگژەیەکی وا دێتە ئاراوە، دەبـێ بەرپرسـانی ئـەو دەزگـا و کەناڵـە چارەسـەری بکـەن و بڕیـاری شـیاوی لـە بـارەوە بـدەن. پێویـستە سەرنووسەر و بەرێوەبەرانی نووسین، یان دەستەی بەرێوەبـەر ڕێنمـایی پەیامنێرەکان و نووسەرەکانیان بکەن، دەربـارەی چـۆنیەتی پاراسـتنی بەها و پێوەرە ئەخلاقیەکان. لـە ڕوودانـی هـەر سەرپێـچیەکدا دەبـێ بەرپرسانی نوسینگەکانی نووسین لەگەڵ سەرجەم ڕۆژنامەچیەکان لەو دەزگا و کەناڵـەدا کۆببنـەوە، بـۆ دەرکردنـی بڕیـارێکی شـیاو لـەو بارەیەوە، کە دەبێ لە سەرەتادا جۆری سەرپێچیەکە، کێشەکە دیاری بکرێت و بزانرێت هاولاّتیان هەست بەچی دەکەن و چیان لاپەسـەند

نیه و نیگەرانی کردوون، هەروەها سەبارەت خـودی رۆژنامەچـیەکان و بزانرێت کە چ بەها و پێوەرێك پێشێلکراوە و لـە مەترسـیدایە، چ پرسـێکی رۆژنامـەوانی روبـەرووی دژواری دەبێتـەوە؟ هەنـدێ جـار کێـشەکە بریتیـە لــە شــلۆقی لــەنێوان ئامــانجێکی رۆژنامــەوانی و هەڵوێستێکی ئەخلاقیدا، ئەو رۆژنامەچیەی توانیویە بەتەنها و بـەر لـە هەموو رۆژنامەچیەکانی دیکە هـەواڵێك زانیاریـەك بەدەسـت بێنـێ و حەزدەکات بەرلـەوەی رۆژنامەچی دیکە بەدەسـتی بگـات، بـەخێرایی بلاوبکرێتەوە، بەلام دەبێ سەیری ئاکامەکان بکات، ئەگەر هاتوو ئەو هەواڵ و زانیاریە راست نەبوو؟ دوای دیاریکردنی کێـشەکە پێویـستە زانیاری تەواو کۆبکرێتەوە بۆ یارمەتیدان لە بڕیاردا. بۆ ئـەو مەبەسـتە بە سیاسـەت و بەرنامـە و رێنماییـەکانی نووسـینگەی سەرنووسـەر و بەرێوەبەرانی نوسیندا بـچنەوە، ئەگـەر ئـەو میتـۆدە پـەیڕەوکراوبوو، لـەگـەڵ کەسـانی دیکـە باسـی گرفتەکـە بکـە، راوێـژکردن لـەگـەڵ بەرپرسانی نووسین، پشت بستن بەپرۆسەی بڕیاردانی ئەخلاقی راست، رۆژنامەنووسان و دەزگا و کەناڵـەکانیان دەخاتـە خانەیەکـەوە، کـە بەئاسانی و ئاشکرا پاساو بۆ کارەکانیان بهێننەوە و راسـتگۆییان پتـەو بەهێزدەکات، دەیسەلمێنن کە جێگەی بڕاو و متمانەی هاولاتیانن.

ئەو دەزگا و کەنالانەی کـە نوسـینگەکانی نووسـینیان پرۆسـەی ئەخلاقی هەڵدەسەنگێنن لە کـاتی بڕیاردانـدا، تـاوتوێی هـەموو ئـەو پرسانە دەکەن، نەك تەنها لەو کاتەی کە کێـشە و گرفـت دروسـت دەبــێ. هەنــدێ نووســینگە کۆبوونــەوەی رێکوپێــك دەکــەن بــۆ

گفتوگۆکردن دەربارەی ئەو تەگەرانەی کـە لـەوانەیـە بێتـەدی، ئـەو ڕۆژنامەنووسانەی کە بەباشی و بەعەقلێکی کـراوە گـوێ دەگـرن و زاڵدەبن بەسەر سۆزیاندا و لـە کەسێکی تونـد و کەلـەرەقـەوە، دەبنـە کەسێکی نەرم و نیان، دەتوانن لێهاتووییان بـەکاربێنن و ڕووبـەڕووی هەر کێشەیەکی ئەخلاقی ببنەوە.

لــەکاری ڕۆژنامەگەریــدا هــەر پــەیامنێرو نووســەرێك بــەدوای ڕووداو و بابــەت و کــارێکی دیــاریکراودا دەگــەڕێت، هەریەکــەش لەدۆخ و شوێنێکی جیاوازدا، لەبەر ئەوەی دانانی بنەمایەکی ئەخلاقی کە لەگەڵ ئەو جیاوازیەدا بگونجی ئاسان نیە، بەلام چەندین پێوەر هەن کەبەشــێوەیەکی گــشتی لەلایــەن دەزگاکــانی ڕاگەیاندنــەوە جێگــەی ڕەزامەندین، بــەڵام ئــەوەی ئــەو دەزگایانــەو پــەیامنێرەکان ڕەچــاوی دەکەن باری یاســاییە و تــرس لــە لێپرســینەوەو ســزادان نــەك بــاری ئەخلاقی، بەکوردی ئەوەندەی ڕەچاوی باری یاسایی دەکەن، ڕەچاوی لایەنە ئەخلاقییەکە ناکەن.

ئەخلاقی ڕۆژنامەگەری بریتیە لە چۆنیەتی جیاکاری لەنێوان باش و خراپدا، لەنێوان شەڕو خێردا، بــەپێی ئــەو بنــەما فەلــسەفیەی کــە پاساو بۆ ئەوانە دەهێنێتەوە لەگەڵ ئەو بەهایەی لــەو بــوارەدا ڕەچــاو دەکرێت، ئەوەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن پێویستیانە گەیشتنە بەو پلــەو ئاستەی کە کێ و کام لــەو هــەواڵ و زانیاریانــە ســوودمەندن ئەگــەر ڕۆژنامەگەری پابەند نــەبێت بەلێپرســینەوە لــەبەرپرســانی حکومــەت، پێویستە وەلامی ئەو پرسیارە بدەنەوە کە ڕووبەڕوویان دەبێتەو ئەویش

ئەوەیە: ئایا گەلْ لە بلاّوکردنەوەی ئەو لێکۆڵینەوانەی لەو بارەیەوە دەکرێن سوودمەند دەبێت؟ ئەو راپۆرتانەی بلاّوی دەکەنەوە خزمەتی بەرژەوەندی کێ و چی دەکات؟

ئایا رۆژنامەگەری بەئەرکی خۆی هەستاوە لەئاشکراکردنی هەلْسوکەوتو رەفتاری نادروستی بەرپرسان؟ ئەوە چ کاریگەریەکی دەبێت، مافی کێ پێشێل دەکات؟ ئایا ئەو بابەتە رەوایەو جێگەی بایەخی گشتیە؟

ئایا ئەو بابەتە دەهێنی باس بکرێت مافی تایبەتی کەسێك پێشێل ناکات. بەبیٚ ئەوەی پەیوەندی بە کێشەیەکی گشتییەوە هەبێت؟ زۆربەی مشتومڕەکان دەربارەی ئەخلاّقی رۆژنامەگەری لە چۆنیەتی پەیڕەو کردنی میتۆدی ئەخلاقیەکەدا چڕ بۆتەوە، ئایا شێوازێکی رێك و باش بۆ ئاشکراکردنی هەلْسوکەوت و رەفتارەکانی هەیە؟ ئایا دەبیٚ رۆژنامە چیەکان پێناسەی ساختە بەکاربێنن بۆ گەیشتن بەزانیاریەکان؟ ئایا رێگە بدرێت بە پەیامنێران ئامێرەکانی دەنگ و رەنگ بشارنەوەو بەدزیەوە رووداو هەوالێك تۆمار بکەن؟ ئایا پەنابردنە بەر فێل و ساختە کاری رەوایە،کاتیٚ رۆژنامەچیەك دەیەوێت راستیەکان بزانێت؟

دەربارەی وەلاّمی ئەو پرسیارانە، لایەنێکی سەرەکی و گرنگ هەیە کەدەبیٚ رەچاو بکرێت ئەویش هاولاّتیان و گەلە، کە ئەو شێوازانە بۆ ئاشکرا کردنی هەوالێك وزانینی زانیاریەك لەلایەن رۆژنامەچیەکانەوە بە پەسەند نازانن، چونکە ئەو رەفتارە بەهەلْە دەزانن، خەلْکی بەچاوی گومانەوە سەیری رۆژنامەچیەکان دەکەن

کــە هەڵدەســتن بــە پێــشێلکردنی مــافی تایبــەتی کەســانی دیکــە، بۆبەدەستهێنانی هەندێ هەواڵ یان زانیاری، هاوڵاتیان دەڵـێن گرنگـی ئەو هەواڵانـە هـەر چـیەك بێـت ئـەو فێـل و سـاختە کاریـە نـاهێنێ، بەشــێوەیەکی گــشتی هاوڵاتیــان لەگــەڵ ئــەو مافانــەدانین کــە رۆژنامەچیەکان و دەزگاکانیان بەخۆیانی ئەدەن بۆ گەشتن بە چۆنیەتی رووداوێــك، زانیاریــەك، هــەوالێك، بــەو هۆیــەوە لــەزۆر وڵاتــدا راستگۆیی رۆژنامەگەری لەئاستێکی نزمدایە.

لەبەرئــەوە دەبــێ دەزگاکــانی رۆژنامەگــەری هەوڵبــدەن بــرواو متمانــەی هاوڵاتیــان. بەدەســت بێــنن و لــەقی نەکــەن، چــونکە ئــەو متمانەیە سەرمایەی سەرەکی ئەوانە، بەلام لەهەندێ کات و شـوێن و باردا ئـەو متمانەیـە دەدۆڕێـنن بـەهۆی ئـەو شـێوازەوە، دەزگاکـانی راگەیاندن و رۆژنامەچیان دەبێ رەچاوی بابەتێکی زۆر گرنگ بکەن ، ئەویش ئەوەیە کە هاوڵاتیان باوەڕو قەناعەتیان وایە کە ئـەو هـەواڵ و راپـۆرت و زانیاریانـەش رۆژنامەچـیەکان بـلاوی دەکەنـەوە گومـان لەراستی و دورستیان هەیە بلاوی دەکەنـەو، ئـەو بـاوەڕو قەناعەتـە هەمان رەنگدانەوەی دەبێت لـەسەر راستگۆیی راپۆرت و هەواڵـەکانی دیکە، بـەوەش هەڵوێـستی هاوڵاتیـان بەرامبـەر رۆژنامەگـەری لاواز دەبێت.

لایەنی ئەخلاقی تەنها پەیوەست نیەو ناگەڕێتەوە بۆ سەر شـێوەی بەدەستهێنانی هەواڵ و زایناری،بەڵکو گەندەڵی کێـشەیەکی ئـەخلاقی لە لێکۆڵینـەوە رۆژنامەوانیەکانـدا دروسـت دەکـات، لــە رەفتـاری

رۆژنامەچیەکاندا چەندین شێوەی گەندەڵیێ هەیە،لەوانە قبـوڵ کردنـی بەرتیل، یان بلآو نەکردنەوەی هەندێ هەواڵ و راپۆرت، یان پـارەدان بە هەندێ سەرچاوە بۆ ئەوەی زانیارییان بداتیێ، دەبـیێ رەچـاوی ئـەو زیانانە بکرێت کە لەئاکامی ئـەو راپۆرتانـە بـەر هاولآتیـان و کۆمـەڵ دەکـەوێت. دەبـیێ ئـەو بابەتانـەی جێگـەی بایـەخن و پەیوەنـدن بەتایبەتمەندییێتی و مافی زانیاری هاولآتی جیـا بکرێتـەوە، دەبـیێ بـزانین رەچاو کردنـی تایبەتمەنـدی هـاولآتی ئاسـایی جیـاوازە لەتایبەتمەنـدی کەسێتیە گشتیەکان. یان جیـاوازی لـەنێوان ئـەو دوو تایبەتمەندیەتـدا بکـەن. بنـەما ئەخلاقیـەکان چارەسـەری یەکلاکـەرەوەنین و هـیچ چارەسەرێکی ئامـادەکراوی ئاسـان بـۆ پرسـی ئـەخلاقی نیـە، بـەلام زۆربەی پسپۆران لەسەر ئەو رایـە کـۆکن کـەدەبیێ رۆژنامەچـیەکان هەست بە بابەتەکانی وەك: دادپەروەری ، هاوسەنگی، وردبینی بکەن. لەسەر پەیامنێران و نووسەران پێویستە هەمیشە لەخۆیان بپرسن، ئایـا ئامادەن لای سەرنووسەرەکان و لای هاولآتیان پاساو بۆ بڕیارەکانیـان بهێنەوە، لەسەر یانە هەست بکەن کە راپۆرتەکانیان چەند کاریگەری لەسەر بەرژەوەندییـەکان دەبێـت، هەمیـشە بـەپێی پێـوەری پیـشەیی دیاریکراو کار و ئەرکیان بەجیێ بگەیەنن.

**لەکوردستاندا لەسایەی ئەزموونی دیموکراسـیدا، رۆژنامەگـەری ئـازاد پـەرەی سـەندووە، بـەلآم نـەیتوانیوە رۆشـنبری و پایـەکانی دیموکراسـیەت بـەهێز بکـات، بـەڵکو ئەوانـەی بـەناوی ئەهلیـەوە دەردەچن دژایەتی کردنی دەسـەلآتی کوردسـتانیان کردۆتـە ئـەرکی**

خۆیان بەناوی ئـازادی رادەربـڕین و رەخنــەوە. لــەقۆناغی بــەر لــە راپەڕین و ئازادکردنی کوردستان، هەواڵ و راپـۆرت و زانیارییــەکان لـەرێگەی ئۆرگان و بەیان و بـڵاو کراوەکـانی پارتـە سیاسـەکاننەوە بەشێوەیەکی سنوردار دەگەشتە دەستی هاوڵاتیـان و دەمـاو دەم بـڵاو دەبۆیەوە. هەر ئەوانەی دوێـنی بناغـەی ئـەمڕۆیان دامەزرانـد و دانـا کەکەشێکی ئازاد بۆ هــەمووان لـەئارادایــە، پێویــستە بقۆزرێتــەوە بـۆ جێگیر کردن و پتەو کردنی دیموکراسیەت لـەکوردسـتاندا و هانـدانی بەشــداری و هەسـتکردن بەبەرپرسـێتی، لـەرێگــەی پــەیڕەو کــردن و پابەنــدبوون بەبنــەماو پێوەرەکــانی رۆژنامەگــەری ئــازاد و پاراســتنی هاوسەنگی و ئەخلاقی ئەو ئـامرازە لــە پێنــاو بەرژەوەنـدی گـشتیدا، چــونکە بــەهای رۆژنامەگــەری ئــازاد لەوەدایــە چــەند بەشــداری لــــەفراوانکردنی دیموکراســــیەتدا لــــەرووی رۆشــــنبیریی و بــــە هاوپڕەنسیپەوە دەکات، هەروەها لــەبواری لێپرسـینەوە لـەبەرپرسـانی حکومەت بەو پێیەی کە لاوازی میکانیزمی لێپرسینەوە لەو بەرپرسانە کێشەیەکی مەترسیدار دروست دەکـات کــە رووبــەڕویی سیــستەمی دیموکراتی دەبێتەوە، وەلام نەدانەوەی گەندەڵی لە خاڵــە لاوازەکـانی هــــەر حکومەتێکــــە، بــــەلام بــــوونی دامــــەزراوەی راگەیانــــدن و رۆژنامەگەری پابەند بە بلاو کردنــەوەی لێکۆڵینــەوەی رۆژنامــەوانی بەشـێوەیەکی بابــەتی و هاوســەنگی ئــەرکێکی گرنگــە، چـونکە ئــەو دەزگایانە رەفتارە نایاساییەکان، بەد رەفتارییەکان لـەیاد ناکەن و وەکو خـۆی دەیهێڵێتــەوە وو لـەکۆتاییــدا دەســەڵاتی یاســادانان و دادەوری

ناچار دەکەن کەلە بارەیەوە لێکۆڵینەوە بکەن، بەلام ئەوەی گرنگە ئەو هەست و بۆچونە لای هاولاتیان دروست نکەن، کەهەمیشە رەفتارو هەڵسوکەوتی بەرپرسان بەهەڵە و نادروست بزانن، چونکە رۆژنامەگەری چەکێکی دوو سەرە گەر بەباشی و دروستی بەکارنەهێنرێت بەخراپی دەگەڕێتەوە سەر کۆمەڵگە، بلاوکردنەوەی راپۆرتی نادروست سەرنجی هاولاتیان و کۆمەڵگە رادەکێشێ بۆ تاوانێکی مەزەندەکراوە، هەروەها دەبێتە هۆی بڕیاردانی پێشوەختە دژی بەرپرسان بەبێ پەنا بردنە بەر دامەزراوە دەستوری و یاساییەکان، کە بۆ لێکۆڵینەوە لەو تاوانانە دامەزراون، لێرەدا دەردەکەوێت کە بەرپرسێتی ئەخلاقی زۆر گرنگە، چونکە بلاوکردنەوەی هەواڵ و راپۆرت دەربارەی تاوانبارکردن بەپێی بەڵگەی تەواو ئاکامەکەی شکاندنی ناوبانگی کەسەکان و دامەزراوەکانی لێدەکەوێتەوە.

لەرۆژنامەگەری کوردستاندا گەندەڵیێ رووبەرێکی زۆری گرتۆتەوە، کە بۆتە جێگەی بایەخی هەموو لایەك، لەسەر ئاستی حکومەت و جەماوەر، کە لەخۆیدا کارێکی گرنگە، بەلام رەچاو کردنی هاوسەنگی لە لێکۆڵینەوەی رۆژنامەوانیدا کارێکی زۆر پێویستە. رۆژنامەگەری لەسەر تەوەری ئەخلاقی و پیشەیی دەسوڕێتەوە نەك لەسەر سانسۆری یاسایی، ئەو ئەخلاقە دەسەلات بەرۆژنامەگەری ئەدات، کە رۆڵی کاریگەری هەبێت و وەك دەسەلاتێك بناسرێت.

زۆر لەدەوڵـــەتان و حكومەتـــەكانیان هـــەوڵی ڕێكخـــستنی ڕۆژنامەگەری ئەدەن لـە ڕێی ڕێنمایی و یاساوە، بەڵام بەپێی ئەزموونی شارەزایان و وڵاتـانی دیمـوكراتی و پێـشكەوتوو لــەڕووی سیاسـی و ئابووریەوە، باشترین ڕێكخەر بریتیە لـە توانای كێبڕكێ و هەسـتكردن بــە بەرپرســێتی و پابەنــدبوون بــەو پێوەرانــەی كــە بــە ئــەخلاقی ڕۆژنامەگەری دادەنرێن.

ئەخلاقی ڕۆژنامەگەری ڕێگە لـەو هەڵـەو پێشێلكاریانە دەگرێـت، كە دەكرێت و دەبنە هۆی ئازاردانی كەسەكان و ڕاستیان دەكاتـەوە، دەزگا جۆر بــە جۆرەكـانی ڕاگەیانـدن لــەم سـەردەمەدا ڕووبـەڕوی كۆمەڵێك گرفت بوونەتەوە لـەلایەك حكومەت دەیەوێت ڕێكی بخات، لـەلایەكی دیكە لـەلایەن خودی ئەو دەزگایانەو لایەنە پەیوەندكارەكان كەوەك خۆی مامەڵە لـەگەڵ پیـشەكەدا ناكـەن. بـەڵام باشـترین كـار گەڕانەوەیە بۆ ناو چوارچێوەی پێـوەرە ئەخلاقیـەكانی ڕۆژنامگـەری، چونكە لـەهەركات و شوێن و سەردەمێكدا ئـەو دەزگایـە بەرپرسـێتی پیشەییان لـەسەرە كەبەراسـتگۆیانەو بـێ لایەنانـە پیـشەكەیان ئـەنجام بدەن، بەو شێوەو لـەو ڕێگەیـەوە دەتـوانین خزمـەتی كۆمەڵگەكـەیان بكەن.

# بنەما ئەخلاقیەکان

لە ناوچە جیاوازەکانی جیهانـدا، یەکیتیـەکان و رێکخراوەکـانی رۆژنامەنووسـی بنـەمای ئـەخلاقی رۆژنامەنووسـیان دانـاوە، بـۆ ئاراستەکردن و رێنماییکردنی رۆژنامەنووسان لـە کارەکانیانـدا، ئـەو بنەما ئەخلاقیانە هەموو شتێك دەگرێتەوە، لـە سـاختەکاری و فێـڵ و بـەکارهێنانی نـاوی کەسـانی دیکـە و شـاردنەوەی راسـتیەکان و بەدزییەوە کارکردن... هەندێ لەو بنەمایانە بـەکورتی نووسـراوون و زۆر روون نین، هەنـدێکی دیکـەی بـە دووروودرێـژی نووسـراوون و روونـن. کەسـێکی وەك (کلۆدجـۆن بیرتـران) کـە مامۆسـتایە لـە پەیمانگای رۆژنامەوانی فەرەنسی لە زانکۆی پاریس، نـاوبراو لـە زۆر وڵاتدا وانەی بنەما ئەخلاقیەکانی وتووتەوە دەڵێ: بنەما ئەخلاقیـەکان لە سێ توخمی سەرەکیدا دەبینرێنەوە کە ئەمانەن:

- بەها بنەرەتیەکان، لەگەڵ رێزگرتنی ژیان و هاوکاری مرۆیی.
- شتە قەدەغەکراوە سەرەکیەکان، لەوانە نابێ درۆبکەیت یان ببێتـە هۆی ئازاردانی کەسانی دیکە کە پێویست نیە، یان نـاو و پیـشەی کەسێکی دیکە لەخۆت بنێـی، خـۆت بـەناو و پیـشەی کەسـێکی دیکە بناسێنی.
- بنەماکانی رۆژنامەنووسی لەوانە وردی، پاکی، سەربەخۆیی.

هەندێ جار پەیڕەوکردنی ئەو بنەمایانە ئارەزومەندانەیە و ئەوانەی پێشێلی دەکەن، بەئاشکرا سزا نادرێن، بـەلاّم ئـەو رۆژنامەنووسـانەی

بەشێوەیەکی نائەخلاقی رەفتار دەکەن، لەگەڵ خاوەنی دامەزراوەکان لێپرسینەوەیان لەگەڵدا دەکرێت لەسەر ئەو رەفتارەیان.

لە هەندێ ولاَتدا ئەنجومەنی رۆژنامەوانی، سەیری ئەو سکالاَیانە دەکات کە لەسەر رۆژنامەنووسان تۆمارکراوون، ئەو ئەنجوومەنە داوای راستکردنەوەی ئەو پێشێلی و هەلاَنە دەکات.

لە هەندێ ولاَتدا، بەئەندامبوونی رۆژنامەنووسان لە یەکێتی و رێکخراوەکانی رۆژنامەوانیدا، مەرجی بەئەندامبوون بنەما ئەخلاقیەکان لەخۆدەگرێت کە دەبێ لەلایەن ئەندامانەوە پیادە بکرێ، بۆ وێنە کۆمەڵەی رۆژنامەنووسانی ئوستورالی، لیژانیان هەیە بۆ لێکۆڵینەوە لەو تۆمەتانەی پەیوەندن بە رەفتاری رۆژنامەنووسانەوە لە رووی ئەخلاقیەوە، لەوانەیە رۆژنامەنووس کە سەرپێچی و پێشێلی بنەما ئەخلاقیەکانی کردووە، رووبەرووی سزادان ببێتە بە سەرزەنشت کردن تا پارە بژاردن و دەرکردن لە رێکخراوەکە.

زۆر لە دامەزراوە رۆژنامەییەکان پرەنسیپی ئەخلاقیان بۆ رەفتاری رۆژنامەنووسان هەیە، یان پێوەری تایبەتی کە دەبێ پابەندی بن.

ئەو دامەزراوانە ئەوانەیان وەك چوارچێوەیەك داناوە کە نابێ رۆژنامەنووسان لێی دەرچن لە کاتی کارکردنیان و لە دەرەوەی کارکردنیان، هۆکارەکەش پاراستنی راستگۆیی ئەو دامەزراوانەیە. ئەو رۆژنامەنووسانە ئاگادار دەکرێن کە نابێ و بۆیان نیە یاری بە هەواڵەکان بکەن، یان هەواڵ رێك بخەن لە رێگەی داواکردنیان لە خەڵکی بۆئەوەی شتێکیان بۆ رێك بخەن، رێگە بە رۆژنامەنووسان

نادرێت کە پێناسە و ناونیشانی خۆیان بشارنەوە لەپێناو بەدەستهێنانی هەواڵ و زانیاریدا، ئەگەر هاتوو بەرژەوەندی گشتی و پێداویستی دەخوازی لە ئاشکراکردنی ئەو هەواڵ و زانیاریەدا، وێستگەی تەلەفزیۆنەکان ڕێگە نادەن بە شاردنەوەی کامێرا و تۆمارکردنی دەنگ بۆ بەدەستهێنانی هەواڵ و زانیاری ، ئەگەر هاتوو پەیوەندی بە بەرژەوەندی گشتییەوە نەبوو.

لەگەڵ پەیدابوونی کامێرای دیجیتاڵ و بەکارهێنانی لەو بوارەدا، هەندێ پێوەری دیکەی نوێ دانرا بۆ ڕێگەگرتن و قەدەغەکردنی ئەو ئامێرە بۆ گۆرینی وێنەکان بەهەر ڕێگەیەك کە هاولاّتی چەواشە دەکات. پرەنسیپەکانی رەفتاری ئەخلاقی رۆژنامەگەری زۆر شتی چارەسەر کردووە، بۆ وێنە ڕێگە نادات بە رۆژنامەنووس کە هەڵوێستێکی ئاشکرای هەبێ دەربارەی پرسێکی سیاسی، یان لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا پشتگیری لە کەسێك یان لایەنێکی کاندیدکراو بکات، دامەزراوە رۆژنامەییەکان ڕێگە بە رۆژنامەنووسان نادەن کە پەیوەندی ببەستن لەگەڵ ئەو سەرچاوانەی هەواڵیان ئەدەنێ، یان بەکرێ کاریان بۆ بکەن، بەبێ رەزامەندی بەرپرسێکی دامەزراوەکە.

رادیۆ و تەلەفزیۆنی کەنەدا (سی بی سی) بەڵگە نامەیەکی هەیە بۆ پێوەرکان، کە فەرمانبەر و کارمەندانی ملکەچکردووە، بۆ وەرنەگرتنی دیاری کە کار بکاتە سەر کار و بڕیارەکانی، ڕێگە نادات بە وەرگرتنی جگە ئەو دیاریانە نەبێ کە ڕێزگرتنە وەك میوانداری، نابێ لەسەر حسابی لایەن و کەسانی دیکە بە داوەتنامە سەفەر بکەن،

بۆ بەدەستهێنانی هـەواڵ و زانیـاری. ڕۆژنامەنووسـان لـەسـەریانە کـە دەرك بەوە بکەن کە ڕەفتاریان ڕەنگدانەوەی نەریتی دەبێ لەسەر ئـەو کەناڵەی کاری تێدا دەکەن.

دەزگا و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن ڕووبەرووی لێکـدانێکی گـرنگ دەبنـەوە لـەنێوان بایـەخی هەواڵـەکان و پێوەرەکـانی کۆمەڵگـەدا، چارەسەر کردنـی ئـەو لێکدانـە، یـان لێـك نەچـوونە، پێویـستی بـە پرۆسەی بڕیاردانی ئەخلاقیـە بـە زیرەکـی، بـۆ وێنـە بەرپرسـێك لـە لێدوانێکیدا بەخراپی باسی لایەنێکی دیکەی کرد و قـسەی نەشـیاوی بەکارهێنا، هەندێ کەناڵ قسەکان وەك خۆی بڵاودەکەنەوە، هەندێکی دیکە بەشێك لـە قـسەکانی بڵاودەکەنـەوە، و خـاڵ دائـەنێن، بـەڵام هەنـدێ کـەناڵی دیکـە ئەوەنـدە دەڵـێن کـە فـلان بـەرپرس قـسەی نەشیاوی بەکارهێنا، بەرێوەبەری نووسینەکان ئەوە دیاری دەکەن، کە خوێنەر کامیانی لا پەسەند و باشە، یان پێی بێزار دەبێ، هـەمان شـت دەربارەی بڵاوکردنەوەی وێنەی دایکێك کـە لاشـەی منالـەکـەی لـە باوەشگرتووە کە لـە برسـانا مـردووە، ئـەو وێنەیـە هاوڵاتیـان بێـزار دەکات، یان هەستیان دەجولێنێ و چیرۆکی برسێتی باس دەکات بەبێ بەکارهێنانی ووشە.

# تێگەیشتن لە چاودێریکردنی رۆژنامەگەری

ئەو کۆمەڵە و گروپانەی لەرووی ئەخلاقیەوە سەرپەرشتی بڕیارو هەڵس و کەوتەکانی دەزگاکانی راگەیاندن دەکەن زۆر جار بەهاو بەرنامەی تایبەت بەخۆیان هەیە، کە پێویستی بەهەڵسەنگاندنە بۆ تێگەیشتن لەو رەخنانەی ئاراستەی دەزگاکانی راگەیاندن دەکرێت، سەرەتای پەرەسەندنی تەرزی رۆژنامەگەری لە سیستەمی دیموکراتی ئەمریکادا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی کە ئەرکی چاودێریکردنی کاروباری حکومەتی لەخۆ گرت، بەو مانایەی هەر کاتێ بەرپرسان و کاربەدەستان ئازادی و مافەکانی گەلیان پێشێلکرد رۆژنامە بگەرێت. بەدوای راستیەکاندا و روونیان بکاتەوە.

دەبێ رۆژنامەچیەکان گەندەڵییەکان ئاشکرا بکەن و زانیاری دروست بگەیەنە هاولاتیان وهەڵەکان راست بکەنەوە.

ئەوئەرك و کارە بەئاسانی و بێ کەمو کوڕی وهەڵە بەجێ نایەت و تی ناپەڕیت، لەبەر ئەوەی هاولاتیان رەخنەی تۆند لە رۆژنامەچیەکان دەگرن، چونکە دەبنە هۆی ئازاردانی کەسانی دیکە بەجۆرێك کەزیانی لە سوودی زیاترە، ئەگەر رۆژنامەچیەکان خۆیان بەپاسەوان و چاودێر دەزانن و دادەنێن، ئەی کێ پاسەوان و چاودێرە بەسەر ئەوانەوە؟ کەسانی زۆر هەن خۆیان تەرخان کردووە بۆ چاودێری کردنی دەزگاکانی راگەیاندن، بەڵام هۆکارو هاندەری ئەو چاودێریانە، دەبێ تێگەیشتن و شیکردنەوەکانیان بەبێ لایەنگیری بێت.

دەزگاکانی راگەیاندن، دەکرێت بەدوو بەشەوە،ئەوانەی سەرتا

سەرین لەسەراپای وڵاتدا، و ئەوانەی ناوچەیی(خۆ جێیی)ن لەشارێکدا ناوچەیەکدا، ئەو دەزگایانە دەبێت ئەوە بزانن کە نرخوگرنگی ئەو هەواڵ و زانیاریانەی بڵاوی دەکەنەوە، لەوەدایە چەند بابەتی و دادپەروەرییەتی تیایە، چونکە بینەران، بیسەران خوێنەران چاوەڕێی ئەوە لەدەزگاکانی راگەیاندن دەکەن، وەك باسکردنی مافەکانی مرۆڤ، گەندەڵی بەهای خێزان و کۆمەڵایەتی، هاندانی کەرتەکانی کشتوکاڵ، پیشەسازی، گەشت و گوزار.....ئەو دەزگایانە بڕیار ئەدەن چ جۆرە هەواڵ و زانیاریەك بلاو بکەنەوە،ئەوانەی رەخنە لە دەزگاکانی راگەیاندن و رۆژنامەچیەکان دەگرن، بەرنامەو بەهای تایبەتی خۆیان هەیە، زانین و تێگەیشتنی خوێنەر، بینەر، بیسەر، بۆ ئەو بەرنامەو بەهایانە یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتن لەراو بۆچوون و لێکدانەوەی ئەو کەسانە دەربارەی ئەو دەزگایانە، لەوانەیە توندترین رەخنەگر لەو کەسانەبن. کە لەو دەزگایانە کاردەکەن، چونکە لەوانەیە شارەزایی تەواویان دەربارەی رەفتارو ئەخلاق و چۆنیەتی بڕیاردانی هاوکارەکانیان هەبێت ئەو رەخنانە دەشکێتەوە بەسەر راگەیاندندا.

*د. فرجینیا وایتهاوس لەکۆلێژی وایت وورك لەواشنتۆن چاودێری کەرانی دەرەوەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن کردووە بە سێ بەشەوە:*

١- ئەوانەی کاردەکەن لە پێناو هاسەنگی سیاسی لە دەزگاکانی ڕاگەیاندندا، لەرێگەی بەڵگەو سەرچاوەی باوەڕ پێکرا و بەرەنگاربوونەوەی لایەنگیری بەناوی ئازادییەوە.

٢- ئەوانەی کاردەکەن لەپێناو چاودێریکردن و رەخنەگرتن لەوانەی کەسامان و سەرمایەی زۆریان پێکەوە ناوەو بوونەتە خاوەن کۆمپانیای گەورە، کە کۆنترۆڵی ئەو دەزگایانەیان کردووە.

٣- ئەوانەی لەپێناوی دادەپەروریدا کاردەکەن بۆ ئاشکراکردنی راست و دروستی راپۆرتەکان و ئاشکراکردنی سەرچاوەکان و بەڵگەکان.

ئەو زانیاریانەی ئەو گروپانە بڵاوی دەکەنەوە لەگەڵ ئەو شیکردنەوانەی پێشکەشی دەکەن، بەسودن بۆ زانین لە چۆنیەتی هەواڵەکان، بەلام دەبێ هاولاتیان لەو بانگەشەو لایەنگیریانەی لە دوو تۆیی هەواڵ و راپۆرتەکاندا شاردراونەتەوە، وریا بکرێنەوە.

# ڕەخنەگرانی ناو دەزگاکانی ڕاگەیاندن

بلاَوکراوە ڕەخنەییەکانی ناو دەزگاکانی ڕاگەیاندن وەك پاسەوان و چاودێروان بەسەر ئەو دەزگایانەوە، ئەوانەش کەسانی پیشەیین بۆ سوودی پیشەیی بلاوی دەکەنەوە، هەندێك لەوانە لەزانکۆ کاندان کە ڕاو بۆچوونی تایبەتیان نیە دەربارەی هەواڵ و بەرنامەکان و گۆڕینیان، بەڵکو ئەوانە یارمەتی ڕۆژنامەچیەکان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن ئەدەن، بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی باشتر ئەرك و کارەکانیان ئەنجامبدەن، یەکێك لە شارەزایانی ئەو بوارە بەناوی( مایك هویت) دەڵێ: ڕۆژنامە ئۆکسجینی دیموکراسیەتە، چەند ڕۆژنامەگەری کاراو وریا بیت کاری کۆمەڵگەش باش دەبێ، لەوانەیە دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ئەوانەی لەو بوارەداکارو ئەرکیان هەیە ئەو ڕەخنانە قبوڵ بکەن، زیاتر لەوانەی لەدەرەوەی دەزگاکاندان و بەرنامەی سیاسیان هەیە، ئەوەش هاندەرە بۆ ڕۆژنامە چیەکان کەبەشێوەیەکی باشتر کاری خۆیان ئەنجامبدن، ئەوەی گرنگە کە دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەچیەکان قبوڵی بکەن و کاری پێ بکەن ڕاستگۆیی و هاوسەنگیە.

# ڕەخنەی ئە نجومەنی هەواڵەکان

هەندێك لەدەزگاکانی ڕاگەیانـدن و ڕۆژنامەچـیەکان بیریـان لـە دروست کردنی ئەنجومەنێك کردەوە بەناوی (ئەنجومـەنی هـەواڵ) بـۆ میـانگیری لــەو ناکۆکییانــەی لــەنێوان ڕۆژنامەچـیەکاندا ڕووئــەدا لــەڕووی ئـەرك و کـاری پیـشەییەوە، سـاڵی ١٩٧١ لـە ئـەمریکا ئەنجومەنێك دامەزرێنرا بەناوی (ئەنجومەنی فیسۆتا بـۆ هـەواڵ) ئەوانـە هەوڵیانـدا کـۆ ببنـەوە بەمەبەسـتی دروسـتکردنی دیـالۆگ لـەنێوان کۆمپانیاو دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەچیان و ئەوانەی لە ئاکامی هەواڵ و ڕاپۆرتەکاندا دەڵێن زیانمان پێکەوتوە، چـونکە ئـەو دیالۆگـە چارەسەری ناکۆکیەکان دەکات. ئەزموونی ئەو ئەنجومەنە دەریخستووە کەرێزی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنوسان زیاتر بـووە، چـونکە لەنێوان ئەو حوکمەی داویەتی کە لەسەد حوکم زیـاترە، بڕیارەکـانی ڕەچاوی ئەخلاقی ڕۆژنامەگەری تیا کراوە، لەلایەکی دیکەدا هەندێك پێیـان وایـە، ئـەو ئەنجومەنـە هەڕەشـە لـەئازادی دەکـات، ئەوانـەی بەشداری ئەو ئەنجومەنەیان کردووە، دەڵێن ئەگـەر کەسـێك هەسـتی کردو زانی ئێمە کـارێکی هەڵـە مـانکردووە، دەتـوانێ و بـۆی هەیـە ڕاستەوخۆ پێمان بڵێت، یان لەدادگا سکالاَمان لە سـەرتۆمار بکـات، چونکە نامانەوێت لەبەردەم ئەنجومەنێکدا دانیشن کە حـوکم لەسـەر بڕیارەکانی ئێمە بدەن، ئەنجومەنەکانی دیکە ڕووبەڕووی هەمان ڕەخنە بوونەتەوە، وەك ئەنجومـەنی واشـنتۆن لـە سـیاتڵ، دەیـانووت ئەوانـە

دەستەیەکن سەرقاڵن بەکاری دیکەوە و خۆیان داناوەو هەوڵـەدەن لەدەزگاکانی راگەیاندن بدەن، سەرباری ئەو رەخنانـە ئەنجومەنـەکانی هەواڵ میکانیزمێکە لەگەڵ پێویستیەتی بۆ ئـەوەی لەگـەڵ دەزگاکـانی راگەیاندن مامەڵـە بکات و رەخنەی ئاراستە بکات.

## رێکخراوە پیشەییەکان و رەخنەکانیان

رێکخراوە پیشەییەکانی رۆژنامەگەری، یارمـەتی رۆژنامەچـیەکان ئەدەن،کە تواناو شارەزاییان پەرەپێبدەن و باشتری بکەن. لەو کاتـەی رووبەڕووی مەترسی دەبنەوە مافیان پێشێل دەکرێت سـکاڵای یاسـایی تۆمار بکـەن ئـەو رێکخراوانـە بنـەما ئەخەلاقیـەکان جـێگیر دەکـەن کەیارمەتیـدەری رۆژنامەچـیەکانە لـەکاتی بەجێگەیانـدنی ئـەرك و پیـشەکەییاندا، لـەو کاتانـەی رۆژنامەچـیەکان ئـەو بنەمایانـە پێـشێل دەکەن، ئەو رێکخراوانە بۆیان هەیەو دەتوانن پرتستۆی بکەن.

هەر کاتێ ئاژانسەکانی دەنگوباس بەسـەربەخۆیی و بـێ لایەنانـە کـار نەکـەن، لیژنـەی ئـەخلاقی رۆژنامەگـەری لـەناو کۆمەڵـەی رۆژنامەچیەکاندا ئەوکارە تاوانبار دەکات و بەپێشیلکردنی بنـەماکانی دادەنێن.

***ئایا لەکوردستان لـەناو سـەندیکای رۆژنامەنووسـان و ئـەو کۆمەڵەو کۆمپانیانەی کاری رۆژنامەگەری دەکەن لیژنـەی ئـەخلاق هەیە؟***

بنەمای ئەخلاقی هەیە؟ یان هەر دەزگاو کۆمەڵ و کەسێك چـی و چۆنی ویست جلەوی خۆی شل دەکات، بەبێ گوێدانە هـیچ بنـەماو پێوەرێك، زمان و دەست و قەڵەم دەخەنەکار چی بشێ و چی نەشـێ، زیان بگەیەنێ ئازاری خـەڵکی بـدات دژ بەرەژوەنـدی گـشتی بێـت، دەیڵـێن و دەینووسـن و بـڵاوی دەکەنـەوە دەشـڵێن لەکوردسـتان رووبەڕی ئازادی زۆر بەرتەسـکە بـەبێ ئـەوەی رەخنەلـەو رەفتـارەو کـردارەی خۆیـان بگـرن، یـان سـوودیان لـە کولتـوری رۆژئـاوا وەرگرتبێبێت گوایە لاسایی دەکەنەوە.

دەبێ بێ لایەنانەو بەرپرسانە، رەفتـار بکـەن و بابەتـەکانیان لـەو سنورانە دەرنەچێت لەلایەکی دیکـە وتنـەوەو چـەند بارەکردنـەوەی شتەکانە، بێ ئەوەی باسی چارەسەر بکرێت، بەڵکو رەوتێکە تەنها بـۆ دژایـەتی کـردن و سـوکایەتیکردن، ئـەوەش لـە بنـەماو ئـەخلاقی رۆژنامەگەرییەوە دوورە.

سـاڵی ٢٠٠٠ لەئـەمریکا لیژنـەی ئـەخلاق لەکۆمەڵـەی رۆژنامەچیان ئاژانسەکانی وەك (فۆکس، بێ بێ سی، سێ بێ ئی سـی) تاوانبار کرد بـەوەی کـە سـەربەخۆ کارناکـەن و راپـۆرتی راسـت و دروستیان بـڵاو نەکردۆتـەوە، چـونکە لەگـەڵ ئاژانـسی (فۆترزنیـوز سرفیس) گرێ بەستیانکردووە بۆ بەدەسـتهێنانی ئاکـامی هەڵبـژاردنی سـەرۆکی ولایەتـە یـەکگرتووەکانی ئـەمریکا، هۆکـاری ئـەو تاوانبارکردنەش ئەوەبوو کە ئەو ئاژانسانە نرخی کـاری سـەربەخۆیان رەچاونە کردووە. کە ئاکامی راوبۆچوونی خـودی پـەیامنێرەکانیان و

ڕۆژنامەچیەکانیان بێت.

ئەوەی لەو بوارەدا جێگەی سەرنجە، هەر ڕەخنەو گلەیی و تاوانبارکردنێکی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەچییان دەربارەی لادان و پێشێلکاریان کە دەیکەن، هیچ جێگەی باس و لێدوان نیە لەلایەن خۆیانەوە، بەڵکو ئەو ڕەخنانەش فەرامۆش دەکەن کە ڕێکخراو کۆمەڵەو کەسانی دیکە لەروی پیشەییەوە لەو دەزگاو کەسانەی دەگرن ئەگە رهەشبێت زۆر دەگمەنە.

یەکێك لەوانەی لەکاری ڕۆژنامەوانیدا خەڵاتی پۆلیتزری وەرگرتوە، نووسیویە: ئەو هەڵەو سەرپێچی و پێشێلکاریانەی ڕۆژنامە چیەکان و دەزگاکانی دیکە دەیکەن دەرهەق کەسانی دیکەو دامەزراوەکان و بەرپرسان و پەرژوەندی گشتی، لەهەر شوێن و پیشەیەکی دیکەدا ئەوە ڕوویدات، ئەگەر لە بالاترین دەسەلاتدا بێت لە ولاتدا، ئەوە دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەخێرایی دژی دەوەستن و دەیکەن بەهەراو نایبرنەو و بەمانشێتی زۆر گەورە و سەرەکی باسی دەکەن، بەلام کە ئەو دەزگایانە خۆیان هەڵە دەکەن ماف پێشێل دەکەن، نابیٚ کەس باسیان بکات و خۆشیان زۆر بەهێوری مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن. هیچ دەزگایەکی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەچی نییە دان بەکەمو کوڕی و هەڵەو زیانەکانی کە دەیگەیەنیٚ و لاساریەکانی خۆیدا بنێت،زۆربەی هاولاتیان دەزانن کە ئەو دەزگایانە ڕەخنەلەخۆیان ناگرن، خۆیان بەفریشتە دەزانن ئەوەش ڕێزنەگرتنی کۆمەڵگەیەکە بەناو دەڵێن خزمەتی دەکەن، ئەوە دوو فاقی و دوو

زمانيه دەبێ چارەسەر بكرێت.

لەرۆژئاوا بەتايبەتی لە ئەمريكا ليژنـەی نووسـەران لـە ئاژانـسی (ئەسۆشيێتيد پرێس) داوای لـەخوێنەرانی خۆی كـرد، ئەوانـەی بايـەخ بە هەواڵەكان دەدەن، كۆببنەوە لـەگەڵيان‌دا بۆ ديـالۆگ بـە مەبەسـتی دياريكردنی رادەی راستگۆيی ئاژانسەكەيان.

لەواشنتۆن رۆژنامەيەك هەمان هەنگاوی ناو ئەو كارە بووە بـاوو نەريت، ئەو ديالۆگە هەردوولايەنی كۆكردەوە، بەبێ ديـوارو پـەردە، بەراشـكاوی و راسـتگۆيی باسـی هەڵـەو زيانـەكان دەكـەن، بـەبێ هەڵـچوون، چـونكە زۆر كـەس هەيـە متمانـە ناكـات بـەدەزگاكانی راگەياندن لـەبەر ئـەوەی بـەنهێنی و بێـدەنگی كاردەكـەن، هەنـدێكی ديكە لەو باوەڕەدان كەئەركی ئەوانەی وەك پاسـەوان و چـاودێرن و لەدەرەوەی دەزگاكانی راگەياندن باشترە لەوەی لەناوەوەدايە، بـەڵام ئەوەی گرنگە هەموو ئەوانە لەديالۆگی بەردەوامدا بەشداری دەكەن، دەربارەی مانای بوونی رۆژنامەگەری لەكۆمەڵگەيەكی ئازاددا.

# بنەما ئەخلاقیەکانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن

**ڕۆبرت ستیل**

**جای لاك**

بنـــەما ئەخلاقیـــەکان یارمـــەتی سەرنووســـەرەکان و نووســـەران لـەدەزگاکانی راگەیاندندا ئـەدات تـا بتـوانن بڕیـاری دروسـت بـدەن، هەروەها دروسـتکردنی راسـتگۆیی رۆژنامەگـەری دەربـارەی چـەندین پرسی ئـەخلاقی، کـە لـەکاری رۆژنامەگەریـدا روبـەڕوویان دەبێتـەوە، ئامانج لەو بنەمایانە یارمەتیدانی سەرنووسـەران و بەرێوەبـەرانی نوسـینە کە بتوانن هەڵسەنگاندنێکی بابەتیانەو دروست بکـەن لـەکارەکانیانـدا و یارمەتیشان ئەدات کەبنەمای دیکەش دابنێن.

ئەو هەڵچوونە نوێیە لەم سەردەمەدا لەئارادایـە هـانی دانـانی ئـەو بنـەما ئەخلاقیانـەی دا، کەسەرنوسـەران و بەڕیوەبـەرەکانی نووسـین بایەخێکی تەواویان بـە پرسـە ئەخلاقیەکانـدا، پرۆسـەی ئامادەکـاری و پێداچونەوە بەو پرۆسەیدا و کێبڕکێ دەربارەی پیـادەکردنی بنـەماکان و رۆژنامەچیەکان ئەوانەی پەیڕەوی ئەو باوەڕو بنەمایانە بە ئاشکرا دەکەن دەتوانن لەگـەڵ تونـاو لێهـاتووی خۆیانـدا یـەکی بخـەن بـۆ بڕیـاردان. کەخزمـــەتی بەرژەوەنـــدی خوێنـــەرانی بکـــات، هـــەروەها خزمـــەتی بەرژەوەنـدی گـشتی بەشـێوەیەکی باشـتر کـە پەیوەنـدی بنـەڕەتی بـە راستگۆییەوە دەبێت.

ئەو بنەما ئەخلاقیانەی کـە کۆمەڵـەی رۆژنامەنووسـانی ئـەمریکایی پێـشکەشیان کـرد چـەندین شـێوەی مامەڵـە کردنـی لەگـەڵ گرفتـە ئەخلاقیەکاندا لـەخۆ گرتووە، زۆربەی ئەو بنەمایانە بریتین لە لێـستێکی دوورو درێـژ لـە رێگـە پێـدراو قەدەغـەکراو، کـە لـەکاتی بریاردانـدا

دەردەکەون، هەندێ لەدەزگاکان و رۆژنامەوانـەکان بەچـاوی رێـزەوە دەڕواننە ئەوانەی ئەو بنەمایانە بەکاردێنن، کـە هەریـەك لـە هاوکـاران رێزی بۆ هەواڵ و توانای ئەوی دیکە هەیە بەڵام هەندێکی دیکە لەوانـە بەشێوەی خۆ بەزلزانین و فەرمانکردن لەگەڵ هاوکاراندا رەفتار دەکـەن بەڵام کارمەندانی ئەو دەزگایانە حـەزیان لـە جێبـەجێ کردنـی ئـەرك و کارێکە کە ئەو بنەمایانە بەشێوەیەکی دیاریکراو قەدەغەی نەکردوون.

ئـــەوەی زۆر ئاشـــکرایە لـــەو بنەمایانـــەدا یـــەك نەگرتنـــەوەی بەرژوەندیەکانــە وەك، قبــوڵ کردنــی دیــاری و بەخــشش، ســەیران، پەیوەندی سیاسی و چالاکی کۆمەڵایەتی، نێـوەی ئـەو بنـەما ئەخلاقیانـە چارەسەری سەرچاوەی هەواڵ و زانیاریەکان دەکات، لەگـەڵ کێـشەی دەستکاری کردنی وێنە فۆتۆگرافیەکان، ژمارەیەکی کەمی ئەو بنەمایانـە دەربارەی راستکردنەوەی هەڵەکان و فێلکردنە، هەر دەزگایەك پێـوەرو بنەمای خۆی هەیە کەسەرجەمی پەیوەندە بەئەخلاقی رۆژنامەگەرییـەوە. ئەو بنەما ئەخلاقیانە دوو ئەرك دەبینن کەبریتین لـە پەیوەنـدی گـشتی و فێرکردن ئەو بنەمایانە بیرکردنەوەو رەفتاری رۆژنامەچی بـەهێز دەکـەن لەناو خودی دەزگاو رۆژنامەکەدا، ئەو تەگەرانە ئاشکرا دەکـات کـە وەك مین دادەنرێ دژی ئەوانەی دەچنە ئـەو دەزگایانـە بـۆ کـارکردن، پاساو دەهێننەوە بـۆ چـالاکی رۆژنامەچـیەکان لەبـەردەمی هاوڵاتیانـدا، بەتایبەتی لەو کاتانەی کە راسـتگۆیی رۆژنامەکـە رووبـەرووی رەخنـە دەبێتەوەو سانسۆری جەماوەری توند دەبێت، ئەو ئەرکانە لە زۆرکاتـدا رەنگ ئەدەنەوە لەسەر بنەما ئەخلاقیەکان.

# پەیوەندی گشتی

پێویــستە دەزگاکــانی راگەیانــدن و رۆژنامەچــیەکان متمانــەی خوێنەر، بیسەر، بینەر بەدەست بێنن، دەبێ ئەوانە بـزانن ئـەوەی ئـەو دەزگایانە بلاوی دەکەنەوە، بۆ بەرژوەندی و خزمەتکردنی گروپێکـی سیاسی و کەسـانی تایبـەت نیـە، یـان پاراسـتنی کۆمـەلێکی تایبـەتی، بەدیهێنانی ئەوانە دەکەوێتە سـەر شـانی رۆژنامەچیەکان و ئەوانـەی لــەدەزگاکانی راگەیانــدن کاردەکــەن، پێویــستە پــشتگیری بــەهای رۆژنامەگەری بکرێت کە خۆی لەراستگۆیی، بـوێری، دادپـەروەری، بەزەیی، هاوسەنگی، سەربەخۆیی، هەمە رەنگی و بێ لایـەنی، دەبـێنێ دەبێ هەولبدات بۆ گەیشن بەراستی و پێشکەش کردنـی بـەهاولاتیان بە باشترین شێوەو لەکاتی خۆیدا، هـەولی نووسـینی راپـۆرتی پـاك و کورت و تەواو بدات، بەدوای راو بۆچوونی جیاوازدا بگەرێت بـەبێ رێگــەدان بەوانــەی دەیانــەوێت دەســەلات و پێگــەی خۆیــان بــە شێوەیەکی زیاتر بەکاربێنن، هەوەرها هەولدان بـۆ گەیانـدنی دەنگـی ئەوانەی رێگەو تواناو بواریان نییە، هەولدان بۆ مامەلە کردن لەگـەل سەرچاوەکان، بابەتەکان، هاوکارەکان، کە شایستەی رێزگرتنن، نـەك وەك رێگەیەك بۆ بەدەستێنانی ئامانجی رۆژنامەگەری.

## هەوڵدانی دادەپەروەرانە کە وێنەی کۆمەڵگەی تیا رەنگ بداتەوە

ئەرکی یەکەمی رۆژنامەگەری راستگۆییە بەرامبەر کۆمەڵگە و هەر کەسێك و دامەزراوەیەك ، یان بەرژەوەندی یەکی تایبەتی، لەسەر کارمەندانی دەزگاکانی راگەیاندانە کە خۆیان لەهەر کارو چالاکیەك بەدووربگرن کە کاردەکاتە سەر متمانە و راستییان و تا لای هاولاتیان لاواز نەبێ.

## لێکدانی بەرژەوەندیەکان

پرسی لێکدانی بەرژەوەندیەکان خۆی لەسەربە خۆیی، رەفتاری کەسێەتی دەبینێ ئەوانە رەگەزی سەرەکی باوو دیارن لەبنەما ئەخلاقیەکاندا، سەرچاوەکانی هەواڵ جێگەی بایەخە لەنێوان پەیامنێرو سەرچاوەکەدا. هەروەها رێکەوتن لەسەر پاراستنی نهێنی سەرچاوەکە بەشێوەیەك لەشێوەکان، دەستکاریکردنی و گۆڕینی وێنەی کەسەکان، پشت بەستن بەقسەی کەسانی دیکە، خولقاندنی کەسێیەتی دیکەو باسکردنی تایبەتمەندیەتی کەسەکان، ئاشکرا کردنی گومان لێکراو بەتایبەتی نەوجەوانان، پێویستە ئەو بابەتانە لە بەرچاو بگیرێ لەرووی بەرژوەندی هەرلایەکیانەوە.

# بەها بێ سنورەکان

بنەما ئەخلاقیەکان بایەخێکی گەورە بەپرەنسیپی بنەڕەتی کاری رۆژنامە گەری دەبەخشێ، لەگەڵ ئەو بەهایانەی کە سنوری زەمەنیان نیە وەك: پاکیزەیی، ئەگەر هە ندێ تانەو تەشەر ئاراستەی کەسێك کراو پێویست بوو وەلامبداتەوە، دەبێ ئەوە بلاونەکرێتەوە، تاپەیوەندی بەو کەسەو دەکرێت، ئەگەر نەتوانرا پەیوەندی پێوە بکرێت و بدۆزرێتەوە، دەبێ بلاو کردنەوەی دوابخرێت.

# تەکنەلۆژیای نوێ

پێویستە لە وردبینیدا پێوەرە جیهانیەکان پەیڕەو پیادە بکرێت، سەبارەت هەر قسەو رایەك کەلێ ی ئاگاداری دڵنیابە لەراستی و دروستی بەر لەبلاوکردنەوەیان، بیرو رای کەسانی دیکە بلاو مەکەرەوە گوایە بیرو رای خۆتە، دەتوانی بەهۆی فراوانی تۆڕەکانی ئینتەرنێت زانیاری، زۆر بەدەست بێنی و لەچەندین سەرچاوەوە، نابێ ئەو زانیاریانە بلاو بکەیتەوە بێ دیاریکردنی سەرچاوەکانی.

# سەرچاوە و پەیامنێران

ئەو پەیامنێرەی پەیمان و بەڵێن بەسەرچاوەیەك ئەدات کە نهێنی دەپارێزێ، دەبێ پابەندی ئەو بەڵێنەی بێت، ئەگەر سەرنووسەر لەپەیامنێری پرسی سەرچاوەکە کێیە، دەبێ پەیامنێرەکە ڕەزامەندی سەرچاوەکە وەربگرێت ئەوسا سەرنووسەر ئاگادار بکات، ئەگەر سەرچاوەکە حەزی نەکردو نەیویست لەلایەن سەرنووسەرەوە بناسرێت ئەوسا سەرنووسەر و پەیامنێرەکە بڕیار ئەدەن ئەو زانیاریە بەکار بهێنن یان نا.

# سەربەخۆیی ڕای نووسەران

لە بنەما ئەخلاقیەکان، بوونی هەماهەنگی و تەباییە لەنێوان بەشەکانی دەزگاکانی راگەیاندندا، لەکارگێڕی، دارایی، ریکلام، نووسین، هتد. بەڵام هەندێ جار نائارامی و توندی لەنێواندا دروست دەبێت کە بەپێ ی بنەماکان پێی دەڵێن لێکدانی یان یەك نەگرتنی بەرژەوەندی، لەوێوە ئەو بنەمایانە جێگیر بووە کە دەبێ لەنێوان بەشەکاندا پەیوەندی و هێڵێکی روون هەبێت، پێویستە نووسەرەکان بڕیاری چۆنیەتی هەڵسوکەوتی خۆیان بدەن دەربارەی هاوکاریکردن لەگەڵ دامودەزگاکانی حکومەت و کاربەدەستان، هەروەها پرۆژەی تایبەت بە کاروباری گشتی کە بەهاونرخی بۆ هاوڵاتیان هەیە.

# پرسەکانی فرەلایەنی و ئەتنی

یەکێك لەو پرسانەی رووبەڕووی رۆژنامەگەری دەبێتەوە، مامەڵە کردنە لەگەڵ پرسی فرەلایەنی و ئەتنی، وەك بەکار هێنانی رەگەزو رەچەڵەك بۆ ناساندنی لەراپۆرت و نووسینەکاندا.

لە رووی ئەخلاقیەوە ئەو پرسە بەم جۆرە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت:

هیچ کەسێك بەهۆی رەچەڵەك و رەگەزو ئایینیەوە مەناسێنە یان باکگراوندی ئەتنی، ئەگەر هاتوو ئەو باسکردنە پێویست نەبوو هیچ جۆرە قسەو نوکتەیەکی ئەتنی، دینی، بەکار مەهێنە، کاتی کەسێك تاوانێك ئەکات ئەو پێناسانەی باس مەکە و ئاماژە بەتایبەمەندێتی رەگەزی و دینی ئەو کەسە مەکە، ئەگەر ئەو باسکردنە بەشێك نەبێ لەباسکردنێکی هەمە لایەن و سەرتاسەری وەك کەسێکی تاوانبار لەدەستی یاسا رای کردبێت، ئەوەش بە جۆرو شێوەیك بەکاربێنە کەیارمەتی پۆلیس بدات بۆ دەستگیر کردنی هیچ ئاماژەیەکی بێزار کەر لەو بارەیەوە بەکار مەهێنە، هەتا لە بڵاوکردنەوەی وێنەو ووتارەکاندا خۆت وەك رۆژنامەنووس لە بڵاوکردنەوەی وێنەو ئاماژەی رەگەزی و ئەتنی بپارێزە.

# پیادەکردنی بنەما ئەخلاقیەکان

بنەما ئەخلاقیەکان بەزۆر ناسەپێندرێن، بەلام سەرپێچی کردن لە هەندێ رێنمایی دەبێتە هۆی گرتنەبەری هەندێ هەنگاو دژی سەرپێچی کەر، لەوانە لەسەر کارلابردن، بەلام پابەندبوون بە میساقی شەرەف لەئەرکی دەزگاکانی راگەیاندن و خودی رۆژنامەچیەکانە، پێویستە هەر بەشێك لە ناو ئەو دەزگایانەدا بەشەکەی دیکەی لەسەرپێچی ئاگادار بکاتەوە.

# راستگۆیی و بنەما ئەخلاقیەکان

بنەما ئەخلاقیەکان پێوەری دیاریکراون بۆ رەفتاری رۆژنامەگەر، لەو کاتانەی بەپێچەوانەوەیان رەفتار دەکات و کارێکی خراپ و هەڵوێستی نەشیاو دەنوێنێ، پابەندبوونی رۆژنامەگەر بەشێوەیەکی پیشەوەرانە لەرووی ئەدەبی و ئەخلاقیەوە، یەکێکە لەبەرپرسێتی پیشەکەی، لەو میانەدا دوو ئاماژە هەیە، کەیەکێکیان ئاگاداربوونە لەو شتانەی قەدەغەن و پێیان دەوترێت گڵۆپی سور، لەبەرامبەردا یان دووەم ئەو گڵۆپە سەوزەی کەپێی لەسەر ئەرك و بەرپرسیێتیەکان دادەگرێت، بەمانای رۆژنامەگەر دەبێ خۆی رابێنێ لەسەر گڵۆپی سەوز، کە ئەرك و بەرپرسێتی بەشێوەیەکی رێك و پێك و بێ کەمو کوڕی و زیادەڕۆیی بەجێ بهێنێ، لەوێوە دەپارێزرێت.

زانایانی ئەخلاق دەڵێن پشت بەستنی دەزگاکانی راگەیاندن و رۆژنامەچیان بنەما ئەخلاقیەکان خاڵی هاوبەشی نێوان دڵسۆزیان و ناخیانە لەگەڵ بیرکردنەوەی عەقلانیاندا، گوێ رایەڵبوونی بێ لێپرسینەوە، کارێکی کوێرانەیە، بەڵام لە هەموو بارێکدا ئەو بنەمایانە رۆژنامەگەر لەکۆمەڵێك بیرکردنەوەو رەفتار دوور دەخاتەوە و بەرەو رەفتاری دروست و سوود بەخشی دەبات، بەڵام هەموو کاتێك ئەو بنەمایانە چارەسەری تەواو نین بۆ کێشە و گرفتە ئەخلاقیەکان لەبواری کارکردندا، بەڵکو ئەوەی گرنگە و دەبێ ببێتە هاندەرو ئیلهام بەخش بۆ بەجێگەیاندنی ئەو ئەرك و رۆڵەی لەسەر رۆژنامەگەرەبەو پەڕی بەرپرسییێتی، بەوجۆرە کەوا لەهەر یەکێك بکات وەك پاسەوان و پارێزەر، بێت لەسەر بەهاو پێوەرەکانی پیشەکەی و بەو جۆرە رەفتار بکات و بەباشترین شێوە ئەرکی پیشەکەی بەجێ بگەیەنێت.

# ڕۆڵی ڕاگەیاندنی ئازادو سەربەخۆ
# لە بیناکردنی دیموکراسیەتدا

لێرەدا راو خوێندنەوەی فریدریك دەبڵیو.- شیك یاریدەدەری بەڕێوەبەری ئاژانسی ئەمەریکی بۆ گەشەپێدانی نێو دەوڵەتی دەخەینە بەرچاو.

دەزگاکانی راگەیاندنی ئازاد دەتوانن لە باشکردنی باری دەوڵەتان و کۆمەڵگەکاندا بەشداری بکەن بۆ ئەوەی بتوانن ئەو ئەرکە بەجی بگەیەنن لەسەریانە باری خۆیان باش بکەن.

لە جیهاندا راگەیاندنی ئازاد وەك یەکێك لە هێزەکاریگەرەکانی خەبات سەریهەڵدا، دژی ڕژێمە داخراوو تۆ تالیتارەکان و گۆرینیان بۆ کۆمەڵگەی کراوەو بەرهەمهێن ئەو گۆرانە بەرەو دیموکراسیەت و بازاڕی ئازاد ریی کرد، بەتایبەتی دوای کۆتایی هاتنی جەنگی سارد، بەلاّم ناتوانرێت پێش بینی ئاکامەکان بکرێت. چونکە هێزە تاریکەکان کەچەندین دەیە لە ژێر پەردەی داپلۆسیندا خۆیان شاردبویەوە، ئێستا کەوتوونەتەروو. دەبینین ڕەگەز پەرستەکان تیرۆریستەکان لە زۆربەی وولاّتاندا جارێکی دیکە سەریان هەڵداوەو ڕۆلیان هەیە. ئەوانە هەرەشەن رووبەرووی ئەو وولاّتانە دەبنەوە کەتازە سەربەخۆ بوون و لەیەکێتی سۆڤیەت جیابوونەوە هەروەها وولاّتانی گەشەسەندو لە ئاسیا، ئەفریقا، ئەمەریکای لاتین ئایا ئەو وولاّتانە دەتوانن شێوەکانی دیموکراسیەت پەیڕەو بکەن و سیستەمێکی سەقامگیر دامەزرێنن، کە لەسایەیدا پەروەردەو فێرکردن، ژیانی تەندروست،

ئاسایش و ئارامی، دەرفەتی کـار، ئابوورییـەکی سـاغڵەم، بازرگـانی و وەبەرهێنان دەستەبەر بکەن بۆ هاووڵاتیانیان لـەو ململانێـەدا وولاّتـە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەوڵئەدات یارمەتی ئەو وولاّتانە بدات، بـۆ هەنگاونان بـەرەو دیموکراسـیەت، لـە ڕێگـەی هاوکاریکردنیـان لـە دامەزرانـــدن، ڕاهێنـــان، پاراســـتنی ڕۆژنامـــە چـــیەکان، رادیـــۆو تەلفزیونـەکان. ئەمـەریکا بـاوەڕی وایـە کەلەتوانایدایـە یارمـەتی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ئازادو سەربەخۆ بدات، بۆ ئەوەی دوو ڕۆڵـی سەرەکی ببینن:-

**ڕۆڵی یەکەم:** وەك چاودێرو پاسەوان لەسەر حکومەتەکان

**ڕۆڵی دووەم:** هۆشیارکردنەوەی هاووڵاتیان دەربارەی ئەو پرسانەی لەسەر ژیانی هاووڵاتیان کاریگەرییان هەیە.

بەر لە دوو سەد ساڵ سەرۆکی وولاّتە یـەکگرتووەکانی ئەمـەریکا: تۆماس جیفرسـۆن: بەباشـترین شـێوە ئامـاژەی بـەوەکردووە کەوتوویـە (ڕۆژنامەی ئازاد تاکە گەرەنتیە بەر لە هەر گەرەنتیەکی دیکە) هەروەها لە ساڵی (١٨٢٣) دا ووتوویـە: نـاتوانری ڕی لـە هێـزی رای گـشتی بگیرێت کەبەئازادی رای خۆی دەربڕێت، دەبی پابەندی ئەو گۆرانە بین کە دروستی دەکات چونکە پێویستە بۆ هێشتنەوەی دۆخەکە بـەرووونی.

لـە نێـوان سـالاّنی (١٩٩٠) تـا (٢٠٠١) ئاژانـسی ئەمـەریکی بـۆ گەشەسەندنی نێو دەوڵـەتی (٢٧٠) دوو سەدوو حـەفتا ملیـۆن دولاری بۆ یارمەتیدانی دەزگاکانی ڕاگەیانـدنی ئـازاد لـە وولاّتـانی جەمـسەری سۆفیەتی جاران وولاّتانی گەشەسەندوودا خەرجکردووە.

# کێ ڕۆژنامە چییە؟

دەستوری ئەمەریکا لە یەکەم هەموارکردنیەوە راشکاوانە بنەمای هەر سزایەکی قەدەغە کرد کە بیەوێت کەناڵەکانی هەواڵ لە رووی کردەییەوە کۆنترۆڵ بکات، مافی دا بەپەیامنێران ڕێگەی پێدان بە ئاسانی بچنە ئەو دیوی ئەو تەلبەندو دیوارانەی کە پۆلیس لە کاتی ڕووداوەکاندا دای ئەنێن و دروستی دەکەن، بە مەرجی کارتی ڕۆژنامەچیەتیان یان هەر بەڵگەیەکی دیکە کە سروشتی کارەکەیان پێ بێت. لەگەڵ ئەوەی دادگای باڵا مافی بی سنوری ڕۆژنامەگەری و ڕۆژنامە چیەکانی رەتکردەوە کەچی (٣١) هەرێم بە واشنتۆنی پایتەختەوە، چەند یاسایەکیان دەرکرد کە هەر یەکەیان پلەو ئاستێکی بۆ پاراستنی مافی ڕۆژنامەگەری دیاریکرد ئەوانەی دەیانەوێت پارێزگاری لەسەرچاوەی زانیارییە نهێنیەکان بکەن، زۆربەی دادگای هەرێمەکان یاسایان بۆ پشتیوانیکردن لە ڕۆژنامە چیەکان دەرکرد. بەڵام کی ڕۆژنامە چیە؟ ئەوە پرسیارێکە دادگاکانی ئەمەریکا خۆیان لەوەڵامدانەوەی بواردووە. ئەگەر حکومەت توانی پێناسەی ئەوە بکات کی شیاوی کاری ڕۆژنامەگەر ییە، دەتوانری چاودێری ئەوە بکات، کی هەواڵ کۆدەکاتەوە و بڵاوی دەکاتەوە، بەڵام لەگەڵ هاتنی ئیینتەرنێت، کەهەرکەسێك کۆمپیوتەری هەبێت و بەشداری لە ئینتەرنێتدا بکات، دەتوانی و ڕێگەی هەیە رای خۆی بۆ هەمووان بڵاو بکاتەوە، ئیتر یاسا چۆن دەتوانی ئەوانەی شیاوون بۆ داواکردنی ئەو

مافانه دیاری بکات؟ ئینتەرنێت ڕێگەیەکی کراوەیە کەسنورەکانی تـی پەڕاندووە، ڕێگە بە بـڵاو کردنـەوەی زانیاریـەکان بـەخێرایی ئـەدات لـەبەر ئەوە دیاریکردنی ئەو پێوەرو یاسایانەی لـەسەر قسەوقـسەکەران پیـادە دەکـرێن ئەوانـەی ئینتـەرنێت بـۆ پەیوەنـدیکردن بـەکاردێنن گەورەترین ڕووبەڕووبوونەوەیە لـەم سەردەمەدا.

## ڕۆژنـامەگەری و خزمەتکردنی بەرژەوەندی گشتی

***دەربارەی ڕۆژنامەگەری و خزمەتکردنی پەرژەوەندی گشتی لێرەدا رای – نوسینی: ولیام ف – وو– ئوستاد لە راگەیاندن – زانکۆی ستانفۆرد دەهێنمەوە***

هەوڵـدانی بـەردەوامی ڕۆژنامـەکان بـۆ بەدەسـتهێنانی هـەواڵ و زانیاری و پێشکەشکردنی بە شێوەیەکی سـەربەخۆ، خزمەتکردنـە بـە پەرژەوەندی گشتی. کۆلیژو ناوەندەکانی راگەیاندن، لـەسـەریانە بنـە ئەو شوێنەی کە ئەو ماناو تێگانە تیایاندا نەشونما بکات و پـشتیوانی و داکۆکی لی بکەن بەبی دوو دڵی. ساڵی (١٩٨٢) خاوەنی ڕۆژنامەی (نیۆیۆرك وورڵد) کەناوی (جۆزیـف پـولیتزر) ٥ دەرامـەتی پێویـستی خستەبەر دەست زانکۆی کۆڵۆمبیا بۆ دامەزرانـدنی یەکـەم کۆلیـژی ڕۆژنامەگەری لـە جیهاندا لـەو سەردەمەدا بەرنامەی فیرکردنی کـاری ڕۆژنامەگەری لـە ڕێگەی هەندی نوسەرو پەیامنێری شـارەزاو خـاوەن ئەزموونەوە بوو، لـەو کاتەدا بیرۆکەکـەی (پـۆلیتزر) ئـاواتێکی دورە

دەست بوو ، خەڵکی دەیان پرسی: چ پێویستمان بە ڕاهێنانی ڕۆژنامە چیە لە زانکۆدا؟ چونکە لە دیدی هاوولاٌتیانەوە، ڕۆژنامەچی بە ژمارەیەك خەڵکی نەگبەت دەبینران، کەدەستیان بەمرەکەب پیس بووە، ئەوانە کارێك دەکەن، کەکاری دەستەو مرۆڤ فێری دەبێت. بیرۆکەیەك هەبوو دەیووت کە ڕۆژنامەچیەکان سەربە کۆمەڵەی ئەدیبان و زاناکانن و جێگەی گاڵتەن، لە ڕۆژی خۆیدا زانکۆی کۆڵۆمبیا داواکەی پولیتزری قبوڵ نەکرد. بەلاٌم ئەمرۆ ناوی لە گرنگترین خەلاٌت نراوە لە ئەمەریکا، کەخەلاٌتی پولیتزرە. ناوبراو پێی لەسەر بیرۆکەکەی داگرت و ساڵ (١٩٠٤) ووتارێکی لە ژێر ناوی (کۆلیژی ڕۆژنامەگەری)دا نووسی، کەتیایا هاتبوو: کۆمارەکەمان و ڕۆژنامەکانی هەڵدەکێشی یان دەروخی... ڕۆژنامەگەری بە تواناو پاك ئەوەیە، بایەخ بە پەرژەوەندی گشتی ئەدات و عەقڵی زیرەك و ڕاهێنراوی هەیە بۆ زانینی ئەوەی باشە بکرێت، خاوەنی بوێریە و دەتوانی ئەو بەهایانە بپارێزێ کە بێ ئەوانە حکومەتی میللی تەنها ناوو روکەشە جێگەی گاڵتەپێکردنە، ئەو ڕۆژنامانەی گومان لەبەهاو پا بەرزی مرۆیی دەکەن، بەکرێگیراون، دوو زمانن، ئاژاوەگێرن، بەتێپەربوونی کات گەلێکی نەگریس و پیسکەی وەك خۆیان بەرهەم دێنن. دوای زانکۆی کۆلۆمبیا، زانکۆی میزوری دەستیکرد بە دامەزراندنی کۆلیژی ڕۆژنامەگەری. لەئەمەریکا (٤٥٠) کۆلیژو ناوەندو بەرنامەی ڕاهێنان و فێرکردنی

ڕۆژنامەگەری هەیە، سالأنە (٤٠) چل هەزار قوتابی بڕوانامەی بکالۆریۆس و ماستەر وەردەگرن.

*لێرەدا ئاماژە بە سێ بابەت دەکەین:*

**یەکەمیان:** چارەسەری پەرەسەندن و رەوشی فێربوونی ڕۆژنامەگەری.

**دووەمیان:** ئەو گۆرانە قۆڵەی لە ڕۆژنامەگەریدا روویداوە پەیوەندە بە پاشەڕۆژییەوە.

**سێیەمیان:** دیدگایەکی نوێیە کە زۆر گرنگە بۆ ڕۆژنامەچیەکان و فێربوونی کارو پیشەی ڕۆژنامەگەریێ.

- ئەو کاتەی زانکۆی مزوری کۆلیژی ڕۆژنامەگەری دامەزراند. دەبوایە دەستەی مامۆستایانی کۆلیژەکە پێشنیاربکات، لەسەرەتادا زانکۆ پێی لەسەر بایەخی زانستی داگرت، هەوڵەکانی بۆ ئەو مەبەستە چرکردەوە، فێرکردنی زانستە تیۆرییەکان، توێژینەوەکان، مێژوو، چەندین بابەتی دیکە، بەلأم زیاتر بایەخی بە ئەزموونی کردەیی دا، کەبووە وێنەیەك زانکۆکان چاویان لێکرد.
- بەتێپەربوونی کات زانکۆکان زانیان کەفێرکردنی گواستنەوەی هەواڵ و نوسینەوەی بەس نیە، بەڵکو پێویستی بە مامۆستاو ڕاهێنەری خاوەن بڕوانامەی بالأ هەیە، کە لەتوانایاندا هەبی سەرپەرشتی لێکۆلینەوەو توێژینەوەکان و پەرەپێدانی تیۆری بکەن لە هونەری ڕۆژنامەگەریدا. کۆلیژەکان پێویستان بە دەستەی مامۆستایانی خاوەن تواناو شارەزاو لیهاتوو بوو لە بواری

فێرکردن. بەرە بەرە تێروانین بۆ ڕۆژنامەگەری گوردرا بە جۆرێك کە وەك لقێك لە زانستی گەیاندن و پەیوەندی دانرا.

- ئەوانەی لە بواری ڕۆژنامەگەریدا کاردەکەن بوونەتە دووبەش: بەشێکیان پیشەیین و بەئەزموون فێربوون، بەشەکەی دیکە ئەوانەی خاوەن بڕوانامەن و پشت بە شێوازی زانستی دەبەستن. ئەو دوو بەشە خۆیان لە دوو شوێنی جیاوازدا دەبیننەوە، کە خۆی لە دوو بەرەکیدا دەبینی و هۆی جیاوازیە لە نێواندا. ڕۆژنامەچیە پیشەییەکان بە چاوی رك و کینەوە سەیری بەرامبەرەکەیان دەکەن، دەڵێن ئەوانە بۆ (بورجی عاجی) باشن نەك بۆ جیهانی ڕۆژنامەگەریی، لەبەرامبەردا خاوەن بڕوانەماکان دەڵێن: ئەوانە تەنها پیشەیین، دەبی دامەزراوە ئەکادیمییەکان لە جیهانی ڕۆژنامەگەریدا دەست بەرداریان بێت. ئەوەی بووە هۆو مایەی جیاوازی و ناکۆکی لەو نێوانەدا ئەو پرسیارە کۆنەیە دەربارەی فێربوونی ڕۆژنامەگەری، کە ئەو فێربوونە چۆن دەبیٚ ؟ ئایا بە ڕێگەی کردەیی دەبی ؟ یان بە تێروانین ؟ یان بەهەردووکیان ؟ ئایا ئامەنجەکە بەرهەمهێنانی بڕوانامەی دکتۆرایە ، یان دروست کردنی نەوەی نوێیە لە پەیامنێران ونوسەران ؟ بەتێپەربونی کات کۆلیژی رۆژنامەگەری زانکۆی کۆلۆمبیا کەپولیتزر پێشنیاری کرد ، یەکێکە لە باشترین شوێنی راهێنان وفێرکردن لەئەمەریکا بۆ پەیامنێران و نووسەران پرۆگرامی راهێنان و فێرکردنەکانی بە

زۆره لــه پرۆســەی تــەواوکردنی ریپۆرتــاژی ڕۆژنامەگەریــدا. سەرۆکی زانکۆی کۆڵۆمبیا رایگەیاند کە تواناو لیهاتوویی پیشەیی بــەس نیــە. تــا ئێــستا ڕێکــەوتن لەســەر چــۆنیەتی فێرکردنــی ڕۆژنامەگەریێی نیە، ئایا چۆن بێت؟ لــە ســەدەی بیــستدا ڕۆژنامــە سەرچــاوەی ســەرەکی ڕۆژانــەی زانــینی هــەواڵ و زانیــاری و ریکلامــەکان بــوو. خــەڵکی دەیــانووت، ئــەوە دەزانم کەلــە ڕۆژنامەکاندا خوێندومەتەوە. دوای جەنگی دووەمی جیهــانی ســێ گۆران روویدا کە شــوێنەواری گــەورەی لەســەر ڕۆژنامەگــەری بەجی هێشت و کاریگەریکردە سەرفێربوونی

<u>گۆرانی یەکەم</u>: دەرکەوتنی پــێش برکــی کــە ســەرنج و بایــەخی خوێنەران و ئەوانەی ریکلامیــان هەیــە، لــە ڕۆژنامــەوە ڕاکێــشا بــۆ تلفزیۆن دواتر بۆ ئینتەرنێت. هەروەها زۆربوونی چاپەمەنی تایبەتمەنــد ئەوانە نەك ڕێگــەی نوێیــان دۆزییــەوە بــۆ دەســت خــستنی هــەواڵ و زانیاری، بەڵکو بیرورای جیاوازیان بە جەماوەر بەخشی متمانــەکردن بە ڕۆژنامە پاشەکشەیکرد و قسەکەی جاران باوی نەما.

<u>گــۆرانی دووەم</u>: کاریگــەری دووەم لەســەر ڕۆژنامەگــەریێی دیموگرافیا بوو، دوای جەنگ ئافرەتان و پیاوان ئەوانەی لە بــەرەکانی جەنگ گەرابونەوە، چــونە زانکۆکــان، کــە بــوارێکی فــراوانتری بــۆ رەخساندن لە بەدەستهێنانی زانیاری و بایەخ پێدانی. ئەو ڕۆژنامانــەی ئێواران دەردەچوون کەوتنە لێواری مەرگ. شێوەی ژیــانی ســەردەم

کاتی ئەو تۆی بۆ خـەڵکی نەهێـشتەوە بـۆ خوێندنـەوە، لەبـەر ئـەوە بـەرەو تلفزیـۆن رۆشـتن بـۆ زانـینی هـەواڵ و زانیاریـەکان و کـات بەسەربردن.

<u>گۆرانی سێیەم:</u> لەسەرەتای ساڵانی شەستەکانی سەدەی بیـستدا، هەندی دامـەزراوەی هـەواڵ لـە (ووڵ سـتریت) بازاڕەکـانی پـشکی دارایی، سەرچاوەی نوێ بوون بۆ بـاربۆکردن لـە رووی داراییـەوە. کاتی زۆربەی دەزگاو ڕۆژنامە گەورەکانی ئەمەریکا هـی کەسـانێکی سەربەخۆ بوون، بەڵام دوای ئـەوە بـووە خاوەنـدارێتی گـشتی هەمـە لایەن، کە لـەژێر دەسەڵاتی کۆمپانیای گە ورە دان.بە وجۆرە پێوەری سەرکەوتنی دامـەزراوەکانی هـەواڵ لـە بازارەکـانی پـشکی دارایـدا بریاری لەسەر ئەدرێت، کەبایـەخ بـە قـازانجی وەرزی ئـەدات، نـەك جۆرو چەشنی ڕۆژنامەگەری، ئەوەش بووە هۆی دابەزینی وە بەرهێنان لـــە پرۆســـەی ڕۆژنامەوانیـــدا. ڕۆژنامەگـــەری رێگەیـــەك نیـــە بـــۆ بەدەستهێنانی پارەو پول و سەرمایە، یان بۆ بەسەربردنی کات، بـەڵکو دەبێت خزمەتی پەرژەوەندی گشتی بکات. ئـەوە قـسەی (پـولیتزر)ە هەروەها وتوویە:حکومـەت، کـە لـەلایـەن گەلـەوە هەڵدەبـژێرێت، پشت بە ڕۆژنامەگەری پاك و بێگەرد دەبەستی، پەرژەوەنـدی گـشتی لـەلا گرنگەو بایەخی پی ئـەدات، کەسـانی ژیـرو شـارەزاو راهـاتوو بەوەی کە دەزانن چی باش و بەسودو دروستە، دەتوانن خزمەتی ئـەو پەرژەوەندیە گشتیە بکەن و بەدی بهێنن. بەر لە پەیدابوونی تلفزیـۆن و ئینتەرنێت، ڕۆژنامەگەری بایەخی ئەو تۆی بە پەرژەوەنـدی گـشتی

نەئەدا، جێگەی ئەو قەڵەمانە بوو کە بەیاخیان بەشتی دیکە ئەدا، یـان بۆ ناوو پارە دەیان نووسی بـەڵام دواتـر ئـەو پیـشەیە بـووە خـاوەنی نەریت و ئەخلاقی تایبەتی و کاری بووە خزمـەتکردنی هاووڵاتیـان و گەل، لە ویـوە بـووە دەسـەڵاتی چـوارەم، کەپەیامەکـەی بریتیـە لـە دەرخـستنی کاروبارەکـان بەشـێوەی لـۆژیکی و بابەتیانـە، رەوایـەتی ئەوانـەی دەیخەنـە روو، بـە مەبەسـتی بـەدی هێنـانی مـافی گـەل لـە بەدەسـتهێنانی زانیـاری راسـت و دروسـت. سـەردەمانێکی زۆر لـە کۆلیژەکاندا و ناوەندەکانی ڕۆژنامەگەریدا ئەو قسەو پەیامە جێگـەی بایەخ بوون لێك ئەدرانەوە، ڕۆژنامەگەری بەو ئاراستەیە دەرۆشت تا جێگەی خۆیکردەوە. ئەگەر ئەمرۆ لە هـەر ژورێکـی ئینتـەرنێت یـان ستۆدیۆی تەلفزیۆن و رادیۆ یان ڕۆژنامەو کۆلیژی ڕۆژنامەگەری لـە قوتابیان، کارمەندان، بپرسی: ڕۆژنامەگەری چیە؟ شێوەی ئـەو کـارە چیە کە ڕۆژنامە چیەکان پێی هەڵدەسن لەوەڵامـدا راکـان جیـاوازن هەندێك دەڵێن (بوارێکە بۆ گواستنەوەی زانیـاری، هەنـدێکی دیکـە دەڵێن: بۆ کات بەسـەربردنە، یـان بـۆ دەسـتکەوتنی داراییـە، بـەڵام لــەبارترین و باشــترین وەڵام ئەوەیــە کــە: گۆڤــاری (زی نیومــان ریپــورتس) کـە زانکـۆی هارڤاردوەرزانـەدەری دەکـات نوسـیویە: لەسـەرمانە بگەڕێنـەوە بـۆ بنـەماو پەیامـە سـەرەتاییەکان، تـابزانین مەبەست لەرۆژنامەگەری چیە فێربونی هونەری ئەو پیشەیەچیە ؟ لەو وتارەدا هاتوە :مەبەست لە کاری رۆژنامەگەری تەنها نوسین نـی یـە، چۆن زانستی نەشتەر گەری تەنها نەشتەر گـەری نیـە کـە جەسـتەی

مرۆڤێك لەتكەیت بیدوریتەوە ، بەڵكو مەبەستەكە چارەسەر كردن و چاككردنەوە یە ، هەروەها مەبەستی رۆژنامە گەری تەنها گواستنەوەی هەواڵ و نوسینی وتارو زانیاری و بڵاوكردنەوەیان نیە ، كە تواناو شارەزایی بۆ ئەوە پێوستە وەك نەشتەرگەریەكە ، بەڵام مەبەستەكە پەیوەندی بە بابەتێكی گشتیەوە هەیە، ئەویش خزمەتكردنی پەرژەوەندی گشتیە ، كە لەكۆتاییدا رێگەیەكە بەرەو دیموكراسیەت) . دووبارە دەڵێن رۆژنامەگەری ئامانج نی یە بەڵكو رێگەیەكی پیشەییە كە نوسەران ، پەیام نێران لێوەی دەتوانن خزمەتی پەرژەوەندی گشتی بكەن .سەرۆكی زانكۆی كۆلۆمبیا دەڵێ : فێربونی پیشەی رۆژنامەگەری ئامانجێكی بەهادارە ، بەڵام ئەم فێربوونە بەس نیە، ڕۆژنامەچیە لاوەكان ئەوانەی شارەزایان، زانیاریان لە چوار چێوەی كۆمەڵایەتی، مێژوویی تیۆری پیشەیەكەیاندا نییە، ئەوانە حوكم دراون بەوەی كە ژیانی ڕۆژنامەگەریان ڕووكەشە، ئەو ڕۆژنامەچیانەی كە لەمێژوو نەریتی پیشەكە، یاسایی ڕۆژنامەگەری، نازانن تەنیا بایەخ بەلایەنی تیۆری ئەدەن، ئەوانش سودیان نیە، ئەو دوو بەشە ناتوانن خزمەتی بەرژەوەندی گشتی بكەن. گەورەترین ئەرك كە لەئەستۆی مامۆستاو ڕاهێنەرەكانی ڕۆژنامەگەریدایە، جگە ڕاهێنانی فێركردن و دەستەبەركردنی زانستی ئەكادیمی فراون، لەوەدایە بتوانن قوتابیەكانیان فێربكەن چۆن بایەخ بە پەرژەوەندی گشتی ئەدەن و چۆن پەرەدەسێنی.

# ئازادی رۆژنامەگەری

ئیلێن هیوم – بەرێوەبەری سەنتەری راگەیاندن وکۆمەڵگە – زانکۆی مساتشوستش– بۆستن– بەمجۆرە ئەرك یان رۆڵی رۆژنامەگەری ئازاد دیاری دەکات.

لەهەر کۆمەڵگەیەکی دیموکراسیدا دەزگاکانی رۆژنامەگەری ئازادو سەربەخۆ، بەئازادی زانیاری بەسوود بەدەست دێنن و بڵاوی دەکەنەوە.

*رۆژنامەگەری ئازاد چوار رۆڵی سەرەکی دەبینێ:*

١– ناچارکردنی بەرپرسانی حکومەت کە لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکرێت.

٢– بڵاوکردنەوەی ئەو هەواڵ و زانیاریانەی کە پێویستە بزانرێن.

٣– هوشیارکردنەوەی هاووڵاتیان تابتوانن بڕیاری دروست بدەن.

٤– دروستکردنی پەیوەندی لەنێوان هاولاتیان وکۆمەڵگەی مەدەنیدا.

کاتی مرۆۋ دەزگاکانی راگەیاندن دەبینێ کە چۆن دەتوانن رووبەرووی سەرکردە بەهێزو دەوڵەمەندەکان بینەوە، کەموکوریەکانیان لە جیهاندا دەربخەن، مرۆۋ دەپرسێت، چۆن تەحەمولی رۆژنامەی ئازاد دەکرێت؟ هۆی نەگەرانەوە بۆ بیرۆکەی کۆنترۆڵکردنی راگەیاندن لەلایەن حکومەتەوەو دەمبەست نەکردنی هاولاتیان لەوەی دەیڵێین وبڵاویدەکەنەوە چییە؟

دەزگاکانی راگەیاندن لەرێگەی لێپرسینەوە لەحکومەت دەتوانن سەقامگیری دروستبکەن، چونکە بەدیهێنانی رادەیەکی باش لە

سـەقامگیری سیاسـی و گەشـەی ئـابووری و دیموکراسـیەت، بـەبێ خستنەرووی زانیارییەکان بەئازادی کارێکی مەحاڵە. چونکە زانیـاری هێزە.

هەر دەوڵـەتێك ویستی سەرکەوتنی سیاسی وئابووری بەدەست بـێنێ و یاسا تێدا سـەروەر بێـت، پێویـستە دامـەزراوەکانی لەبـەردەم گەلـدا کـراوە بـن، ئەگـەر ویـستی لـەرووی زانـستی و تەکنەلۆژییـەوە پـێش بکەوێت دەبێ بەئاشکرا بیرۆراکان ئاڵوگۆربکرێـت، ئەگـەر حکومـەت جێگەی پێ زانـین بێـت لـەبـەر ئـەوەی پابەنـدە بەلێپرسـینەوە لـەلایـەن گەلـەوە، بۆ ئەو پرۆسەیە راگەیاندنی ئازاد پێویستە لەبەر ئەو هۆیـە بـو کە (تۆماس جیفرسۆن) دانەری راگەیاندنی سـەربەخۆیی ئەمـەریکا پێـی دادەگرت، کە دەبـێ دەسـتووری ئەمـەریکا، مـافی ئـازادی رادەبـڕین، ئازادی رۆژنامەگەری، کۆبوونەوەی گشتی لەخۆبگرێت، ساڵی ۱۷۸۷ نوسیویە: (ئەگەر سەرپشك کرام لـەنێوان ئـەوەی حکومـەتمان هـەبێت بەبێ رۆژنامە یان رۆژنامەمان هەبێت بـەبێ حکومـەت.بـەبێ دوو دڵـی دووەم هەڵدەبـژێرم) ئـەوە بـەو مانایـە نییـە کـە رۆژنامـە چاوپۆشـیان لـە(جیفرسـۆن) کـرد بـێ کـاتێ بـووە سـەرۆکی ولاتەیـەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەڵکو کەوتە بەرپرسیارو لێکۆڵینەوەی رۆژنامەکان.

دەزگای راگەیاندنی ئـازاد لـەدەوڵـەتی دیموکراسـیدا وەك پێـشتر ئامـاژەی پێکـرا چـوار رۆڵـی کاریگـەر دەبـینێ، کـە دەسـەلاتدارە بەهێزەکانی و دەوڵەت ناچار دەکات بۆ لێپرسینەوە لەلایەن گەلەوە. رێگە نیشاندەری هاوولاتیانە بۆ دەست نیـشانکردنی بڕیـاری سیاسـی لـەبار ، کەتانوپۆی کۆمەلایەتی بەهێز دەکات.

## بەرپرسیارکردنی حکومەت

بەجیهێنانی رۆڵی چاودێر لەلایەن رۆژنامەکانەوە بەشێوەیەکی باش لەرۆڵە گرنگەکانە. ئاژانسەکان، بەرپرسانی حکومەت هەمیشە حەزیان لەروونی (شفافیە) نییە، بەتایبەتی لەو ولاتانەی کە نەریتی لێپرسینەوە لەلایەن گەلەوە باونییە.

دیڤیدهۆڤمان – دامەزرێنەرری دامەزراوی – ئەنتەرنیوز– کە ئاژانسێکی نێو دەوڵەتی ناحکومەتیە، یارمەتی راهێنان وپەرەسەندنی دەزگاکانی راگەیاندنی سەربەخۆ لە(٥٠) ولاتدا دەدات دەڵێ:

ئازادی رادەبرین وئاڵوگۆری زانیاری کەمالیات وشتی جوان نییە، بەڵکو ئەو دراوەیە کە لەبازرگانی سیاسەت ورۆشنبیری جیهانیدا کاری پێدەکرێت.

## روناکی خستنە سەرکێشەکان

بەبێ بوونی دەزگای راگەیاندنی ئازادو سەربەخۆ،بەرپرسێتی بەدیهێنانی ئاگادارکردنی گەل و سەلامەتی بەتەواوی دەکەوێتە ئەستۆی حکومەت. نەبوونی بەشداری گشتی لەوبوارەدا ئاسایشی ولات وگەشەی ئابووری پەك دەخات. بۆ وێنە لەچین: دەزگاکانی راگەیاندنی ئەو ولاتە راپۆرتی راست و دروستیان دەربارەی پەتای (سارس) لەساڵی ٢٠٠٣دا بلاونەکردەوە، چونکە حکومەت نەیدەویست مەترسی ئەو قەیرانە باس بکات، لەبەر ئەوە ئاگاداری

هاوولاتیانی نەکردەوە کە ئەو پەتایەی بلاوبۆتەوە کوشندەیەو لەژێر کۆنترۆڵدا نەماوە، لەپەکین و ناوچەکانی دیکە لەبەر ئەوەی هاوولاتیان زانیارییان لەبارەی ئەوپەتایەوە نەبوو، چۆن خۆیان بپارێزن، بلاوبویەوە. هەندێ هەستیان کرد لەگەڵ بەرزبوونەوەی ژمارەی تووشبووان مەترسی زیاتر بوو، گەشتیاران و وەربەرهێنەرەکان دووچاری دڵەراوکی بوون. رۆژنامەی (وول ستریت جۆرنال) لەنەخۆشخانەی پەکینەوە ژمارەی نەخۆشەکانی بلاوکردەوە، هەندێك لەوەربەرهێنەرەکان متمانەیان بەحکومەتی چین نەما، دەستیانکرد بەکشانەوەی فەرمانبەرەکانیان لەچین. حکومەت دوای ئەوەزانی کە پێویستە هاوولاتیان لەمەترسی ئەوەی روویداوەو ئاستی کێشەکە ئاگادار بکاتەوە، تابتوانێ سنورێك بۆبلاوبوونەوەی ئەوپەتایە دابنێ و راستگۆیی حکومەت بەدەست بێنێتەوە. راگەیاندنی بیانی بووە هۆکاری لێپرسینەوەی پەرلەمان لەحکومەت لەجیاتی راگەیاندنی ئەو ولاتە.

## هۆشیارکردنەوەی هاوولاتیان

لەو کاتانەی دەزگاکانی راگەیاندنی ئازاد دەتوانن، بەئازادی کاربکەن، دەبنە پاڵپشتی گرنگ بۆ دیموکراسیەت، چونکە سەرباری ئەوەی دەبنە چاودێر بەسەر حکومەتەوەو گەل بەکێشەوپرسەکانی پەیوەند بەژیان و سەلامەتیەوە ئاگادار دەکەنەوە، ئەو دەزگایانە یارمەتی هاوولاتیان ئەدەن کەبەباشی لەحکومەتەکەیان بگەن و

بەئاسانی بیگەنێ.

رۆژانە لەرۆژنامەو گۆڤارو رادیـۆو تەلفزیۆنـەکانی کوردسـتاندا چـەندین بابـەت و وێنـەی جیـاواز پەیوەنـد بـەژیانی هاوولاتیـان و پەیوەنـدیان بـەدامو دەزگاکـانی حکومەتـەوە دەخوێنینـەوە دەبیستین،دەبینین، کـە داواکـاری و سـکالاو پێـشنیازیان لەچـۆنیەتی ئەنجامدانی پرۆژەیەکی خزمەتگوزاری، کێشەییەکی گشتی، یان تایبەتی باری نەداری، نەخۆشی، سکالای دیکـە هەیـە، دواتـر ئـەو دەزگـاو کەنالانە شانازی دەکەن کە ئـەوان بونەتـە هۆکـاری ئاگـاداریکردنی حکومـەت لـەو پرسـەو بەدەمـەوە چـونی و چارەسـەرکردنی، یـان ئاگـادارکردنی هاوولاتیـان لـەو زانیارییانـەی کەبابەتیانـە کـەم و کورییەکانی بەرپرسان و دامو دەزگاکانی حکومەت دەخاتـەروو کـە بۆتە شتێکی رۆژانە لەژیانی هاولاتیاندا.

## دروستکردنی پەیوەندی لەنێوان هاوولاتیاندا

بوونی ئەو ژمارە زۆرەی رۆژنامـەو گۆڤـارو رادیـۆو تەلـەفزیۆن لەکوردستاندا بۆتەئامرازێکی باش بۆ پەیوەندیو ئاگاداربوون، بۆ وێنـە ساڵی ٢٠٠٦ و ٢٠٠٧ کە ئەنفلونزای باڵنـدە و پـەتای رشـانەوە و سك چـوون بلاوبوییـەوە لەهەنـدێ ناوچـەدا. ئـەو دەزگاوکەنالانـە رۆلێکی باشیان لە هوشیارکردنەوەو ئاگادارکردنی هاوولاتیاندا گێرا، کـەدامودەزگاکانی حکومەتوبەرپرسـان پێـی هەڵدەسـان هـەروەها وریاکردنـەوەیان لەبـەکار نـەهێنانی ئـەوخۆراك و دەرمـان و کـەل

وپەلانـەی مـاوەی بـەکارهێنانیان بەسـەر چـووە، زیـان بەخـشن، داموودەزگا پەیوەندارەکانی حکومەت، ئەوخۆراك و دەرمان و کەل و پەلانە لەناو دەبەن و چاودێری زیاتردەکەن، هـەروەها لـەکاتی لافـاو ئاگرکەوتنەوەدا، یان روودانـی تاوانێکـدا، بەبـەردەوامی هاوولاّتیـان لەشوێن و چۆنیەتی ئەوانە وخۆ بەدروگرتنیان ورێنمایکردنیان ئاگادار دەکەنـەوە، هـەروەها لـەپرۆژەکانی حکومـەت و کـەم و کـوڕی و کێشەکانی و هەنگاوەکانی چارەسـەرکردنیان جگـە چـەندین وێنـەی دیکە لەژیانی کۆمەڵگەی کوردستاندا، وەك چالاکی رێکخراوەکـانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ناساندنیان بەهاوولاّتیان و ئەو ئەرك و کارانەی دەیکەن کەپەیوەنـدە بـە ئـازادی و مافەکانـەوە. بـانکی نێودەوڵـەتی کرانەوەی دەزگاکانی راگەیاندن بەبارێکی پـۆزەتیڤ دەزانـی وباسـی دەکـات لەگەشـەکردنی ئاربوویـدا. لەیـەکێك لـە راپۆرتـە کانیـدا کەسالآنە دەری دەکات دەڵێـت ئـە ولاّتانـەی دەزگـای راگەیانـدنی خـوجێی تایبـەتیان هەیـە، هاوولاّتیـانی ئـەو ولاّتانـە ئاسـتێکی باشـی زانیاریان هەیە،لەگەڵ ئاستێکی باشی تەندورستی و گەنـدەڵی کـەمترو ئابوورییەکی روون.

*کوردستان وێنەیەکـە لـەو ولاّتانـەی کـە دەزگـای راگەیانـدنی خـۆجێی* زۆری هەیـە ئـەوە سـەرەتایە کـە بـۆ پەرەپێـدانی زیـاترو گەشەسەندن لەوبوارانەی بـانکی نێودەوڵـەتی ئامـاژەی پێکـردوون، بەرەچاوکردنی هەل و مەرج و بارودۆخی کۆمەلاّیـەتی،ئابووری، کـە پێویستی بەگۆران و دارشتنەوە هەیە . بیّ شـك رۆژنامەگـەری ئـازاد

هەمیشە بەشێوە پیشەیی و هونەریەکەی کارناکات، بەتایبەتی لە کوردستاندا، کەشوێنەواری نادروستی لێدەکەوێتەوە، بەلاّم پێشکەشکردنی هەواڵ و زانیاری راست و دروست و هاوسەنگ دەبێتە هۆی بایەخ و پێزانینی زیاتری هاولاتیان بەو دەزگایانە. ئەوزانیاریانە وەك سوتەمەنی وان بۆ دیموکراسیەت، چونکە هاولاّتی زیاترو باشتر هوشیار دەبیّ و بەرپرسێتی زیاتر هەڵدەگریّ بۆ باسکردنی ژیانی خۆیی و کۆمەڵەکەی. دەزگاکانی راگەیاندن لە رێگەی کۆڕو چاو پێکەوتنەکانیانەوە کەبیروڕای جیاوازی تیایە، ئەوتوانایە وبلاّوکردنەوەی ئەو بۆ چونە جیاوازانە گەرەنتیەکە کەهاوولاّتیان لەیەکتر ئاگاداردەبن و لێك دەگەن.

بانکی نێودەوڵەتی لەدواراپۆرتی خۆیدا کە لێکۆڵینەوەیەکی کردووە لەژێرناوی راوێژکردن لەگەڵ هەژاراندا، لە ٢٣ ولاّتدا باری (٢٠) هەزار هاولاّتی هەژاری باسکردووە.

لەوانە ئەوهەژارانەی کە گوێیان لیّ ناگیریّ وکەس نوێنەرایەتیان ناکات، ناتوانن ئەوەی بیری لێدەکەنەوە بیگەیەننە حکومەت، ئامرازێك نییە باری ژیانیان دەربخات ، ئەوانەکەسانی نەخوێندەوارن،توانای دەربڕینی رایخۆیان بەباشی نییە.

***لەکوردستاندا دەزگاکانی راگەیاندن رۆژانە هاوولاّتیان دەبینن بەتایبەتی هەژارو*** نەدارەکان، لەشارو گەرەك و شارۆچکەو گوندەکاندا، ئەوانەباسی خۆیان کێشەی ژیانیان، دەکەن، هەموویان رووی دەمییان لەحکومەت دەکەن، دەبینن لەهەمان کەناڵەوە کە

بەرپرسانی پەیوەندار لەداموودەزگاکانی حکومەتدا دەچن بـەدەم ئـەو سکالاّو داواکاریانـەی هاولاّتیـانی هـەژارەوە، لـەرووی دابینکردنـی خزمەتگوزاری بۆ گەرەك و کۆلاّنەکانیان، یـان چارەسـەری کێـشە و داواکاری تایبـەتیان لـەرووی نـەداری و پێویـستی وەك تەندورسـتی، هەندێ جار لایەن و کەسانی دیکە لـەو رێگەیـەوە بـەدەم ئەوکەسـە هەژارانەوە دەچـن، زۆر جـار دەزگاکـانی راگەیانـدن لـەجیاتی ئـەو هاولاّتیانە قسە دەکەن و داواکانیان بەرێکوپێکی دەخەنـەروو لەگـەڵ ئەوانیشدا هێشتائەرکی زیاتر لەسەر ئەودەزگایانەیـە، کەبەشـێوەیەکی باشترو بابەتیانەتر ئەو ئەرکە بەجێ بگەینن و زیـاتر بـچن بـەدەم ئـەو داواکاریانـەوە، ئەگـەر لەکوردسـتاندا ئامـارێکی دروسـت بکرێـت دەربارەی رۆڵی راگەیاندن لەو بوارانە دادەبینن لەئاستێکی باشـدایە، چونکە بە ئازادی بێ ساسنۆر کاردەکەن، سەرباری ئـەوەی لـەرووی پیشەیی و هونەرییەوە کەموکوری و ئاستەنگ زۆرە، بایەخدانی زیـاتر بەو لایەنانە خزمەتێکی گەورەیـە، چ ئـەوەی دەزگاکـانی راگەیانـدن بەشێوەیەکی بابەتی و هاوسەنگ لـەداواکاری و سـکالاّو کێـشەکان دەیخەنـــە روو، چ بەدەمەوەچـــوونی بەرپرســـانی حکومـــەت بـــۆ ئەوداواکاریانەو چارەسەرکردنی کێشەکان.

# بنەمای یاسایی رۆژنامەگەری ئازاد

بـــۆ زانـــین و رونکردنـــەوەی بنـــەمای یاســـایی، ئـــەزموونی ولاتەیـــەکگرتووەکانی ئەمـــەریکا، لەســـەر زمـــانی کەســـانی شـــارەزاو پسپۆر، لەو بوارەدا، بۆ ئەوەی بزانین کە کاری رۆژنامەگەری بەیاسـا رێك ناخرێت، بەڵکو بریتییە لــە ئــەخلاق و ویــژدانی ئەوانــەی لــەو بوارەدا کار دەکەن.

جین– کیرتلی، ئوستادی یاساو ئەخلاقی ڕاگەیانـدنی ئـازاد، لـە زانکۆی مینسۆتا. لەوبارەیـەوە نووسـیوویە: هـەموو ئـەو یاسـایانەی ئـازادی ڕۆژنامەگــەری لــە ئەمــەریکا دیــاری دەکــەن لــە یەکــەم هەموارکردنی دەستورەوە وەرگیراوون ئایا ئەو ئازادیە رەهایە تـا ئـەو سنورەی چ ووشەو رستەیەك بەکاربێنی؟ دادگای بالاّی ئەمـەریکا لـە ماوەی دوو سەد ساڵدا لە هەوڵی وەلاّمدانـەوەی ئـەو پرسـیارەدایە، کاتیَ لە هەر کەسێکی ئەمەریکایی دەپرسـی: ئـازادی ڕۆژنامەگـەری چیە؟ لە وەلاّمەکەیدا گوێت لــە کۆمــەڵێك گلــەیی و رەخنــە دەبــی دەربارەی نەبوونی بەر پرسێتی ئەو دەزگاو کەنالاّنە، چـونکە سـنوری تایبەتمەنـدێتی کەسـەکان دەبـە زێـنن، بابـەتی زۆر نهـێنی حکومـەت بلاّودەکەنەوەئەو کارە دەکەن تا ژمارەی زیاتر بفرۆشـن، یـان بینـەرو بیسەری زیاتریـان هـەبی. لـە سـالّی (٢٠٠٢) دا سـەنتەری یەکـەم هەموار کردنی دەستور لە یانەی ئازادی لێکۆلینەوەیەکی بلاّوکردەوە کە لە (٤٢٪) رای ئەوە بوو کـە ڕۆژنامەگـەری زیـاد لـە پێویـست

ئازادە. ئەگەر ئەو قسەیە دروست بێت مـشتومڕ هەڵـدەگری. بـەلاّم ئەوەی لە ئەمەریکا بە شێوەیەکی فراوان لە رووی یاساییەوە لەسەری کۆکن پاراستی مافی دەزگاکـانی راگەیاندنـە. ئـەو مافـە لــە کوێیــوە هاتووە؟ چۆن لەماوەی ئـەو سـالاّنەدا پـەرەی سـەندو فـراوان بـوو؟ پاشەڕۆژی ڕۆژنامەگەری لە ئەمەریکا چۆن دەبی؟.

## ریشەی مێژوویی

دەسـتوری ئەمـەریکا لــە دەسـتوری بـەریتانیا وەرگـیراوە کـە نەنوسراوە و تۆمارکراو نیە. بـەڵکو لەسـەر بنـەمای داب و نەریتـە. پێویستە ئەو دەستورو یاسایانەی پەرلـەمان دایـان ئـەنێت، لــە لایـەن دادوەرەکانەوە لێك بدرێنەوە، لە ڕێگـەی ئـەو فـەرمان و بریارانـەی لەسەر کێشەو پرسەکان لە ڕابـوردوودا دراوون، دەرکـراوون، ئـەو بریارانەی پەیوەندن بە هاوولاّتیـان و حکومەتـەوە، دادگـای بـالاّ دوا بڕیاریان لە بـارەوە ئـەدات، چـونکە بـەدوای ئـەوەدا دەڕوات، ئایـا بڕیاری دادگاکان بە پێی یاساکانەو لەگەڵ دەستوردا دەگـونجێن. بـەر لە شۆرشی ئەمەریکا، کۆلۆنیەکانی بـەریتانیا لــە ئەمـەریکای بـاکور ملکەچی چەندین یاسـابوون کـە پەرلـەمانی بـەریتانیا بـۆ چـاودێری کردنی ئازادی ڕادەربرین دینابوون، ئەو یاسایانە لە ڕۆژنامەچـیەکانی دەخواست کە لە حکومەت مۆڵەت وەرگـرن، بـەمانا ئاگـاداربوونی پێشوەختی حکومەت لــەو بابەتانـەی دەنوسـرێن و بـلاّو دەکرێنــەوە،

کەفەرمانبەرێکی حکومەت ئەو بابەتانەی دەخوێندەوە لەگەڵ یاساکان بەراوردی دەکردن، تابزانی هێرش کردن، کفرکردن، شتی ناپەسەندو نابەجێی تیانەبێت. ئەگەر یەك لەوانەی تیابوایە بەتاوانی هاندانی فیتنە دەدرایە قەڵەم. لەسالأنی بیستی سەدەی هەژدەدا ئەمەریکاییەکان بێزارو تورە بوون لەو سانسۆرە کۆنە. ڕۆژنامەی (بنسلڤانیا گازێت) بەناوێکی بەریتانی خوازراو ووتارێکی بلاو کردەوە: کورتەکەی دەڵی: ئازادی ڕادەربرین لە رووی چەندایەتی و کاریگەرییەوە شتێکی رووکەشیە لە سایەی حکومەتێکی باشدا. ساڵی (١٧٣٤) خاوەنی دەزگای بلاوکردنەوەی نیورك، تاوانبار کرا بەوەی لە ڕۆژنامەی (دی ویللی جورنال) دا هانی دووزمانی (فیتنەی) داوە، کە بەناوێکی خوازراو رەخنەی ئاراستەی حاکمی گشتی کۆلۆنیەکان کردبوو. دوای سالێك زیندانی دەستەی سوێند خۆران و پارێزەری ڕۆژنامەکە داوایانکرد، کەنابی هیچ کەسێك لەسەر رەخنەگرتن لە حکومەت دوو چاری سزادان بێتەوە. دوای شۆرش وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دامەزرا، کە بەپێی دەستور هەرسی دەسەلأتەکەی دیاریکرد و جیایکردنەوە. لەسەرەتادا یاسای ماف نەبوو تا ساڵی (١٧٩١) کە دان بەیەکەم هەموار کردنی دەستور دانرا، کە دەگۆرانکاری لە خۆگرتبوو لە چل و پێنج ووشە پێکهاتبوو:( کۆنگرێس بۆی نیە یاسایەك دابنی پەیوەند بێت بە دامەزراندنی دینێك یان ڕێگە لە پەیرەوکردنی بگرێت بە ئازادی یان سنوری رادەربرین دیاری بکات، یان ڕۆژنامەگەری ومافی خەڵکی بۆ کۆبوونەوە بەئاشتی و داواکردن

لــە حکومــەت کەســتەم و زۆرداری لاببــات). ســەرجەم یاســاکانی ئەمەریکا کە ئازادی ڕۆژنامەگەری دیاریکردووە لەو دەقـە کورتـەوە وەرگیراوە. ئـەو دەقـە هـەوڵی دیـاریکردنی ڕۆژنامەگـەری ئـازادی نــەداوە، هــەروەها چــۆنیەتی مــاف و ئــەرك و بەرپرســێتی دیــاری نەکردووە، بڵێ دەبێ وابێ و وانەبێ ئایا ئـەو هەموارکردنـە ڕەهایـە، وەك ئەوەی ماناکە دەیبەخشی؟ وەڵامی ئەو پرسیارە دوو سـەد سـاڵە دادگای باڵای ئەمەریکا دەیەوێت وەڵامی بداتەوە.

## کۆتە پێش وەختەکان

بێزاری هاووڵاتیان لەسەر کوتکردنی هەر چاپەمەنیەك لە لایـەن حکومەتەوە کە جێگەی جیاوازی و ناکۆکی بـوو، بـووە یـەکێك لــە بریــارە ســەرەتاییەکانی دادگــای بــاڵا کــە ئــازادی ڕۆژنامەگــەری دیــاریکرد. ســاڵی (١٩٣١) دادگــای بــاڵا یاســای ولایــەتێکی پوچــەڵکردەوە، کــە ڕێگــەی بــە بەرپرســانی ئــەو هەرێمــە دابــوو، دەرچوونی ڕۆژنامە بەناوی ئەوەی زیان بەخشە قەدەغە بکەن، چونکە بابەتی ئابرو بەرانە بڵاودەکاتەوە، سـووکایەتی دەکـات. ئـەو یاسـایە داوای لە دامو دەزگاکانی هەرێمەکە کردبـوو، ئـەو ڕۆژنامـەو بـڵاو کراوانەی قەدەغـە کـراوون. دەبـێ ڕەزامەنـدی دادگاکـان بـەر لــە دەرچوونەوەیان وەرگرن. ئەو کۆتە پێشوەختە لەفەرەنسا لەسەردەمی ناپلیۆندا سەریهەڵدا کە دەیووت (ناتوانم لەسـایەی ئـازادی ڕۆژنامـە

نووسیدا سیێ مانگ حوکم بکـەم). ڤـۆلتێر لــەو بارەیـەوە تـوانجێکی کاریکاریتێریانەی هەیە( ناتوانم بەبیێ ڕەزامەندی پاشا بیربکەمەوە) دواتر لـەبەریتانیا دادگایـەك دامـەزرێنرا کەیاسـاکانی هۆکـاری سـتەمکاری بـوون دژی ڕۆژنامەنووسـان و کـاری ڕۆژنامەگـەری دادگـای بـالاّ بڕیاری دا کە ئەو کۆت و بەندە پێش وەختانە پێشێلی یەکەم هـەموار کردن دەکات. بەلاّم تێبینی و رای سـەرۆکی دادگـای بـالاّ (تـشارلّز ئیفانزهیوز) ئەمە بوو کە: دەسـتور بـە شـێوەیەکی ڕەهـاو بـی سـنور پشتگیری ناکـات. ئامـاژەی بـەوەدا کـە بلاّوکردنـەوە زانیـاری ورد دەربارەی جموجوّلی سوپا لـەکاتی جەنگدا، یان بلاّوکردنەوەی بابـەتی بریندارکەر، هاندانی توندوتیژی، ئەوانە دەبی لـە ژێر کۆنترۆلّـدا بـن. دادگای بالاّ ئەو هەولاّنەی ڕەتکردەوە کە دەیانویـست سـنورێك بـۆ ئازادی ڕۆژنامەگەری دابنێن، هەروەها ئەو داواکاریانـەی حکومـەت کە دەیویوت هەندی چاپەمەنی ئاسایـشی نەتـەوەیی پێـشێل دەکـەن. گــەورەترین وێنــە لــەو بارەیــەوە، لــەو کێــشە ترسـناکەدا کــە بە(کارتەکانی پنتاگۆن) ناسراوە یەکێکە لـەکێـشە گرنگـەکانی نێـوان حکومەتی ئەمەریکاو دەزگاکانی ڕاگەیاندندا ئەو کارتانە بریتیی بـوون لـەراپۆرتێکی وەزارەتـی بـەرگری ولاّتەیـە کگرتووەکـانی ئەمـەریکا، کەلـەحەوت هەزار لاپـەڕە پێکهـاتبوو، دەربـارەی ئەمـەریکاو ڤێتنـام، لـەسالّی **١٩٦٩** دا ئەو ڕاپۆرتـە تـەواو بـوو، وێنەیـەکی ئەوراپۆرتـە بەنهێنی درایە هەردوو ڕۆژنامەی نیوۆرك تایمز و واشنتۆن پۆست. لـەو کێـــشەیەدا ســـەرۆکی وولاّتـــە یـــەکگرتووەکانی ئەمـــەریکا

(ریتشاردنیکسون) داوای لە دادگا کرد کەفەرمانی راگرتنی هەردوو رۆژنامەی نیۆرك تایمزو واشنتۆن پۆست بدات، بەهۆی بلاۆکردنەوەی بەڵگە نهێنیەکانی جەنگی ڤیتنام لە ساڵی (١٩٧١) دا ، کە پێشێلکردنی ئاسایشی نەتەوەیی وولاّتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکایە. حکومەتی ئەمەریکا لەو دەعوایەدا سەرنەکەوت، چونکە نەیتوانی ئەوە بسەلمێنی کە ئەو چاپەمەنیانە دەبنەهۆی زیان و ئازاردانی خێراو راستەوخۆ کەناتوانری چاك و قەرەبوو بکرێنەوە، بەتایبەتی سەبارەت پەرژەوەندی نەتەوەیی، هەروەها داوایکرد کە حکومەت لەسەریەتی بەڵگەو پاساوی لۆژێکی بهێنێتەوە بۆ قەدەغەکردن و دەرنەکردنی هەر رۆژنامەیەك، نەك داوای رونکردنەوە لە رۆژنامە چیەکان بکات ئایا مافی بلاۆکردنەوەی ئەو بابەتانەیان هەیە. دادگای بالاّ ئەوەی وە بیرهێنایەوەکە قسەی ناشیرین و نابەجی هیچ پشتیوانیەکی دەستوری نیە. بەلاّم نەخشەیەکی تەسکی بۆ ئەو مەبەستە کێشا کە (ئەو بابەتانەی بایەخ و نرخی ئەدەبی، هونەری، سیاسی، زانستی هەیە دابەش بکرێن، بەهەمان شێوە ئەو دەربریناەی داوای رووخاندنی حکومەت دەکەن بە رێگەی هێز، ئەو رایە تا ئەو کاتەی کارێکی لێ ناکەوێتەوە لە دەرەوەی یاسادا پشتیوانی دەستوری هەیە) دادگای بالاّ یاسایەکی هەرێمی فلۆریدای رەتکردەوە کە دژی ئەو رۆژنامانە بوو لەسەر ووتارەکانیاندا هێرشیان کردبووە سەر یەکێك لە پالێوراران و داوایانکردبوو دەبی ئەو کەسە وەلاّم بداتەوە. لەگەڵ ئەوەی دادوەرەکان پەی بەمەبەست و ئامانجی یاسادانەرەکان دەبەن لە

هاندانی ڕۆژنامەگەریدا، کە بۆ دابینکردنی سەکۆیەکە بۆ بیروبۆچوونە جیاوازەکان و جێگەی ستایشن. ئەو دادوەرانە زانیان کەدانانی یاسا بۆ ئەو مەبەستە مافی چاپەمەنی و بلاوکردنەوە بەشێوەیەکی نارەوا پێشێل دەکات، لەوانەیە ئەو یاسایە شوێنەوارو دەرهاوێشتەی پێچەوانەی لی بکەوێتەوە، کە ڕێگە لە بلاوکردنەوەی بابەتە سیاسیەکان بگری. لەو بارەیەوە سەرۆکی دادگای بالا (وارن بۆرگر) نوسیویە (بێگومان ڕۆژنامەی ئازادو بەرپرس خواستێکە، بەلام دەستور بەرپرسێتی ڕۆژنامەگەری دیاری ناکات و نای سەپێنی و ناکرێت وەك زۆر لە شتە باشەکانی دیکە یاسا لەبارەیەوە دەربکرێت).

## سوکایەتی پێکردن

تا ساڵی (١٩٦٤) سوکایەتی پێکردن، یان بلاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاری درۆ و ئەو قسانەی ناوبانگی کەسەکانی دەزراند دەستورو یاسا پشتیوانی لی نەدەکردن. بەلام لەو ساڵەدا، لەکاتی سەرهەڵدانی بزاڤی مافە مەدەنیەکان لە ئەمەریکا، دادگای بالا دانی بەوەدانا کەلەپێناو خۆ بەدورگرتن لە مشتومڕو توانجی توندا دەربارەی کاروباری بەرپرسەکان با ڕێکخراوەکانی هەواڵ بوارێکیان بۆ هەناسەدان پی بدرێت کە هەندێ هەڵە بکەن لەنیەت پاکییەوە بەبی ئەوەی بەرپرسێتی یاسایی هەڵگرن. دادگای بالا بریاری دا ئەو بەرپرسانەی حکومەت کە دەیانەوێت شکات بکەن لەسەر ئەوەی

سوکایەتیان پێکراوە، داوایان لی بکرێت بیسەلمێنن کە ئەو هەواڵ و زانیاریانە نادروست و درۆن، هەروەها سەلماندنی ئەوەی کە بابەتەکانی بلاّو کردۆتەوە زانیویە درۆیە و بەمەبەستی سووکایەتی پێکردن بلاّویکردۆتەوە، دواتر کاریگەری ئەو پێوەرە یاساییە فراوان کرا دەربارەی ئەو هەڵەیە کەناسرا بە (ئازار دانی بە ئەنقەست) ئەو سکالاّیانەی گرتەوە کەبەرپرسانی حکومەت، کەسییەتیە ناسراوە گشتیەکان تۆماریانکردبوو. ئەوە رێگەی بەهەر پەنجا هەرێمەکەی وولاّتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا کەئاستی ئەو هەلاّنەی لە ئاکامی ئازاردانی بە ئەنقەست روو ئەدات دیاری بکەن، لەگەڵ سەلماندنی پلەی ئەو هەلاّنە تامافی قەربوو کردنەوەیان پی بدرێت.

## تاوانی ناوزڕاندن و یاساکانی رسواییکردن

رادەربرین لەرووی کردەییەوە چەند ناخۆش و ئازار بەخش بی، بەلاّم بەپێی دەستورو یاساکانی ئەمەریکا پشتیوانی لێدەکرێت، لەگەڵ ئەوەی ژمارەیەك لە هەرێمەکان (ویلایەتەکان) یاسای تایبەتیان دەرکرد، کە ناسراوە بەیاسا تایبەتەکانی تاوانی ناو زراندن، بەلاّم دادگای بالاّ ئەو یاسایانەی دایەداواوە پوچەڵی کردنەوە. لە سالاّنی (١٩٦٤) وە تا (١٩٧٤) دادگای بالاّ رایگەیاند گەرنەتوانرا راستی یان ناراستی هەر هەواڵ و زانیاریەك بسەلمێنرێت ناکرێتە بنەمای دەعوای سوکایەتیکردن. ساڵی (١٩٨٨) دادگای بالاّ لە کێشەیەکدا

فـــەرمانی دا، کەهێرشـــکردنی ناشـــیرین و دەســـت ئەنقەســـت، دژی کەسییەتیە گشتی و فەرمیەکان، ناشی بۆ تۆمارکردنی دەعوا بـەبیانوی ماندووکردن و ئازاردانی دەروونی. لـە زۆربەی وولاَتاندا ئەو بابەتە بە هێرشکردنە سەر شەرەف و کەرامەتی مرۆڤ دەناسرێت. ئەگەر هـاتوو شکاتکەر توانی بیسەلمێنی ئەوەی بلاَوکراوەتەوە لەو بارەیەوە درۆیە و لەگەڵ واقیع ناگونجی، مەبەستەکە تەنها بـۆ ئـازاردانی بـە ئەنقەسـت بووە. سەرۆکی دادگای بالاَ (ولیام رینکویست) نوسیویە: ئەگـەر بـە پێـچەوانەوە بڕیارمانـدا، گومـان لـەوەدانیـە کـە کاریکاتیریـستەکان، نوســـەرانی ووتـــارە گاڵتـــە ئامێزەکـــان، رووبـــەرووی ســـزای قەرەبووکردنەوە دەبنەوە، بە پێی ئەو بنەمایـەی کارەکـەیان ناوبـانگی کەسانی دیکەی زراندووە و لەکـە داریکـردوون. لەوێـدا سـەرۆکی دادگا پشتی بە بڕیارێکی پێشووی دادگای بـالاَ بەسـتووە کـە دەڵـی: ئەگـــەر رای قـــسەکەرێك بـــووە هـــۆی راســـواییکردنی کەســـێك، هۆکارەکەی ئەوەیە کە ئەو رایە پشتیوانی دەسـتوری هەیـە، چـونکە پرەنسیپێك لە یەکەم هەموار کردنەوە هەیە، دەڵی: لـەسەر حکومەتـە لە بازاڕی بیرورادا بی لایەن بێت.

# تایبه تمەندی

سەرباری ئەوەی دادگای باڵا لێکدانەوەی بۆ چوارەمین هەموار کردنی دەستور کردووە، بەمەبەستی پشتیوانیکردنی کەسەکان دژی کاری پشکنین و دەست بەسەراگرتنی نەشیاو لەلایەن حکومەتەوە، بەڵام دەستور مافی تایبەتمەندێتی کەسەکانی بەروونی دیاری نەکردووە، لەساڵی (١٨٩٠) دا تێگەو مانای مافی کەسەکانی بەبی دەستێوردان لەکاروبارییاندا جێگیر کردووە. لەو کاتەوە زۆربەی هەرێمەکان دانیان بە یەکێك یان زیاتر لەو چوار جۆرە جیاوازەی دەست درێژی کردنە ناوە، کەدەشی ببێتە بناغەی دەعوای قەرەبووکردنەوەی مەدەنی. وەك بڵاوکردنەوەی بابەتی تایبەت بەکەسێك، یان پیشاندانی کەسێك بە شێوەیەکی ناپەسەندو نادروست و شێواو، یان بەخراپی بەکارهێنانی ناو وێنەی کەسێك بەمەبەستی بازرگانی بەبی ڕەزامەندی ئەو کەسە. ڕۆژنامە چییەکان رووبەرووی ئەو دەعوایانە دەبنەوە. لەگەڵ ئەوەی دادگای باڵا دانی بەوە داناوە: بەبی نەبوونی هەندێ پشیتوانی بۆ هەوڵدان و گەران بەدوای هەواڵەکاندا ئازادی ڕۆژنامەگەری دوو چاری شێواندنی زۆر دەبێت. دادگای باڵا روونیکردۆتەوە: ئەو یاسایانەی تایبەتن بە تاوانی دەست درێژیکردنە سەرماڵ و مولك، کەهەمووان دەگرێتەوە بەهەمان شێوە ڕۆژنامە چیەکان و دەزگاکانی راگەیاندن دەگرێتەوە. داننراوە بە مافی کەسەکاندا لە ژیانی تایبەتی خۆیاندا بەڵام بەهۆی ئەو پشتیوانیە فراوانەی کە دەستور لە راستگۆیی دەیکات، دەزگاکانی راگەیاندن

دەتوانن بابەتە تایبەتیەکانی کەسێك بـڵاو بکەنـەوە، ئەگـەر چـی زۆر ناخۆشیش بێت، گەر ئەو دەزگایـە تـوانی بیـسەلمێنی کـە ئـەو بابەتـە جێگەی بایەخ و لـە پەرژەوەندی گشتیدایە ئەوە سـزای لـەسـەر نیـە. بەدەســتهێنانی زانیــاری و کۆنووســی کۆبونــەوەکانی حکومــەت کۆنووسی دادگاکان لـە ئەمەریکا هەمیشە کراوەیەو ڕێگە بە جەماوەر ئـەدەن بیـان گـاتی، وەك هـاوکۆکی لـەگـەڵ نـەریتی یاسـای گـشتی بەریتانیا. ئەو مافە دەستور داویەتی بە جـەماوەر. سـەرۆکی دادگـای باڵا (بۆرگەر) نوسیویە:(لە کۆمەڵگـەی کـراوەدا جـەماوەر داوا لــە دامو دەزگاکان ناکات کەپاك و بی بەری بن لـە هەڵەو گوناه، بـەڵام ئەوەی بەلای جەماوەرەوە قورسە قبوڵکردنی ئەو شـتانەی لـەسـەریان حەرام و قەدەغـەکراوە). زۆربـەی کـاری بەشـەکانی یاسـادانان لــە حکومەتی فیدراڵ و هەرێمەکاندا ئاشکرایە. بەڵام سەبارەت دەسەڵاتی جێبەجێکردن ئاسان نیە بەڵکو زۆر گرانە.ساڵی (١٩٧٦) کۆنگرێس وویستی و هەوڵی دا چارەسەری ئەو کەموکوریە بکات بـەدەرکردنی (یاسای ئازادی بەدەستهێنانی زانیاریەکان) کـە ڕێگـەی بـۆبینینی ئـەو دۆسیانەتردەوە کە دەردەچن – دروست دەبن – یان هەڵدەگرێن لــە لایەن ئاژانسەکانی حکومەتەوە کە نـۆ چەشـنی دیـاریکردووە. بـەڵام یاســاوی نەگەشــتن بەبەڵگــەکان ئــەوە کــاری حکومەتــە، هــەموو هەرێمەکان بەهەمان شێوە یاسـایان دانـا بـۆ ڕێکخـستنی کردنـەوەی دۆســیەکان، کــە لـەلایــەن حکومــەتی فیــدراڵی و هەرێمەکانــەوە دەنوسرێن و بەرهەم دێن.

# رۆژنامەگەری لەسەر دەمی ئینتەرنێت

***بۆب گالۆب – زانكۆی هارڤارد***

رۆژنامەی ئینتەرنێت بەتین و توندە، شێوەو جۆری بەردەوامی هەواڵەكانی چەندین پرسیار دێنێتە ئاراوە، وەك رۆژنامەی ئینتەرنێت چۆن دەتوانیٚ ئەو هەموو هەواڵانە پێشكەش بكات، ئایا لەگەڵ باشترین پێوەری رۆژنامەكەریدا دەگونجی، دامەزاوە هەواڵیە سەرەكیەكان هەولێدەدەن تابتوانن ئەو پێوەرانە لەسەر تۆڕەكانی ئینتەرنێت پیادە بكەن، لەگەڵ ئەوەی دەزانن كە گواستنەوەی هاوسەنگی، وردبینی، روونی لە ئامرازێكەو كە لەسەر بنەمای خێرایی گواستنەوەی هەواڵەكان لەكاتی رووداناندا وەستاوە ئاسان نیە، میكانیزمی ئینتەرنێت ئەركی ئاسایی چاودێرانی رۆژنامەگەری بەهێز كرد لەرێگەی تەیار كردنی پەیامنێران بە شێوازی ئاسان و كاریگەر، بۆ گواستنەوەی هەواڵ و زانیارییەكان بەخێرای و فراوانی، توانای كۆكردنەوەی زانیاری شاراوە، مانای مێژوویی، دیاریكردنی سەرچاوە باوەڕ پێكراوەكان وردبینی كردنیان، هەگبەی پەیامنێرانی دەوڵەمەندكرد، كە لەگەڵ خوێدا رۆشنبیرییەكی نوێی هێنایە ئاراوە، كە لەسەر بنەمای ئاڵۆگۆرو تێكەڵبوون كەمترین كۆت و بنەما راوەستاوە، بە پەلە گەیاندن و ئاگاداركردنی هاولاتیان لە هەموو شوێنە جیاوازەكاندا بە هەواڵ و زانیارییەكان لەكاتی گونجاودا بۆتە سەرچاوەی هێزی رۆژنامەگەری، ئاژانسەكانی هەواڵ بەوە ناو

دەردەکەن و بەناوبانگن، کە بە پەلەو یەکەم سەرچاوەن، لە بڵاوکردنەوەی هەواڵەکان، کە دواتر لەرۆژنامەکاندا لە تەلەفزیۆنەکاندا دەخوێنرێنەوەو دەبنیرێن، دوای ئەوانە ئینتەرنێت سەلماندی کە لەوان باشترە لەگەیاندنی هەواڵ و زانیاریەکان بەپەلەو لەکاتی خۆیدا بەو جۆرە تۆڕەکانی ئینتەرنێت یارمەتی رۆژنامەکانی دا، کە بگەرێنەوە بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵە خێراکان و فراوانبوونی بازنەی بڵاو کردنەوەیان کە بەناویانەوە ناسراو زانراوە، لە رێگەی نوێکردنەوەو داهێنانەوە، وەك دەرکردنی هەواڵی دوای نیوەڕۆ لەسەر هێڵی ئینتەرنێت، رۆژنامەکان لەگەڵ تۆڕەکانی ئینتەرنێت دووریانێکدان، کەهەوڵئەدن بۆ پیادەکردنی پێوەرە کلاسیکیەکان لە بڵاوکردنەوەی هەواڵەکاندا کە دەبێ مامەڵە لەگەڵ بەهای وەك، ئازادی، گۆی نەدان بەئاشکرا کردنی ئەوەی قەدەغەیە، وەرگرتنی هەڵوێستی روون، بایەخدان بەهەندێ پرس. رۆژنامەچیەکانی ئینتەرنێت دەڵێن بەکارهێنانی پاراو پاك، وەك رۆژنامەی ئاسایی بۆ تۆڕەکانی ئینتەرنێت ناشێ و ناگونجێ، بەڵکو دەڵێن ئەمە رێگەیەکە کە لەگەڵ گیانی ئازادی رادەربڕیندا و بڵاوکردنەوەو کۆبوونەوەدا دەگونجێت.

شارەزایان دەڵێن لەنێوان کارمەندانی تۆڕەکانی ئینتەرنێت و رۆژنامەی ئاسایی و تەلفزیۆندا جیاوازی هەیە، لە جۆرو شێوەی نووسین و دارشتندا، کە بەشێوەیەکی روون و بەزمانی خەڵکی لەرۆژنامەدا دەنوسرێت، بەڵام لە تۆرەکانی ئینتەرنێتدا ئەو ووشە

ئاراییه پێویست نیه، بەڵام لـه تەلفزیۆن ناتوانرێت ئـەوە بکرێـت، ئایـا ئەو جیاوازییه لـەگەڵ پێوەرەکان دەگونجێ؟ ڕۆژنامەی ئینتـەرنێت کـە هاندەرو بێ سنوورو ویقاری تیانیه لـەگەڵ نـەریت و کولتـوردا ڕێـك دەکەوێت که ڕێزو هاسەنگی تیایە؟ پرۆسەی دۆزینەوەو دانانی پێـوەر بۆ ئینتەرنێت لـه ژێر سێ کاریگەریدایه:

- گرنگترین تۆڕی هەواڵی ئینتەرنێت دەزگـا کۆنـەکانی ڕاگەیانـدن بەڕێوەی دەبەن، وەك دەزگاکانی ڕۆژنامەو گۆڤارو تەلـەفزیۆنەکان، بەڵام ئەو تۆڕانه لـەژێر کاریگەری هێزی بازاڕدان که زۆر قورس و گرانه لـەسەر تۆڕە نوێکانی ئینتەرنێت، ئەوانـە سـەرمایەیەی تـەواو باشـیان نیـە، ناوبانگیـان لـەپەراوێزدایـە، لـەبازارێکی لاوازدا کاردەکەن، بەڵام ئەوانـەی دەرامـەت و توانـای گـەورەیان هەیـە لەدروسـتکردنی تـۆڕی گـەورە و فراوانـدا، ئەوانـە لـەنووسـین و بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیارییەکاندا پێوەری خۆیان هەیە.
- ڕۆژنامەچیەکانی ئینتەرنێت هەوڵـئەدەن بـۆ دانـانی پێـوەر بـۆ ئـەو تۆڕانه، بۆ وێنه کۆمەڵـەی(ئون لاین نیوز ناسۆشیسن) هەستا بە جێ بـەجێکردنی پرۆژەیـەك بـۆ ڕێنمـایی کـردن بەشـێوەیەکی تونـد، دەربارەی ڕێگەو شوێنی پیادەکردن و چاودێری کردنی کارەکـان، لـەبڕیاردان سـەبارەت هەواڵـەکان و بڵاوکردەوەیـان بـەبێ هـۆو پاساو، ئەوان لـەهەوڵی پەرەپێدانی پەیمانێکدان کـەڕێنمایی کەرنیـە بەڵکو قەناعەت پێکەرە، نەك تەنها بۆ ڕۆژنامەنووسان، بـەڵکو بـۆ هەموو ئەوانـەی لـەتۆڕەکانی ئینتەرنێتـدا کاردەکـەن، کـە دەبـێ

بەئاشکرا جیاوازی بکەن لەنێوان بازرگانی و هەواڵدا.

- ئەوەی لەسەر پێوەری رۆژنامەگەری ئینتەرنێت کاریگەری هەیە ئەو ئامێتەبوونەیە کە لە ئاکامی دانانی پۆستی ئەلکترۆنیدا دروست دەبێت، ئەو پۆستە ئەلکترۆیە، وەلامدانەوەو توانجی بەپەلەی لێدەکەوێتەو، دەربارەی هە رهەواڵ و زانیارییەك بەلام هەندێ لەو هەواڵ نێرانەو هەواڵدەرانە هەندێ تەگەرە دروست دەکەن، بۆ رێگە گرتن لەپەیوەندی خوێنەران بە نەدان و شاردنەوەی ناونیشانی پۆستی ئەلکترۆنی بۆ پاراستنی خۆیان لە نامەی خوێنەران، پۆستی ئەلکترۆنی توانای ناسینی ئەو کەسانە بە پەیامنێران و سەرنوسەرەکان ئەدات، کە ئاگاداری بەشێك یان لایەنێکی هەواڵەکەن، دەتوانن لەراو بۆچونەکانیاندا بەشداری بکەن، جگە لەوە ئەو پۆستە دەستەبەری سەرچاوەی دیکەش دەکات، تا بزانرێت ئەو هەواڵە راستە، هاوسەنگە، دادپەروەرانەیە، ئەوەش هێزێکە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی نواندنی رۆژنامەگەری.

ئەوە بەرپرسێتی دەردەخات بۆ خوێنەر، لەو رێگەیەوە دەناسرێت و خەڵکی و هاولاتیان دەناسن و زیاتر فێردەبن، ئایا بایەخ بەو بەرپرسیەتیە ئەدرێت لەکوردستاندا، جیاوازی لەنێوان بازرگانی و هەواڵدا بەراستگۆیی و هاوسەنگی دەکرێت؟ یان تەنها بلاو کردنەوەو ناوهێنان گرنگە، بێ رەچاوکردنی ئاکام و بەرژەوەندی گشتی.

# ڕاگەیاندن و جیهانگیری

کۆتـــای هـــاتنی جـــەنگی ســـارد و نـــەمانی دوو جەمـــسەری، وەچەرخانێکی گەورە بوو لە ژیانی مرۆڤایەتیـدا، کـە زۆر چـەمك و تیۆری گۆڕی و کردییە بەشێك لە مێـژوو، لەگـەڵ خۆیـدا واقعێکـی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایـەتی، ڕۆشـنبیری، پەیوەنـدی نـوێی هێنایـە ئاراوە لە هەمان کاتدا ئەو پێشکەوتنە تەکنەلۆژییەی کە بـە شۆڕشـی زانیاری و بچووك کردنەوەی جیهان وەك گوندێك، کە سنوری نێوان دەوڵـەتانی تێ پەڕاند بە سەرهەڵدانی دیاردەیەکی نوێ کە بە گلۆبـاڵ دەناسـرێت. کـە ڕۆڵ و ڕەنگدانـەوەی لەسـەر سـەرجەم ژیـانی کۆمەڵگاکانـدا هەیـە.بەتایبـەتی لـە بـواری ڕاگەیاندنـدا. هەنـدێ سەرچاوەی زانستی ئاماژە دەکـەن کـە یەکـەم کـەس دەسـتەواژەی (Global) ی بە کارهێنا (مارشاڵ ماکلۆهان) بو لـە کۆتـایی سـاڵانی شەستەکانی سەدەی بیستدا. دەربارەی ڕۆڵی پەرەسەندنی تەکنـەلۆژیا لەسەر ڕاگەیاندن. دوای ئەو (زبیخنۆبریجنسکی) ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا لـە ساڵی ١٩٧٠، پەرەی بـە دەستەواژەی گلۆباڵ دا بە جۆرێك کە ڕەهەندی سیاسی لە خۆ گرت لـە ڕێـی نـوێ گەرییـەوە. دوای جـەنگی سـارد ئـەو دەسـتەواژەیە ڕووبـەرێکی فراوانـی داگـیر کـرد و مانـای دیکـەی لەسـەر ئاسـتی نێودەوڵـەتی لەخۆ گرت، کە لەدوو بواری یان لایەنی جیاوازدا مانای ئەو وشەیە دەرکەوت.

یەکـەم: گلۆبـاڵ (Global) وەکـو پرۆسـەیەکی مێـژوویی کـە لێکدانەوەیە بۆ گۆڕانـە تەکنەلۆژییـەکان لەڕاگەیانـدن و زانیـاری و پەیوەندیەکانـــدا، لەگـــەڵ دەســـتەواژەی گلۆبالیزەیـــشن (Globalization) دا دەگونجێت.

دووەم: بەو پێیەی گلۆباڵ چوارچێوەیەکی هزری براویی، بـەهایی هەیەو دەربری شارستانیەتێکی دیاریکراوە، کـە لەگـەڵ دەسـتەواژەی گلۆبالیزم (Globalism) دەگونجێ.

لە سایەیدا سنوورەکان و تایبەتمەندێتی کەوتنە پەراوێز و کۆمەڵگا جیاوازەکـان کەوتونـە تـە ژێـر کاریگـەری و بـازارێکی ئـازادی لـە ڕاگەیاندن و رادەربرین بەرهەم هێناوە، کـە گـەورەترینی ئینتەرنێتـە و دیموکراسـیەتی زانیـاری و ئاڵوگۆرکردنـە. بـەئازادی، توانـای پەیوەنـدیکردنی رۆژانەیـە لـەنێوان کۆمەڵگـەو مرۆڤەکانـدا لەهـەر شوێنێکی جیهانـدا، بـە ئامـانجی گەیانـدنی هـەواڵ و زانیـاری و بـیرو بووچونە جیاوازەکان، بەڕێگەیەك جیاواز لـە ڕێگـەکانی سـەردەمانی دیکە. کە بۆتە هۆی جیاکردنـەوەی ئـەم سـەردەمە لەسـەردەمەکانی دیکە. دیاردەی گلۆباڵ زمانێکی دیکەی لە نێوان دەوڵەتان و گـەلان و کەسەکاندا دروسـتکردووە، کـە ئاسـانە بـۆ ئـاڵوگۆر کردنـەوەو ئاگـاداربوون. بەتایبـەتی لـەبواری ڕاگەیانـدراو ئـەو ئـامراز و کەرەسـتانەی کـە تەکنـەلۆژیا بەرهـەمی هێنـاون و دەیـانهێنێ، کـە بابەتێکی نوێی هێناوەتە ئاراوە ناودەبرێت بـە ڕۆشـنبیری جیهـانی کـە هەرچی کۆت و دیواری نێوان دەوڵەتان و هاولاتیانەی لایبرد.

ئـەو دیاردەیـە، ئـەو پەرەسـەندن و گەشـەکردنە تەکنەلۆژییـەی ڕاگەیانـدن گـۆڕانێکی چەشـنی در وسـت کـرد، کـە دەوڵـەتان و سیستەمە توتالیتارەکان ناتوانن ڕێگەی لـی بگـرن، چـونکە هەرچـی شێوە و ئامرازەکانی بیّ دەنگکردن و سانسۆری بی بایەخکرد، دەرگا کلۆم کراوەکانی خستە سەرپشت. ئەو ڕۆشنبیرییە جیهانیە بووە هۆی بڵاوبوونەوەی زانیاری زیاتر، بە تایبەتی لـە وڵاتانی دیموکراسـیەوە بـۆ ئەو وڵاتانەی کە بە ناوی سەروەرییەوە دەیانەوێت دەنگ و بـیرو ڕای هاوڵاتیان کپ بکەنەوە.

تۆڕەکانی پەیوەندی و گەیاندنی هەواڵ و زانیارییەکان وبیر و ڕا و داهێنانەکان، گەیشتۆتە ئاستێك، کە شێوە و جۆری ژیانی هاوڵاتیان و گەلان لـە ڕووی فێربوون و کـارکردن و پەیوەندیـەوە گۆڕیـووە. بـۆ وێنە لـە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە هۆی تـۆڕێکی پەیوەنـدی و گەیاندنەوە، لـە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە، پزیشکەکانی ئەو وڵاتە دەتـوانن کەسانی نەخۆشی ولات وکیشوەرێکی دیکە بپشکنن و ڕێنمایی بکەن و چارەسەریان بۆ دیـار بکـەن. هـەروەها هـەزاران هـەزار مـرۆڤ لـە باکوری گۆی زەوی هەمیشە پەیوەندی لەگـەڵ مرۆڤـەکانی باشـوری گۆی زەوییدا بکات بە جۆرێك هەردوولا هەست بکەن کـە پێکـەوە بەکۆمەڵ بەرپرسن لـەو کێشە و گرفتانـەی پەیوەنـدی بـە ژییانیانـەوە هەیە و بۆ پارێزگاری کردن لـە مافـەکانیان، ڕاگـرتنی ژینگـەی زەوی بەپاکی.

زمانی ژمارە خەسلـەتێکی بەجیهانیبوونی ڕاگەیاندنە، لـەو بوارەدا،

دەبیـــنین کــە ئینتــەرنێت(٣٥) هــەزار تــۆڕی پێکــەوە بەســتۆتەوە بــۆ گەیاندنی بە زیاتر لە دوو ملیۆن ئامێر و زیاتر لـە ٣٤ ملیـۆن کـەس وەك بەکارهێنەر، ئەوە بۆتە هـۆی هانـدانی وڵاتـانی پێـشکەوتوو کـە بەردەوام مانگی دەستکرد دروست بکەن و بیگەیەننە بۆشایی ئاسمان.

ژمارەی مانگە دەستکردەکان بەهەزارانە. ئەو پەیوەندییە نویَ یـە بناغەیەکی بۆ کۆکردنەوەی مەدەنی دروستکرد لـەسەر ئاستی جیهـان. کە لــە هاوڵاتیـانی وڵاتـانی جیـاواز پێکهـاتوون ئەوانــەی لــەو دیـو سنورەکانەوە لە بەرژەوندیدا هاوبەشن.

چــەمکی گلۆبالیزێــشن بۆتــە بــاو و مۆدێــل کــە لــە زانــستە کۆمەڵایەتیەکانـــدا ڕەواجـــی هەیـــە و دروشمێکـــە سیاســـیەکان، ڕۆژنامەچیەکان بەکاری دەهێنن، ئـەوەی لـەسـەر ئاسـتی نێودەوڵــەتی بــەدیهاتووە وەرچــەرخانێکی ریــشەی سیاســی گەورەیــە لەمێــژووی سیاسی جیهان و مرۆڤایەتیدا، لــە تێگــەو دروشمەکانـدا چـونکە بۆتـە کاسەیەك چوارچێوەیەك، بازنەیەك. کە ڕۆژ بـە ڕۆژ بـێ توانـایی ئـەو دەوڵـەت و هێزانە دەردەخات کە دەیانـەوێت ڕێـی پـێ بگـرن دانـی پێدانەنێن، بەناوی پێناسە و تایبەتمەندی نەتەوەیی و ئاینیەوە. دەسەڵاتی سیاسی لـەو جۆرە وڵاتانەدا بەخێرایی ڕۆڵـی خۆیان لـەدەسـت ئـەدەن. چــونکە یەکێکــە لەتایبەتمەندیــەکانی گلۆبالیێزیــشن کــە ئــەو جــۆرە سیستەم و دەسەڵاتانە نـاتوانن وەك جـاران سـنوورەکانیان داخــەن و دەســەڵاتی خۆیــان بــسەپێنن. پەرەســەندنی دەزگاکــانی ڕاگەیانــدن و کاریگەرییان لـەسەر سروشتی مرۆڤ و بیرکردنەوە و دیدگاو ڕەفتـاری،

کاردانەوەی هەیە لەسەر شارستانی و ڕۆشنبیری. لەسایەی ئەو پەرەسەندنە تەکنیکیە دا تۆڕە نۆێکانی پەیوەندی و گەیاندن پێکەوە بەستراونەتەوە، کە هەموو سنوورەکانی تێ پەڕاندووە و بەئاسانی بەیەك دەگەن. کە بۆشاییەکی دیکەی نوێ ی بۆ پەیوەندی و گەیاندن دروست کردووە، ئەو بۆشاییە ناودەبرێت و دەناسرێت بە (بۆشایی سیبرنیتی) کە بریتیە لە نیشتمانێکی نوێ و ئینتیمای بۆ هیچ جوگرافیا ومێژوویەك نیە، نیشتمانێکە بێ سنور، بێ بیرکردنەوە، بێ کەلەپور، (سیبرنیتی) زانستێکە کە شرۆڤەی ڕێگە و چونیەتی گەشتنی زانیاری و چاودێری کردنی دەکات. لەلایەن ئەو بونەوەرانەی لەناو ئامێرو پێکهاتە کۆمەلایەتی و ئابوورییەکاندان. مامەڵەکردن لەگەڵ هەواڵ و زانیاریدا ئەرکێکی گرانە کە لەسەر دەزگاکانی ڕاگەیاندنە، چونکە هەوڵدانە بەرەو ڕاستگۆیی، وردبینی، بابەتیەتی، لە خستنەڕووی ڕووداوەکاندا و پەیوەندی بەڕاستی و دورکەوتنەوە لەشێواندن و زڕاندن، هەروەها وازهێنان لەململانێی ئاشکراو نهێنی بەڵکو کارکردن و خزمەتکردنی پەرژەوندی گشتیە.

بیرۆکەی گلۆبالیزیشن لەسەر سێ پایەدا ڕاوەستاوە: ئاسانکردنی چالاکی مرۆڤ، زانیاری، شمەك، ئالوگۆڕی ئەوانە لەسەر ئاستی جیهان لەنێوان دەوڵەتان و گەلاندا، کە گەیاندنی بیرۆکە و زانیاری مسۆگەر دەکات، لەڕێگەی تێکەڵبوون و دیالۆگەوە بەهۆی ئەو تەکنەلۆژیایەی بەدیهاتووە، شۆڕشی پەیوەندی و زانیاری گۆڕانێکی ڕیشەیی لە شێوە و تەرزی بەهەمهێنان دروستکردووە، بەتایبەتی

چۆنیەتی بەکارهێنانی کۆمپیوتەر و بلاوکردنەوە و گەیاندنی، کەبووە هۆی سەرهەڵدانی تێگەیەکی نویٚ بەناوی ( بەجیهانبوونی زانیاریەکان) لە ویٚوە تێگەی گوندی ئەلکترۆنی سەریهەڵداو هاتە ئاراوە.

خواستێکی زیاتر بۆ بەکارهێنانی تۆڕەکانی ئینتەرنێت هەیە، کە لەهەموو کات و شوێنێکدا و بۆ هەموو کەسێك زانیاری و هەواڵ دەستەبەر و ئامادە دەکات وەك شێوەیەك لە دیموکراسیەتی زانیاری.

## کاریگەری تەکنەلۆژیا لەسەر دەزگاکانی ڕاگەیاندن

باسی تەکنەلۆژیا کرا چ ڕۆڵێکی بینیوە لە پەرەسەندنی ڕاگەیاندندا لە گەیاندن، هەواڵ و زانیاری، بیروڕاو دیدگاکان لە هەموو کات و شوێنێکدا بۆ هەمووان، بزانین کاریگەری ئەو تەکنەلۆژیا یە لەسەر ڕاگەیاندن بەتایبەتی ئەوەی چاپ دەکرێت لە ڕۆژنامە و گۆڤار چیە، هەروەها رادیۆ و تەلەفزیۆن. ئەو ئامرازانە لەگەڵ ژیانی ڕۆژانەدا ئامانجیان گەیاندنی هەواڵ و ڕاپۆرت و بیرو ڕای جیاوازە کە ڕەنگدانەوەی ژیانی کۆمەڵگەیە. ئەو ئامرازانە گۆڕان بۆ بینراو بیستراو لەیەك کاتدا، دوای هاتنی تەکنەلۆژیای نوێ و تۆڕەکانی ئینتەرنێت. کاریگەری تەکنەلۆژیا لەسەر دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە ڕووی کەرەستە و ئامێرو چۆنیەتی ئەرکی کارمەندان لە ڕۆژنامە و ڕادیۆ و تەلەفزیۆندا دوو لایەنی هەیە:

<u>**لایەنی یەکەم:**</u> لەسەر ئامێر و کەرەستەکان.

**لایەنی دووەم: لـەسەر کەسەکان.**

تەکنەلۆژیای نوێ بەشـێوەیەکی بـاش کاریگـەری لەسـەر ئـامێر و کەرەستەکان داناوە لە ڕێگەی:

- زیاد بوونی توانا وچەشنی وێستگەکانی گەیاندن و بەکار هێنانیان بـۆ ماوەیەکی دوور و درێژ بێ ئـەوەی پێویـست بـە پڕکردنـەوەی وزە بکەن.
- ئامێرەکـانی وێنـەگرتن بـۆ هـەڵگرتن و گواسـتنەوە و بـەکارهێنان، قەبارەیان بچووکە، کێشیان سووکە.ئاسانن.
- بەئاسانی چاك کردنەوەی ئەو ئامێرانەی تێك دەچن و خراپ دەبن ، و گۆڕ ینی تابلۆ و تەنکۆلـەکانیان
- توانـای نزیـك کردنـەوەی شـوێنی دوور بـە وێنـە و دەنگێکـی بـێ خەوشەوە.
- پەیوەندی ڕاستەوخۆ لەڕێگەی تەلـەفۆنی ڕاستەو خۆ بە هۆی مانگـە دەستکردەکانەوە و تۆرەکانی مایکرۆ بەخێرایی.
- باشکردن و زیاد کردنی توانای چاپ خانەکان، کـە بەرهەمـەکانیان گەشتۆتە ئاستێکی باڵا کە هەنـدێ ڕۆژنامـە لەیـەك کاتـدا لـە دوو شوێنی جیاواز لەچاپ ئەدرێت(چاپ ئەکرێت).

لەگەڵ ئەوانە دا ئەو تەکنەلۆژیایە کاریگەری نەرێی هەیە وەك:-

- پەیـدا بـوونی وێنـەگرتنی نهـێنی یـان تۆمـارکردنی دەنـگ، بـەهۆی بچووکی قەبارەی ئەو ئامێرانەی بەکاردەهێنرێت.
- توانای تۆمارکردنی گفتوگۆی تایبەتی بـەبێ ئاگـاداری ئەوانـەی ئـەو گفتوگۆیە دەکەن.

– تواناى بەدەستهێنانى نهێنى تايبەتى، دەربارەى ژيانى كەسێيەتيە گشتى و گرنگەكان، بەهۆى ئامێرى وورد و زۆر هەستيارەوە.

**كاريگەرى ئەرێى تەكنەلۆژيا لەسەر ئەو كەسانەى لە دەزگاكانى ڕاگەياندندا كاردەكەن:**

- پێدانى ئازادى بەرۆژنامەنووس لە بلاوكردنەوەى ئەو زانيارانەى هەيەتى.
- ئازادى ڕۆژنامەنووسى لە بلاوكردنەوەى ئەو زانياريانەى لايەتى.
- ڕووخاندنى هەر ديوار و نەهێشتنى هەر بەربەستێك لە نێوان گەلان و كەساندا.
- بەكارهێنانى ئەو تەكنەلۆژيايە بە باشى دەبێتە ڕێگەيەكى باش و ئاسان بۆ بەديهێنانى ئەرك و كارەكان و پەرەسەندنى .

بەلام كاريگەرى نەرێى بريتيە لە:

- جياوازى شارەزايى و پسپۆرى لەو بوارەى كە ناودەبرێت بە ڕۆژنامەى ئەلكترۆنى.
- ئەو تەكنەلۆژيايە زاڵ دەبێت بەسەر تاو دەتخاتە ژێر هەژموونى خۆى ئەگەر تەنها بەكارت هێناو پشتت پێى بەست بۆ وەرگرتن، چونكە كاردەكاتە سەر مەيل و حەزى كەسەكان.
- لايەنگيرى ڕۆشنبيرى ديكە لە ڕێگەى ئەو پرۆگرامانەى كەناڵەكانى ديكە بلاوى دەكەنەوە.

# ڕۆژنـــامــه

پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا بەو شێوەیە هێز و توانایـەکی دیکـەی بـە دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەخشی و زەمینەیەکی باشـی خـۆش کـرد لـە ڕووی نووسین، ریکلام، دابەشکردنەوە، هەندێ ڕاو و بۆچـون هەیـە دەربارەی تەکنەلۆژیای ئینتەرنێت کە پێی وایـە بەشـێوەیەکی بـاش و ئەرێی کاریکردۆتە سەر ڕۆژنامەی چاپ کـراو، چـونکە لـە ڕێگـەی هـەواڵ و زانیاریەکانـەوە یارمـەتی ڕۆژنامـەکان ئـەدات ئـەو بابەتانـە بڵاوبکەنەوە. هـەروەها ئـەو کەلێنانـە پـڕ دەکاتـەوە کـە لـە نێـوان دامەزراوە ڕۆژنامەگەرییـە گـەورە و بـچووکەکاندا هەیـە و یارمـەتی ڕۆژنامە گەورەکانی داوە کە لەسەر ئاستی جیهان بڵاو ببنەوە ئـەوەش ئەرکی دارایی و خەرجیات و بەڕێوەبردنیان و شوێنیان کەم دەکاتەوە. لە بەرامبەر دا هەندێ ڕاوبۆچونی دیکە هەیە پێیان وایە کە ڕۆژنامەی چاپ کراو بایەخ و گرنگی خۆی هەیە چونکە ماوەی پێـنج سـەدەیە لەگەڵ خوێنەر دا دەژی و ئێستا شان بە شانی ڕۆژنامـەی ئـەلکترۆنی دەڕوات کە تەمەنی لە دەساڵ کەمترە.

# ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی

سەرەتا پرسیارێك هەیە، ئایا ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی بەشداری لە گەیاندنی هەرچی خوێنەر پێویستیەتی لە هەواڵ و زانیاری و ڕاپۆرت دەکات، بە هەموو شێوە و جۆرەکانیەوە؟

وەڵامی ئەو پرسیارە پێویستی بە ئاگاداربوون و زانینی سروشتی ئەوانەی کە لە هەر کۆمەڵگەیەکدا لێی سوودمەندن، چونکە هەریەکەی (کۆمەڵگە) تایبەتمەندی خۆی هەیە، کە لە وی دیکە جیاوازە.

ئایا ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی جێگەی ڕۆژنامەی چاپکراو دەگرێتەوە؟

لە یەکەم تێڕامانـدا وادەردەکەوێت. کاتی بەراورد کردن دەردەکەوێت کە کێبڕکێ لە نێوان هەریەك لە و شێوانە دا هەیە چونکە خەسڵەتی خێرایی ڕۆڵ دەبینێ لە ڕۆژنامەی ئەلکترۆنیدا، یان لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆندا چاپکردنەوەی ژمارەی نوێی پێویست نیە بۆ گواستنەوەی ڕووداوێکی نوی، وەك لە ڕۆژنامە بەدی دەکرێت.

بەڵام دەبێ لەنێوان شێوەکانی دیکە دا بگونجێ، چونکە چەندین کۆسپ هەیە، کە بەکارهێنانی ئەو تۆڕە کەمدەکاتەوە وەك:

- زۆربەی ڕۆژنامەکان سایتی ئەلکترۆنی خۆیان هەیە کە وێنە و هەواڵە تازەکانی تیا بڵاودەکەنەوە. چالاکی و بەڕێوەبردنی کارمەندانی ئەلکترۆنی زۆر کارا و لە ئاستی باڵا دانین.
- سایتی ئەلکترۆنی دوای دەرچوونی ڕۆژنامەکەی دوای چەند

کاتژمێرێك لە دەرچوون و بڵاوبوونەوەی نوێ دەکرێتەوە.

- لاوازی ئەو تەکنیکەی کە لــە زۆربــەی ســایتەکاندا بەتایبــەتی لــە ناوچەکەماندا، کە بەکار دەهێنرێ.
- کەمی ژمارەی بەکارهێنەرانی تۆڕی ئینتەرنێت لە کوردســتاندا کــە کاریگەری لەسەر بازاری ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی هەیە.

***لەگەڵ ئەو کۆسپانە، ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی کاریگــەری ئــەرێی هەیــە وەك:***

- پەیدابوونی ئەو ڕۆژنامەیە، مانای نەمانی ڕۆژنامــەی چــاپکراو نیــە. بەڵکو ئەوە بە خواستی خوێنەرە کە کامیــان بــەکار دەهــێنێ. ئــەو ڕۆژنامەیە جێگرەوەی ڕۆژنامەی چاپکراو نیە.
- دەرگایەکی گەورەی لــە بــەردەم دامــەزراوەکانی ڕۆژنامەگەریــدا کردۆتەوە کە دەتوانن سوودی لێوەرگرن، هەر لەگۆڕینی شــێوەی بەرهەم هێنان، نووسین، بە پێی حەز و خواستی خوێنەر.
- سەر هەڵــدانی ڕێگــەی نــوێ لــە دەق رەنــگ، دەنــگ و وێنــە و تەکنیکی ڕاگەیاندن و کەناڵی پەیوەندی دیکە.
- دەستە بەرکردنی زانیاریەکی زۆر بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن.
- ڕێگە خۆش کردن بۆ گەیشتن بە بواری تایبەت لە کارکردندا، کە سەرنجی خوێنەر بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ.
- هەمە چەشنی لە ڕووی قەبارە و پانی و درێژی کــە وەك یــەك نیــە بەڵکو هەمە ڕەنگیەکی دروستکردووە کە لەگەڵ زەوقــی خوێنــەر بگونجێ.

- ئاسان کردنی گواستنەوە و هەڵگرتن.

***لە هەمان کاتدا ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی کاریگەری نەرێی هەیە وەك:***

- لاوازی دەقە کوردییەکان و دیزاینی پەڕەکان.
- کێشەی بڵاو کردنەوەی و لاوازی لەسەر تۆڕەکانی ئینتەرنێت.
- بەرزبوونەوەی نرخی بەکار هێنانی ئینتەرنێت کە هەموو کەس پێی ناکرێت.
- کەمی خوێنەری کورد هەتا بۆ ڕۆژنامە چاپ کراوەکان.

## سانسۆر

تەکنەلۆژیای نوێ توانی دەسەلاتی کۆنترۆلکردنی حکومەت و هەر هێزێکی دیکە بەسەر دەزگاکانی ڕاگەیاندن کە لە ژێر سانسۆردان بشکێنێ چونکە دەتوانێ هەواڵ و زانیاری و ڕاپۆرت بە دەنگ و وێنەوە دابەش بکات.

کاتی کۆڕەوی کورد بۆ سەر سنوورەکان و ولاتانی دراوسێ لە ساڵی ١٩٩١ ئەو تەکنەلۆژیایە سانسۆری حکومەتەکانی شکاند و واقیعەکەی بە جیهان ناساند. ئەو تەکنەلۆژیایە ڕۆڵی هەیە کە باز بەسەر کۆسپ و تەگەرەکانی حکومەتکاندا ئەدات کە دەیگرنە بەر دژی ڕۆژنامەی چاپ کراو، هەروەها لە ڕوی دابەش بوونەوە کە ناتوارێ سانسۆری لەسەر دابنرێت.

# ئینتەرنێت و حکومەت

شۆڕشی زانیاری تەنها پەیوەست نیە بـە ڕاگەیانـدن و ڕۆژنامـەوە بەڵکو کاریگەری لەسەر هـەموو چـالاکیەکانی کۆمەڵگـە هەیـە لـە ڕووی سیاسی ئابوری، بازرگانی، بازاڕەکانی دراو، مافـەکانی مـرۆڤ، یارمەتی بەشە جیاوازەکانی کۆمەڵگا ئەدات لە ئەرك و کار و بەرنامە و نەخشەکانیاندا، وەك سەرکردە سەربازیەکان، قوتابیان، کاسبکاران، (ئەویندااران) سەرجەم دام و دەزگاکانی حکومەت.

لەو ڕوانگەیەوە ئاستی پێشکەوتنی هەر کۆمەڵگایەك دەپێورێ کە ڕادە و ئاستی زانیاری و بەکار هێنانی ئینتەرنێت چـەندە لـە سـەرجەم بەش و جومگەکانی ژیانیدا.

یـەکێك لـەو بەشـە گرنگانـە و کاریگەرانـەی کۆمـەڵگا کـە تەکنـەلۆژیای زانیـاری و ئینتـەرنێت کاریگـەری لەسـەر دەکـات و پێویستە دامـوو دەزاگاکـانی حکومەتـە، چـونکە بـەکار هێنـانی ئـەو تەکنەلۆژیایە سوودمەندە بۆ حکومەت، کە زیـاتر کـارای دەکـات و روتین و بیرۆکراتیەتی بەرپرسان کەم دەکاتەوە کە بۆتـە هـۆی چـەق بەسـتویی و دابـڕان، ئـەو تەکنەلۆژیایـە دەرگـای گـەورە لەسـەر حکومـەت دەکاتـەوە کـە لـە حکومـەتێکی خـاو و خلیـچك ببێتـە حکومەتێکی گورج و گۆڵ و رون (شفاف) و کاریگەر.

دەرفەتێکی لەبار و باشە بۆ نەهێـشتنی کۆسـپ و تەگـەرەکان و گۆڕینی بە ئاسانکاری و خێرایی کـە هـەموو هاولاتیـان و گـەل لێـی

ڕازی بن.

هاوشانی ئەو پەرەسەندن و وەرچەخانە و داهێنانەدا، لە بوارە جیاوازەکانی ژیانی کۆمەڵگەکاندا خواستی گەلان و هاولاتیان لە هەر دەولەتێکدا بوونی حکومەتێکی کارا و زیرەکترە، کە بتوانێ داوا و ئامانجی کۆمەڵگە لە ژیانی باش و ئاسوودە و پەرەسەندن و پێشکەوتن بەدی بهێنێ لە ڕێگەی زانستی کارگێڕی کە ئەمڕۆ بەشداری کارا دەکات لە پرۆسەی دامەزراندن و دارشتنەوەی هەیکەل و ڕێکخستنەوەی بەش و جومگە جیاوازەکانی حکومەت، جگە لەوەش دیاریکردنی کەناڵی پەیوەندی و ئاگاداربوونی بەرپرس و کاربەدەست لەگەڵ یەکتر هەروەها لەگەڵ هاولاتیان.

ئەوەی ئاشکرایە بەڕێوەبردنی کار و بارەکان لە دام و دەزگاکانی حکومەتدا بەو شێوە نەریتیەی جاران بۆتە هۆی کوشتنی داهێنان و کەڵەکەبوونی هێز و توانای کار، لاوازی بەشی کارگێڕی، کەڵەکەبوونی دۆسیە و بەڵگە و نوسراوەکان و شوێن گرتن.... هەموو ئەوانە هۆکاری کەمبوونی بەرهەم و ڕاپەڕاندنی ئەرك و فەرمان و کارەکانە، کە لەگەڵ سەردەم و خواستی هاولاتیان ناگونجێت، ئەو شێوە نەریتیە لەگەڵ پرەنسیپی رونی (شفاف) و بەدەست هێنانی زانیاریەکان ناگونجێ و کەموو کوڕی دروست کردووە و کاری کردۆتە سەر نواندنی حکومەت و نەبوونی لێپرسینەوە، حکومەت دووچاری نەخۆشی نەبوونی مەعریفە دەبێ، بەهۆی ڕۆشتنی ئەو ڕەگەز و کەسانەی شارەزا و خاوەن ئەزموون و پسپۆڕن لە دام و دەزگاکاندا، کە دەیان ساڵە کاریان تێدا کردوە و

ئەرکیان ڕاپەڕاندووە، چـونکە بـە نـەمان و ڕۆشـتنی ئـەوان هەرچـی زانیاریو ڕێی شوێن هەیە لەناو دەچیٚ و لـەبیر دەچێتەوە.

لـە کوردستاندا هەنگاو نراوە بۆ بە ئەلـکترۆنی کردنی حکومـەت لـە ڕێگەی هەندیٚ دەزگا و بەشەوە، بەڵام لـە ئاسـتی پێویـستدا نیـە و زۆر بەرپرس و کاربەدەسـت هەیـە نایـەوێت بـەو شـێوەیە کارەکـان بەرنامە و پڕۆژەکان بەرێوە بـبرێن و هـەتا هاوکـاری ئـەو بەشـەش و دەزگایانە ناکەن کـە ئـەو هـەنگاوەیان نـاوە، ئـەوەی گرنگـە دەبـیٚ کاربکرێت بۆ فراوانکـردن و پـەرەدان بـەو پرۆسـەیە کـە سـەراپای جەسـتەی حکومـەت بگرێتـەوە، چـونکە نەبەسـتنەوەی یەکـە کارگێڕیـەکانی حکومـەت بـەو تـۆڕەوە دەبێتـە هـۆی دابەشـبوون و لـەبەریەك هەڵوەشـاندنەوەی زانیاریـەکان، چـونکە هـەر بەشـێك لـە ڕوانگەی کاریگـەری و توانـای بـەڕێکردنی کـار و بارەکـانی خـۆی دەڕوانێت، کـە لـە چوارچـێوەی دەسـەلات و بەرپرسـێتی خۆیدایـە، ئەوەش هۆکاری ئەو هاوکاری نەکردنەیە کە بە خراپـی کـار دەکاتـە سەر هەڵسەنگاندن و بەشەکانی دیکەی حکومەت، چونکە وەك یـەك جەستە کارناکات بەڵکو ئەوەی پێویستە کە دەبیٚ جەسـتەکە پێکـەوە هەمووی کارا بێت.

کەوا بو پێویـستمان بـەو کارکردنـە سەرتاسـەریەیە لـە ڕێگـەی حکومەتی ئەلـکترۆنی، کە ئەزموونی وڵاتانی پێشکەوتوو لـەو بـوارەدا زۆرە و لـە بەردەست دایە.

لەوانەیە کەسێك بڵـیٚ: ئـازادی و ئـەخلاتی ڕۆژنامـە گـەری چ پەیوەندیەکی بە حکومەتی ئەلـکترۆنی هەیە؟

پەرەسەندن و پێشکەوتنی بەشەکانی کۆمەڵگە بە یەکەوە بەستراونەتەوە بە تایبەتی ئەو بەشانەی کاریگەری ڕاستە و خۆیان لەسەر ژیان و پاشەڕۆژی کۆمەڵگە هەیە، لەبەر ئەوە حکومەت وەك دەسەڵات و دەزگاکانی ڕاگەیاندن وەك دەسەڵاتی بەرامبەر و چاودێر، پێویستە لە هاوشانی یەك سوود لەو تەکنەلۆژیایە وەربگرین، بەڵکو حکومەت زیاتر، لەبەر ئەم هۆکارانە:

**١- ڕوداوە سیاسیەکان:**

***ئەم ڕوداوانە لەم سەردەمەدا بریتین لە:***

- دیاردەی گلۆبالیزم.
- هەوڵدان و کێبڕکێی زیاتری دەوڵەتان لەسەر دارشتنەوەی لە شێوەی ئەلکترۆنی وەك ئاماژەیەك بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگە.
- هەوڵدان بۆ بەدەست هێنانی متمانەی جەماوەر لە لایەن سیاسیەکانەوە لە ڕێگەی پێشکەش کردنی خزمەت گوزاری بۆ هاولاتیان بە شێوەیەکی باش و ئاسان.
- پشتگیری بانکی نێودەوڵەتی بۆ حکومەتی ئەلکترۆنی لە ولاتانی گەشەسەندودا.

**٢- ڕوداوی تەکنەلۆژی وەك:**

- سەرهەڵدانی تۆڕی ئینتەرنێت و هەوڵدان بۆ گواستنەوەی بۆ دامەزراوە سەربازیە داخراوەکان تا لەبەر دەستی جەماوەردابن.

- دابەزینی نرخی کەرەستە و ئامێری زانیاری کە زۆربەی کەسەکان دەتوانن ئامێرێکی کۆمپیوتەر بکرن و لەماڵەوە بەکاری بهێنن.
- پەرەسەندنی تۆڕەکانی ئینتەرنێت و سەرهەڵدانی تێگە و ڕێگەی زانیاری خێرا، کە پشت بە تۆڕی گەورە و بەتوانا دەبەستێ کە زانیاری و داتاکان بە ئاسانی دەگوازێتەوە
- پەرەسەندنی ئاستی بەژمارەکردنی زانیاریەکان کە جێگەی متمانەیە.
- داهێنانی واژۆی ئەلکترۆنی.
- پەیدابوونی ڕێگە و پەیوەندی بە ئاسانی.

## ٣- ڕوداوی ئابووری

- سەرهەڵدانی بازرگانی ئەلکترۆنی کە بۆ پەیوەندی لەگەڵ دامەزراوە ئابوری و داراییە گەورەکاندا لەسەر ئاستی حکومەت و کەرتی تایبەت پێویستن.
- هەوڵدانی حکومەت بۆ بەکار بردنی تەکنەلۆژیا لە پێناو کەم کردنەوەی نرخەکان.
- بڵاوبوونەوەی بە تایبەتی بوونی پڕۆژەکان لە نێوان حکومەت و کەرتی تایبەتدا و پیادەکردنی ئەو پرۆسەیە لە لایەن هەردوو لاوە.
- ئەو سەرکەوتنە خێرا و لەبەر چاوەی کە کۆمپانیاکانی ئینتەرنێت بە دەستیان هێناوە لەگەڵ ئەو شێوەی کارکردنەی کە

لە دامەزراوە ئەلکترۆنیەکاندا پیادە دەکرێت.

**٤- ڕوداوی کۆمەڵایەتی وەك:**

- زۆربوونی هۆشیاری و بەکار هێنانی تەکنەلۆژیا و ئینتەرنێت.
- بەرزبوونەوەی ئاستی زانیاری هاووڵاتیان لە ڕێگەی تەکنەلۆژیاوە.
- هەوڵدان بۆ بەدەست هێنانی کەرەستە و ڕێگای ئاسان، وەك ڕاپەڕاندنی کار و باری ڕۆژانە لەگەڵ دام و دەزگاکانی حکومەتدایان کۆمپانیاکان بەبێ چونە سەردانی ئەم شوێنانە.
- بڵاوبوونەوەی تێگەی (خۆت خزمەتی خۆت بکە) بۆ دانانی سنورێك بۆ سەرمایەی مرۆڤ کە پێویستە بۆ جێ بە جێ کردنی کاروبارەکان.
- پیربوونی هێز و توانای حکومەت بەهۆی لەدەست دانی شارەزایی و پسپۆڕی بەهۆی خانەنشین کردن، یان مردن، لەبەر ئەوە دەبێ ئەو شارەزایی و پسپۆڕییە بگوێزرێتەوە بۆ ناو سیستەمی زانیاریەکان.

# پێناسەی حکومەتی ئەلکترۆنی

چەندین پێناسەی بۆ کراوە وەك هەندێك دەڵێن کە خزمەتگوزاری حکومەت لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە، هەندێکی دیکە پێیان وایە کە بریتیە لە بەڕێوەبردنی گشتی ئەلکترۆنی، بەڵام بە شێوەی گشتگیر ئەم پێناسانە هەن:

* حکومەتی ئەلکترۆنی وێنەیەکی حەقیقی حکومەتی کلاسیکیە، لە گەل جیاوازییەکدا کە حکومەتی ئەلکترۆنی لەگەڵ تۆڕ و سیستەمەکانی زانیاری و تەکنەلۆژیادا دەژی و ئەرکەکانی حکومەت ڕادەپەڕێنی.

یان: حکومەتی ئەلکترۆنی ئامانجی پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری حکومەتیە بە هەموو شێوەکانی لە ڕێگەی تەکنەلۆژیا و ئینتەرنێتەوە.

ئەوەی حکومەتی ئەلکترۆنی ئەنجامی ئەدات هەمان کار و ئەرکە کە حکومەتی کلاسیکی دەیکات و ئەنجامی ئەدات، بەڵام بە ڕێگە و شێوازێکی دیکە کە پێویستی هاوڵاتیان و خودی حکومەت بەدی دەهێنێ، ئەو حکومەتە ڕوی دیکەی حکومەتی ئاساییە، بەڵام ئەو خزمەتەی کە لە لایەنی ئەلکترۆنیەوە پێشکەشی دەکات بۆ کۆمەڵگە ئاسانترە و بە درێژایی ڕۆژ و مانگ و ساڵە.

# دیموکراسیەتی ئەلکترۆنی

حکومەتی ئەلکترۆنی لەسەر ئاستی وڵات بایەخ بە پرسە گرنگەکانی ئەدات، شێوە و ڕوخساری دیموکراسیەتی ئەو حکومەتە لە بەشداری کردنی هاوڵاتیان لە چارەسەرکردنی کێشەکان و لێپرسینەوە لە حکومەت دەردەکەوێت، لەو لایەن و بابەتانەی کە پێویست دەکەن زانیاری تەواو دەربارەی توانا و نواندنی حکومەت پێشکەش بکات لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە هاوڵاتیان لەو ڕێگەیەوە دەتوانن بەشداری لە هەڵبژاردنەکان بکەن.

هەروەها وەرگرتنی ڕای جەماوەر دەربارەی سیاسەتەکانی حکومەت و ئەو پرسانەی جێگەی ناکۆکین ئەو پرۆسەیە لەسەر سێ گۆشەیەك وەستاوە کە بریتیە لە: سیاسی، دامەزراوەیی، جەماوەری، لەو ڕێگەیەوە پەیوەندی حکومەت و گەل بەهێز دەبێ و ئاگاداری یەکتر دەبن، ئەو پرۆسەیە لە ڕێگەی دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە بەدی دێت. وەك باسکرا راگەیاندن لەوبوارەدا رۆڵی سەرەکی دەبینێ.

ئەو بەشداری و لێپرسینەوەیە بەشێکی سەرەکیە کە ئەو دەزگایانە دەبێ ڕۆڵی خۆیان بە باشی ببینن لە پێناو بەرژەوەندی گشتیدا.

# بەڕێوەبەرایەتی ئەلکترۆنی

بڕبڕە پشتی حکومەتی ئەلکترۆنیە هەرچی کارو باری ناوخۆ هەیە بەڕێوەی دەبات بێ ئەوەی بۆ هاوڵاتیان و دامەزراوەکە بە شێوەی ڕاستە و خۆ دەرکەوێت، بەڵکو لە ڕێگەی یان لە ئاکامی کارەکان دەردەکەوێت، وەك بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکان، وەزارەتەکان، لە ڕێگەی سیستەمێکی تەواوکەر بۆ گەیشتن بە تەکنیك کردنی تەواوی ئەرکە سەرەکیەکانی حکومەتو هەروەها کارکردن بە سیستەمی داتا، ئەرشیف، و بەڕێوەبردنی بەڵگەکان و هەرچی لە پرۆسەی ئەرکی حکومەت دایە.

ئەو دارەتە پێویستی بە باشکردن و لێهاتوویی و توانای بەرپرسان و کاربەدەستانی حکومەتە، لەگەڵ ڕاهێنانیان بۆ سەرکردایەتی کردنی گۆڕانکاری.

بەڕێوەبەرایەتی ئەلکترۆنی ناو دەبردرێت بە: (کاریگەری و توانای ناوخۆی حکومەت)، بەو ڕێگەیە حکومەت کارەکان بە باشی و خێرایی و ئاسان لەناو خۆیداو دەرەوەیدا ڕادەپەڕێنێ.

دوای ئەوەی چین و توێژەکانی کۆمەڵگە ئەو گۆڕانەیان قبوڵکرد و هەرسیانکرد و راهات لەسەر سیستەمی حکومەتی ئەلکترۆنی و ئامرازی یاسا و ڕێساکانی، ئەو کۆمەڵگەیە ئامادەیە بۆ چونە ناو جیهانی حکومڕانی ئەلکترۆنی و وەرچەرخانی تەواو بەرە و حکومەتی ئەلکترۆنی لەو قۆناغەدا دادگای ئەلکترۆنی دروست دەبێت و

بەشێك لە واقیع پێك دێنێ، هەروەها لە هەڵبژاردنەكاندا.

گەیشتن بەو قۆناغە و دانانی حكومەتی ئەلكترۆنی تەنها پشت بە دەستەبەركردنی تەكنیك و لایەنی هونەری نابەستێ، بە قەدەر ئـەوەی كە پشت بە دەرفەت و توانای وەرگرتن و هەرسكردنی گەل دەبەستێ بەو ئامراز و كەرەستە و تەكنیكە، بەو جۆرە حكومەتی ئەلكترۆنی لـە منداڵدانی ئەو قۆناغەدا لـەدایك دەبێت.

گەیشتن بەو ئاستە مانـای پەرەسـەندن و پێـشكەوتنی بوارەكـانی دیكەی ژیانی كۆمەڵگەیە، بەتایبەتی ڕۆژنامە گەری.

## سەرچاوە:

گۆڤاری ئەلیکترۆنی کە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا دەری دەکات.
مانگی ئایاری ٢٠٠١.
مانگی شوبات ٢٠٠٣.
دليل الصحافة المستقلة – تألیف دیبورا بوتر.
الحكومة الألكترونية – عباس بدران.

# پێرســـت

| | |
|---|---|
| پێشەکی | ٣ |
| رۆژنامەوانی چیە؟ | ٧ |
| هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی ڕاگەیاندنی ئازاد و بەرپرس | ٨ |
| بەهێزکردنی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی سەربەخۆ و ئازاد | ١٠ |
| رۆڵی حکومەت لە پشتگیریکردنی رۆژنامەگەری ئازاد | ١٥ |
| بەرنامە نوێکان | ١٨ |
| بنەما یاساییەکانی ئازادی رۆژنامەگەری | ١٩ |
| گەڕان بەدوای سەربەخۆیی داراییدا | ٢٢ |
| جیاوازی ژمارەیی | ٢٩ |
| رۆڵی رۆژنامەگەری لە بینای کۆمەڵگەدا | ٣١ |
| هەواڵ چیە؟ | ٣٥ |
| جۆرەکانی هەواڵ | ٣٨ |
| خەسڵەتەکانی هەواڵ | ٣٩ |
| سەرچاوەکانی هەواڵ | ٤٠ |
| رۆژنامە و دیموکراسیەت | ٤٧ |
| توانای گەشتن بە دۆسیەکانی حکومەت | ٤٩ |
| ئەخلاقی رۆژنامەگەری | ٥٠ |
| بنەما ئەخلاقیەکان | ٦٠ |
| تێگەشتن لە چاودێریکردنی رۆژنامەگەری | ٦٤ |
| چاودێری کەرانی دەرەوەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن | ٦٦ |
| ڕەخنەگرانی ناو دەزگاکانی ڕاگەیاندن | ٦٧ |

| | |
|---|---|
| ڕەخنەی ئەنجومەنی هەواڵەکان | ٦٨ |
| ڕێکخراوە پیشەیەکان و ڕەخنەکانیان | ٦٩ |
| بنەما ئەخلاقیەکانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن | ٧٣ |
| پەیوەندی گشتی | ٧٥ |
| لێکدانی بەرژەوەندیەکان | ٧٦ |
| بەها بێ سنوورەکان | ٧٧ |
| تەکنەلۆژیای نوێ | ٧٧ |
| سەرچاوە و پەیامنێران | ٧٨ |
| سەربەخۆیی ڕای نوسەران | ٧٨ |
| پرسەکانی فرەلایەنی و ئەتنی | ٧٩ |
| پیادەکردنی بنەما ئەخلاقیەکان | ٨٠ |
| ڕاستگۆیی و بنەما ئەخلاقیەکان | ٨٠ |
| ڕۆڵی ڕاگەیاندنی ئازاد و سەربەخۆ لە بیناکردنی دیموکراسیەتدا | ٨٢ |
| کێ ڕۆژنامە چیە؟ | ٨٤ |
| ڕۆژنامەگەری و خزمەتکردنی بەرژەوەندی گشتی | ٨٥ |
| ئازادی ڕۆژنامەگەری | ٩٣ |
| بەرپرسیارکردنی حکومەت | ٩٥ |
| روناکی خستنە سەرکێشەکان | ٩٥ |
| هوشیارکردنەوەی هاولاتیان | ٩٦ |
| دروستکردنی پەیوەندی لەنێوان هاولاتیاندا | ٩٧ |
| بنەمای یاسایی ڕۆژنامەگەری ئازاد | ١٠١ |
| ریشەی مێژوویی | ١٠٢ |
| کۆتە پێشوەختەکان | ١٠٤ |

| | |
|---|---|
| سوكايەتی پێكردن | ١٠٧ |
| تاوانی ناوزڕاندن و یاساكانی رسواییكردن | ١٠٨ |
| تایبەتمەندی | ١١٠ |
| رۆژنامەگەری لەسەر دەمی ئینتەرنێتدا | ١١٢ |
| ڕاگەیاندن و جیهانگیری | ١١٦ |
| كاریگەری تەكنەلۆژیا لەسەر دەزگاكانی ڕاگەیاندن | ١٢١ |
| رۆژنامە | ١٢٤ |
| رۆژنامەی ئەلیكترۆنی | ١٢٥ |
| سانسۆر | ١٢٧ |
| ئینتەرنێت و حكومەت | ١٢٨ |
| پێناسەی حكومەتی ئەلكترۆنی | ١٣٤ |
| دیموكراسیەتی ئەلكترۆنی | ١٣٥ |
| بەرێوەبەرایەتی ئەلكترۆنی | ١٣٦ |